


# Golden Age Of Rabbits

Ali zirek

# چاخی زێڕینی کەروێشکەکان

## گوڵبژێرێك لە نووسراوەکانی ساڵی 2011

عەلی زیرەك

# چاخی زێڕینی کەروێشکەکان

## گوڵبژێرێك لە نووسراوەکانی ساڵی رابردووم
## (2011)

بە قەڵەمی: عەلی زیرەك

# پێڕێست


پێشەکی 7

کوردی هەزارەی سێهەم 9

مانیفێستی لیبراڵی کورد 13

سیناریۆی پاش کشانەوە 23

چاکسازی نێگاتیڤی ئێرانی و ئاکامەکانی گەڕانەوە بۆ دواوە 28

ژنان و خەباتی گەردوونیی ئینسان و پرسی ئازادی 39

ئیتر دوژمن بە سوپایەکی گرانەوە نایەتە سەر وڵاتەکەمان 44

کەسایەتی ناوداری جیهانی و دۆستی ئازادیخوازان "ڤاتسلاڤ هاڤێل" کۆچی دوایی کرد. 53

ئیتر نابێ یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بدەین، پشت ڕاست بکاتەوە!؟ 57

هەژموون و خەیاڵی کورد و ئامانجە نوێیەکانی ئێمە 65

با بە ڕێزەوە خۆمان وەدەر نێین، هەتا لە سەر سفرەکە دەرنەکراوین...! 73

"کۆنفرانسی نەتەوەیی" لە دوو بواری جیاوازدا (بەشی یەکەم) 77

"کۆنفرانسی نەتەوەیی" لە دوو بواری جیاوازدا (بەشی دووهەم) 85

دەهەمین ساڵیادی 11ی سێپتامبر و وتەیەکی بەرپرسیارانە 90

دەروازەی پێوەندییەکانتان بە قوڕ دەگرین!؟ 97

دۆلارەکانتان بۆ پاراستنی دۆلارەکانتان بدەن بە جەنگاوەرەکان 108

ناسیونالیسم علیه پان ایرانیسم (بخش نخست) 122

ناسیونالیسم علیه پان ایرانیسم (بخش دوم) 126

خومەینی دوێنێ لە پابۆسی پێشەوا بوو! 140

کاتێك کورد سەربەخۆ دەبێت، ئیسرائیل دراوسێی ئورووپایە! 143

ئەگەر هەموو کورد یەکدەنگ بین 150

بانگەوازی لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن 152

ئێمە بۆچوونمان وایە کە، بە هێرشکردنەسەر ئازادییەکانی خەڵك هیچ ئازادییەك بەرهەم نەهاتووە 155

بانگەوازێك بۆ پێکهێنانی "یەکیەتیی نەتەوە و پێکهاتە ئەنفالکراوەکانی دنیا" 157

ڕێکخستنی فێستیڤاڵێك بۆ "ئەنفال" 160

رای پادشاه و دین چنین است !؟ 163

ساڵی 2012 : کۆتایی جیهان، یان دەسپێکی ژیان لە جیهانێکی تازەتردا !؟ 167

با سکاڵایەك لەسەر ئەم جینایەتکارانەش تۆمار بکەین! 190

دەبێ باس لە کامە بەرە بکەین؟ 192

بەرەی چارەسەریی کێشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان 199

دوایین پەیامی سەرهەنگ "چیای کوردستان" بە ریوایەتی ئینتێرنێت! 210

ئێستا کە کورد هێندە حەزی لە خەباتی چەکداریە، بۆ چەکەکانیشی نوێ ناکاتەوە 214
ڕووداوەکانی ئێران چی ئەڵێن؟ 217

ڕۆژی دیالۆگی نیشتمانی 220

تاکە ڕێگا، بۆ کورد 225

# "چاخی زێرینی کەروێشکەکان"

نەوەی تازەی ڕاگەیاندکار، بە پشت بەستن بە تێکنۆلۆژیای سەرەدەمی زانیاری و پێوەندییەکان قۆناغی کلاسیکی ڕاگەیاندنی تێپەڕاند.

لەقۆناغی کلاسیکی ڕاگەیاندندا زۆر کەس بۆیان نەبوو خاوەنی بەرهەم بن. زۆرکەس بۆیان نەبوو خاوەنی گوێ بۆ بیستنی دەنگەکان و خاوەنی ئامرازی پێوەندیکردن و خاوەنی توانای ڕاگەیاندنی فکری خۆیان بن.

لە قۆناغی تازەدا گوێکان کرانەوە. زەینەکان ئاگادار بوونەوە و هۆشیارییەکی مەزن باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا.

لەقۆناغی تازەدا ملهۆڕەکانیش لەترسی ئەوەی بایکۆت نەکرێن، خۆیان تێکەڵ بەتۆڕە جەماوەرییەکان کرد.

خاوەنانی ڕاگەیاندنی کلاسیک ئیتر ئەو پێگەیەی جارانیان نەما و ڕاگەیاندکاری تێکەڵ بە دنیای پێوەندییەکان، بوو بە خاوەنی پێگەیەکی گەورەی جەماوەری و جێگای بە خاوەن هێزەکانی ڕابردوو لێژ کرد.

ئەوە بوو باڵانسی هێز گۆڕانی بەسەر دا هات و ئێمەو مانانیش کە بەشێك بووین لەو خنکاوانەی ڕابردوو، دەروازەیەکی گەورەی کراوەمان بەرەوڕووی خۆمان بەدی کرد.

لەوانەیە زاراوەی"نەوەی سپی"تان وەکو پڕۆژەیەکی جیاوازتر لە کاری نووسینی ڕابردوو، لە زمانی منەوە بیستبێ و ئەوەش

حیکـایەتی ئەم نەوە تـازە بـێ رابـردوو کـراوە، تـازە هەڵتۆقیـوەیە کە دەیانەوێ دنیـاکەی خۆیـان و دەوروبەریـان بگۆڕن... بەڵام بەگوێرەی ئەو حەزانەی خۆیان هەیانە و هەموو رۆژێکیش قەبارەیان گەورەتر دەبێت.

راگەیانـدن و پێوەنـدیکاریی ئینتێرنێتـی ئەو دەرفەتەی بـۆ "نەوەی سپی" نەوەی بـێ پـێگەو خنکـاوو وەلانـراوو بـایکۆتکراوو جیـاوازی جـاران رەخسـاند کە بەرهەمەکـانی خـۆی بخـاتە بەر دیـدی هاوتەمەنەکـانی. ئەوانەی لە10 سـاڵانەوەتا 100 سـاڵەکان، ئەو بەتەمەنـانەی سـەر بەنەوەی رابـردوون بەڵام هـاوخەم و هاوکێشـەن لەگەڵ ئەم نەوە سـپییەدا و وەکـو ئەمـیش بـایکۆتکراون- نەوەی جیـاوازی جـارانن و هاودەنـگ لەگەڵ ئەم نەوەیە دەقریشـکێنن: ئازادیمان دەوێ و مەمان کوژن!؟

ئەمە لەوانەیە دەنگێکـی تازەبێـت. ئەمە لەوانەیە قۆنـاغێکی تـازەی چـالاکیکردن و راگەیانـدن و گواسـتنەوەی بیـروڕا و ئـاڵوگۆڕی زانیـاری بێـت و لەوانەش نیـیە، تـاکوخۆی سـەقامگیر نەکـات، بکشێتەوە و لەراستیدا ئەم حـاڵەتە نـاوازەیەی ئێستامان کشانەوەی بۆ نییە.

ئـێمەش دەنووسـین و هـاواری تاکەکەسـی ولیبراڵییـانەی خۆمـان بەرەوڕووی داگیـرکەران و زەوتکەرانـی ئازادییەکانمـان ئەکەینـەوە و پێیان ئەڵێین: تکـایە ئێمەنامـانەوێ دەستمان بەخـوێنی ئێوە سـوور ببـێ. ئێمە سپی- ن وەکوبەفرو مانگەشـەوو... بە جێمـان بێڵن تـاکو خۆمـان، خۆمان بەڕێوەببەین...

(کۆتایی)

# کوردی هەزارەی سێهەم : نەتەوایەتی و لیبرالیزم

"لە مەو بەدوا ئـێمە تەنیـا بیـر لە یەك شـت ئەكەیـنەوە، ئەویـش بەرژەوەنـــدیی نەتەوەییمـــانە.لە هیچكەســـیش ئیجـــازەی"بوون" وەرناگرین.
هەر ئەوەی ئیرادەی ئەوەمـان كـردوە، بوونمـان هەبـێ، كەوابـو... هەین و... دیسانیش هەین.
مەعـــریفەی پێچەوانەیـــی (پـــێچەوانەی مـــۆڕاڵی كوردكـــوژی جـــاران) ئاوامـــان پـــێ ئەڵـــێ: لەكەس مەپـــاڕێوە!... راوەســـتە! لەخۆباییبوونی ئەوان تا سەر نییە. دێن و لێتـان دەپاڕێنەوە یارمەتییـان بدەن... كەچی دەبێ وریاتر لە جاران بین و نەدۆڕێین.

"مادستان " ی ئێمە

لەگەڵ سـەر هەڵدانی نەوەی تـازەی وڵاتەكەمانـدا زۆرجـار گـوێم لە گوتاری نەتەوەیی و گوتاری كـوردیی پڕ لە سـەرنجەوە بـووە، كەچـی نەمتوانیـوە بەو قەنـاعەتە بـگەم كە ئەم گوتـارە هەڵقـوڵاو لە رۆحـی داگیرنەكـراوی كـوردێكەوە بێـت، كە بـیەوێ "شـوناس"ی كـوردم بە تەواوەت بۆ پێناسـە بكـات. بۆیەیش ئەم بـابەتەم هێنـایە گـۆڕێ، بەڵكـو بـابەتێكی وروژێـنەر بێـت. وشـەی "كوردسـتان" بە هـۆی ئەوەوە كە پڕاوپـڕ نـاتوانێ هەمـوو خـاكی كـوردان لە خـۆبگرێ پێویســـتە

ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت. لاتان سەیر نەبێت، من بەڵگەو فاکتی تایبەتم بۆی هەیە.

خۆ لەوانەیە"مادستان" جوانترین وشە بۆ ناوی وڵاتی ئێمە نەبێ، کەچی وشەیەکی تێرو ... پۆشتەو پەرداخترە.بەم بۆنەیەوە هەم رەگ و بنەچەی نەژادیی کورد، کە لە کاتی ئێستادا لێکترازانێکی پێوەدیارە یەکدەگرێتەوە (کە زۆرترین هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ هەژموون و باڵادەستیی ئایدۆلۆژیای " شیعەی پان ئێرانی" و "شیعەی پان عەرەبی – ئێرانی"... کە بەشێکی گەورە و دەوڵەمەندی لە خاکی کوردان، بە هۆی هەستی ئاینییەوە بۆ خۆی بچڕیوە) و هەم لەو بەشەی باشووری کوردستانی گەورەیش، کە رەسەنترینەکان لەوێن و لوڕ و لەك و فەیلی و... لەخۆدەگرن ، دەکۆڵینەوە، کە لە راستیدا بە هۆی دەسەڵاتی ئاینەوە ساڵانێکە لێیان دووریـن و پێویستە خۆمان لەو دەسەڵاتەیش رزگاربکەین کە ساڵانێکە دەمانباتەوە بۆ دۆخی سەرەتاکانی خۆی و راگیرمان دەکات بۆ ئەوەی کۆیلەی ئەوان بین.

بازدان بەسەر مێژودا بۆ کاتی ئێستامان لە هەموو کاتێك مومکینترە و لەیادکردنی قۆناغێکی پاسیڤکەریش دەتوانێ زەینی ئێمە زیاترهۆشیار و ئاگادار بکاتەوە. قۆناغەکانی سەردەمی خەلافەت و پاشاکانی ئیسلامی و عوسمانی ... تا پەهلەوی چەندین سەدەی خەونکوژی ئاڵۆزی مێژوی کوردانن، کە بەشێکی زۆر لە چارەنووسی زیندەبەچاڵکراوی ئێمە لەو قۆناغانەدا نێژراوەو دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکەین.بەستنەوەی قۆناغی راپەڕین و دواترین سەرکەوتنە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی ئەم دواییە بە قۆناغەکانی گەشەی شارستانییەتی خۆمانەوە، ئەوەمان بۆ دیار ئەخات، کە ئیرادەیەکی پاڵنەری گشتی هەیە، دەیەوێ ئەو رابردووە پڕ لە هەژموونی رۆحی بێگانەیە بسڕێتەوە و بە بەستنەوەی سەردەمی

ئێستامان بە رۆژگارە شادومانەکانی دەمی ئیمپراتورییەتی"میدیا"وە دووبارە پێناسەمان زیندوو بکاتەوەو "چی "بونی ئێمە بسەلمێنێتەوە.بەم پێیە ئێمە دەبین بە خاوەنی چەندین هەرێمی گەورە و پارێزگا، کە لە ئاکامدا "مادستان" پێکدێنین.شەش هەرێمی گەورەی خوارەوەیش بە هۆکاری تایبەتەوە حکوومەت و خاکی مادستان دروست دەکەن.1- مادی باکور2- مادی رۆژئاوا3- مادی نێوەڕاست4- مادی گۆران5- مادی کەڵوڕ6- مادی لوڕئامانج لە بەرینکردنەوەی ناوی "کوردستان" و گۆڕینی بۆ "مادستان" دوو خاڵی سەرەکییە: ۱- سیاسەتی ولاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا وایکردووە، بەشێك لە ناوچە سنوورییەکانی ئێمە، لەباری ئایینی و ئێتنیکییەوە تووشی قەیران ببن.

بۆ نموونە لوڕەکان و هەورامی و شەبەك و ئێزدییەکان 4 لقی رەسەنی تووشبوو بەم قەیرانەن، کە زۆرجار دەنگۆی سەربەخۆخوازیی ئەوانمان بیستوەو توشی دڵەڕاوکێیان کردوین کە مەبا وڵاتەکەمان تووشی لەتبوونی زیاتر ببێ

۲- گۆڕینی ستراتێژیا و گوتاری سیاسیی کورد، لە حاڵەتی"پاڕانەوە"وە بۆ حاڵەتی "فراوانخوازی" و پڕاوپڕ جێگیرکردنی نەتەوایەتییەکی مۆدێرن، کە پرسە لۆکاڵییەکان و گرفتە ترادیسیۆناڵییەکانمان کەم بکاتەوە و بمانخاتە سەر هێڵی : (شوناس=نەتەوایەتی=پرۆژەی بەرینی هەژموونیکی ئینسانی) یانی مرۆڤدۆستیی ئێمە دەنگۆی دەسەلاتەکەمان بێت.لە کۆتاییدا دەخوازم لە گۆڕانکارییەکان نەترسێین و پێش لەوە ئەوان بەو ئایدیا چڵکنانەوە بەسەر ئێمەدا زاڵبن، ئێمە خاوەن بیرۆکەیەکی هەژموونیکی ئینسانی بین و ئەوان بەرەو لای خۆمان راکێشین.بەم شێوەیە هەژموونی کوردیی پێچەوانەی ئەوان دەبینین کە هەموو پانتاییەکانی رۆحی

کــوردیش دەگرێتەوە.دواکۆتـــا دەتـــوانین شـــتێك بڵێـــین: ئـــێمە ئەوان نین...شتێکی دیکەین!

لە بـاری دابەشـکردنی ئێتنیکییـەوە زۆر جـار بە هەڵە لێکـدانەوەیان بۆ کۆمەڵە بـابەتێکی سۆسـیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیای سیاسـی کـردووە، کە کارەســاتی لێکەوتووەتەوە.بـــابەتی دابەشـــکردنی کـــورد بەســـەر "ئـاری" یـان "ئیسـلامی"دا یەکێـك لەو بابەتـانەیە کە ویژدانـی دنیـای خۆرئـــاوای تووشـــی ڕامـــان کردووە،ئەگەرچـــی هێشـــتا لە قۆنـــاغی ســـــەرەتایی خۆیـــــدایە و پێویســـــتی بە رونکـــــردنەوەی زۆرتـــــر وکاریگەریـدانان لەسـەر خۆرئاواییيەکـان بـۆ گـۆڕینی ئەو چەمـك و بنیاتە مەعریفییانەن کەماڵی کوردی توشی زەرەر کردووە.

..................................................................................

سەرەتاکانی ٢٠١١ و لاپەڕەی
خۆم http://www.facebook.comی

# مانیفێستی لیبراڵی کورد

شۆڕشەکانی کورد لە دوو سەدەی رابردوودا، بە بەردەوامی هەستاون و پاش ماوەیەك دامرکاونەتەوە، یان بەرەو لاوازی رۆیشتوون، یان لە جێگەی خۆیاندا ماونەتەوەو پێشکەوتنێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە نەبینیوە.دیارە لێرەدا زۆرترمەبەست شۆڕشی کوردەکانی رۆژهەڵاتە.

ئەم هەڵچوون و داچوونانەیش کۆمەڵە پرسیارێ لە زەینی هۆشیاری نەوەی تازەدا دروست دەکەن. کۆمەڵێ چەمکی تازەو بابەتی تازە بە زەینتدا دێن و دەچن و جاری وایشە، خەیاڵی دیزاینی ئەو شێوە خەباتە کە ئەوان بە ئەنجامیان گەیاندووە، دەتباتەوە بۆ رابردوو.

پرسیارەکان بە دوای یەکتردا ریز ئەبن، بەڵام لێکدانەوەکانت بۆ سەردەمی ئەوکات جێی سەرنج و تێڕامان نابن و زۆریش خەوناوی وەسف دەکرێن.

وایە، لەباری ئێستاتیکییەوە هەڵسەنگاندنی رابردوو بە پێوانەی(پۆست)ەکانی ئێستا دروست نییە، کەچی هەر بە پێوانەی ئەو کاتیش تووشی تێڕامانت دەکەن.

ئەو رێگایانەی ئەوان ڕچەو شوێن پێیان هەڵگرتبوون،مەخابن بەرەو مەبەستی سەرەکی نەیدەبردین. بۆیەش باشترین شارەزایان و چاوساخەکانی ئێمە لەو رێگایەوە بەرەو ڕووی بیابان ئەبوونەوەو لە تۆفانی ناهومێدیی یاسا و رێسا لماوییەکانی ئەو کاتەدا نوقم دەبوون و دەخنکان.

بۆ ئەوەی کەموکورتییەکانی رابردوو دووپات نەبنەوە، دەبوا هەوڵەکانمان وەگەڕ بخەین.

چارە چی بوو؟ یان (چ سرڕێك لە ناو جەرگەی خەباتدا بە نهێنی و... بارگاوی بە تەلیسمی نەشکاوەوە مابوو، کە خۆی ئاشکرا نەدەکرد، بۆ ئەوەی درگای سەرەکیی دەربازبوون لەو قەیرانەمان پێ بڵێت؟)

ئەمە ئەو پرسیارە سەیرە بوو، وایلێکردین، بەدوای وەڵامدا بێ ئەوەی بەرەو بیابان بڕۆین،دابنیشین و تێبفکرێین.

بەو تێفکرینە تازەیەوە بوو: مانیفێست و پرەنسیپەکانی وەچەی نوێ (لە سەر بنەمای 1- بەجێهێشتنی رابردوو 2-باوەڕ بەخۆبوون3-پێشنیارکردنی رێگاچارەیەکی باش بۆ کەمکردنەوەی کەموکووڕییەکانمان کە بۆ زۆر کەس ناوبردنی ئەم شێوە خەبات و سیستەمە وەکو عەیبە و شەرمی لێهاتبوو) لەدایك بوون.

پێناسە: مانیفێستی لیبراڵی کورد یانی وەئاگاهاتنەوەی تاك بە تاکی ئێمەو نەوەستان تاکو گەیشتن بە قۆناغی هۆشیاریی بە ئامانج گەیشتووی خاوەن پرۆژەی بەردەوام

بنەمای لیبرالیزمی کوردی لەسەر چاککردنەوەو داڕشتنەوەی سەردەمیانەی پێکهاتە و بەرنامەی سیاسیی کورد بۆ هەزارەی نوێ وەستاوە.بە کورتی لە چەند خاڵێکدا دەتوانین مەبەستی خۆمان بناسێنین:

1- چاککردنەوەی رەسەنایەتی و کلتوور بە گشتی و سڕینەوەی ئاسەواری خراپی بێگانە.

2- دروستکردنەوەی دۆخی نالەباری پەیوەندیی نێوان تاك و گرووپ و هۆزەکانی سەر بەم ناسیۆنە و ناساندنەوەی خۆیان بە خۆیان و دروستکردنی گیانی لێبووردەیی نەتەوەیی، لە پێناوی

سڕینەوەی تەمی قەیرانی شوناسی میللیماندا و ئاشتبوونەوەی تاکەکان .

3- ساخکردنەوەی چوارچێوەی خاکی کوردستان ، کە بە هۆی لەخۆبێگانەبوون و سیاسەتی دوژمنکارانەی نەتەوە باڵادەستەکانەوە و تێنەگەیشتنی ئێمە لەو خەسارە گەورەیەی لێمان کەوتووە، بەشێکی زۆری ناوچە گرنگ و ستراتیژیکەکانمان خەریکن تێکەڵ بە مێژووی کورد و ئاسەواری بەجێماوی نەتەوەکەمان دەبن، کە لەوانەیە وا دەربکەوێ(ئێرەیان بە جێهێشتووە یان بەهۆی نەهامەتییەکەوە کە تووشی هاتوون) خەریکن ناسنامەی خۆیان دەسڕنەوەو لە رۆحی کوردی بەتاڵ دەکرێن.

4- رێزگرتن لە مافی (تاك) بۆ دروستکردنی کەسی بیرکەرەوەی ئازادیخوازی کورد، کە بە پرسیار لە خۆی و دەوروبەری( چییە؟ کێیە؟ لەکوێی ئەم جیهانەدا وەستاوە؟ ئەرکە گەردوونییەکانی ئەو چین؟ چەندە جێی بایەخ و سەرنجە؟ چەندە بایەخی پێدراوە؟ دەبێ چی بێت... چۆن بکات و چۆن بڕوات؟...)و هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر ئەو چەمکانەی، مافەکانی ئەم دێننە ژێر پرسیارەوە، سەردەمیانە و لە درێژەی ڕەوت و پڕۆسەیەکی چالاك و بەردەوامدا، بە بەردەوامی خۆی دابڕێژێتەوە. واتە ببێ بە تاکی هەستیار و هۆشیار، کە گوێ لە دەنگی چرکەکانی رۆژگار بگرێ و لەو ڕەوتی کارو چالاکییە بەردەوامەی خۆیدا، سوود لە دەرفەتەکانیش وەربگرێ. واتە ئەگەر کارنامەو فایلی تاکەکانی ئێمە دەوڵەمەند بن، کورد دەوڵەمەند و لە ئامانجەکانمان نزیك ئەبینەوە.

5- کامە پڕەنسیپ دەبێ ببن بە یاسا نەتەوەیی¬یەکانی ئێمە(لە نێو خۆماندا) کە بە بێ دەوڵەتیش و لە ژێر باری ستەمکاریی بێگانەدا بتوانێ، رۆحی نەتەوەیی کورد بە کردەوە راگیر بکات و

گیـانی مـافخوازی و ئـازادیخوازانەی ئـێمەیش بەو پڕنسـیپە باشـتر و بەهێزتر ببێ، لیبراڵی کورد پەرەی پێدەدا.

6- دوور کەوتـــنەوە لە خەونـــی پـــاوانخوازانەی ناوەنـــد گەرا و کـارنەکردن بە چەمکـی کلۆنیالیستیی بێگـانەی وەکو ئۆممەت و پـان (عەرەبیــزم و تــورکییزم ) و شــۆڤینیزمی فــارس و... گەڕانەوە بــۆ ناخی خود.

7- کۆمەڵگـایەك سـەرکەوتووە، تاکەکـانی سـەرکەوتوو بن.تـاکی کــوردیش تــاکێکی نغــرۆ و پلیشــاو بووە.بــۆ بنیاتنــانەی کۆمەڵگــای رووخــاوی کــوردی، دەبــێ کەســایەتی رووخــاوی تاکەکــان بنیــات بنێینەوە.کە وابوو: با ئێمە رێز لە خۆمان بگرین. دەبێ دنیایەکی تـازە دروسـت بکەیـن... دنیـای چـوون بـۆ نـاو ریـزی مرۆڤە سەربەسـت و هۆشیارەکان.

8- کۆمەڵگــای کوردســتان لە مێــژە لە رۆژهەڵاتــدا هەنگــاوی بەرەو مـــۆدێرنیتە هەڵگرتـــووە، کەچـــی بە هـــۆی پێشـــێلکاریی مافەکـــانیەوە بە دەســـتی حکوومەتەکـــانی پاشـــایەتی و ئیســـلامی، نەیتوانیوە رێکخـراوی گەورەی مەدەنیی بەرهەڵستکاری دەسـەڵات بۆ سنووردانان بەرانبەر بەحکـوومەت دروسـت بکـا کە دەربـڕی ویسـت و خواستە مەدەنییەکانی میللەتی کورد بن.

بەسـەر ئەوەیشـدا کە کۆمەڵگـای مەدەنیـی کوردسـتان نەیتوانیـوە سیسـتەمی جێگیـری خـۆی بنیـات بنـێ و کـار بـۆ نیازەکـانی خـۆی بە شـێوەیەکی کانـاڵیزەکراو بکـا، کەچـی توانـای ئەوەی تێـدایە، زۆر خێـراو لە سـەر بنەمـای نافەرمـانیی مەدەنـی، دەسـەڵاتی زاڵ ملکەچـی بریارەکـانی خـۆی بکـا. گرفتـی ئەوان لەوەدابـووە، سـەرکردایەتییەکی لیبــراڵ نەبــووە، کە بتــوانێ ئەو رێکخســتنانە لە قــازانجی میللەتــدا رێبەری بکا.

ئەرکی لیبرالی کورد ئەوەیە، هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێوان خۆی و ڕێکخستنە خۆرسکە جەماوەرییەکان، بە روونی وەکو گەلاڵەیەکی نوێ بخاتە بەرباس و ببێتە پاڵپشت و سەنگەری خەباتی جەماوەریی کورد لە کوردستانا.

9- یاسا یەکێك لەو بەربەستانەیە، لایەنی دەسەڵات بۆ پێشگرتن لە ئامانجەکانی جووڵانەوەی کوردو گەلانی دیکە دایناوە. ئەرکی ئێمە ڕێکخستنی خەباتێکی گەورەی پارلمانی سیاسی لەو گۆڕەپانەدا دەبێ، کە هیچکام لەو کاندیداتۆرە ناشیرینانەی کە دەسەڵات پەسندیان ئەکا، نەوێرن لە ترسی هێزی ئازادیخوازی خەڵکی خۆ بپاڵێون و لە ئاکامدا لە کوردستانەوە وەکو نموونەیەکی ناوچەکانی دیکە، کەسانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بەرەو پارلمان بەڕێ دەکرێن. ئەمەیش کاریگەری لە سەر دەسەڵات دەبێ. پارلمانی توندڕەو ببێ بە پارلمانی خەڵکی و نەرمترو بە خەباتی پارلمانییش کۆمەڵێ خاڵی خراپی دەستووری ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ و ئەگەر ڕێگرییان لێکرا، درگای پارلمان ببەستن.بەڵام ئێمە هەموو کات لە قازانجی خەڵکدا( بە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی زاڵ و پاوانخواز) هەڵوێست دەگرین.

ئەمەیش یەکێك لەو خاڵە سەرەکییانەی جووڵانەوەی لیبرالی کوردە، کە لە خەباتی خۆماندا شان بە شانی هێزە مەدەنی و نیشتمانییە ڕاپەڕیوەکان بە کاری دەهێنین.

9- کۆمەڵگای کوردستان کە بە(هێند_ی جیهانی ئیسلام) ناوبراوە، شوێنی کەمایەتییە جۆربەجۆرەکانە و بەو پێیەیش پێویستمان بە کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای کرداری کۆمەڵایەتییە، تەبایی نێوان ریزەکانمان پتەوتر بکا.

لێبووردەیی و فرەبیخوازیی لیبراڵییانە یەکێك لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو خەباتێکی یەکگرتووی میللی یە.
لە راستیدا ئێمە وەکو لیبرالەکانی کوردستان، کار لەسەر پرۆسەی بەختەوەرکردنی کۆمەڵگا ئەکەین و دەمانەوێ هەر لە ئێستاوە ، هەست بە بەختەوەریکردن لە ناو کۆمەڵگادا بە پێرەو کردنی دەستوورە لیبراڵییە ئینسانییەکان، بە کردار و رەوشتی ئازادیخوازانەی خۆمان ، لە زەینی ئەواندا وێنا بکەین.وابکەین: تاك بە تاکی کورد بە مافەکانی خۆیان ئاشنا ببن و داوای مافە سروشتی و سیاسییەکانی خۆیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەیش بە پێویستی دەزانین، مرۆڤی کورد لە گەڵ خۆی و مافەکانیدا ئاشت بێتەوەو بە یەکیەتییەکی تازەوە بۆ دابینکردن و وەدیهێنانیان هەنگاو هەڵگرن.
11-برەو پێدان بە دێمۆکراسییەت بەو شێوەی لە وڵاتانی ئازاددا، میدیا و دەنگی سەربەخۆی دروستکردووە.
رۆژ نییە لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا- بە تایبەت ئامریکا – تاقم و لایەن و گرووپێکی داهێنەر، بە ئاست و بەرنامەی نوێ و سەمەرەوە، کە حیکایەتی جیاوازییەکانی مرۆڤ لە گەڵ یەکترن، سەرهەڵنەدەن و بەو هۆیەیشەوە ئۆرگانیزمی بچووك و گەورەو نوێ و نوێتر( بۆ دەربڕینی نیازەکانی مرۆڤ)لە دایك نەبن!
12- گرێنتی کردنی ژیانی تاکەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئازادیی سیاسی لە ئاستێکی بەربڵاودا کە هەموو رەگەزەکان تێیدا بە ئارامی و متمانەو دڵنیایی لە گەڵ یەکتر بجووڵێنەوە و هەڵسوکەوت بکەن.
13- رەوتی داهۆڵسازیی (مترسکسازی) کوردی دەبێ بگۆڕدرێ بۆ ڕەوتێکی ئینسانساز .

لەبەر ئەوەی خەڵکـــی بـــۆ جـــارێکیتر بـــاوەڕ بە سیاســـەت و سیاسەتوان بـکەن، کە ئەمـانە دەیـانهەوێ لە ڕەوتێکـی ملهـۆڕەوە بـۆ ڕەوتێکـــی خزمەتگـــوزار و چـــاکەخواز ئـــاڵوگۆڕ لە بەرنـــامەو ئەرکەکانیاندا بکەن.

14- ژنـــان گەورەتـــرین کەمـــایەتیی دنیـــا لە دەســـەڵاتدان. کەچـــی خۆیان زۆرترین ڕێژەی حەشیمەتی دنیا پێك دێنن.

بـزووتنەوەی ئـازادیخوازانەی ژنـانی فیمینیسـتی کـورد کە وەکـو بەرهەم و پێکهـــاتەو ســـنووردارێتی ، لەمپەڕێکـــی گەورەیـــان لە بەردەمـــــدا بـــــۆ دروســـــت بـــــووە، ئەگەر لە لایەن هێـــزە ڕزگاریخوازەکـــانەوە پشـــتگیری تەواو بکـــرێن، دەتـــوانن بەشـــێکی زۆری ئەرکە نەتەوایەتییەکانی کورد ڕاپەڕێنن.

ئـێمەی هێـزی لیبراڵـی کوردسـتان لە پەروەردەو پێگەیانـدن و پشـتگیریی کەسـایەتیی ژنـی کـورددا هـیچ چەشـنە کەموکـورتی و درێغـی¬یەك نـانوێنین و لە ڕەخسـاندنی هەلـو مەرجـی ڕەگەزیـی یەکساندا بۆ بە دەستهێنانی یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆڵـی کارا دەگێڕین.

15- دوورکەوتـنەوە لە خەبـاتی کـاتۆلیکی و سـوننی¬گەرایـانە و هێنانە مەیدانی تەواوی کەمایەتییە گەورەکـانی وەکو کوردەشیعەکان، لـوڕ و ئەهلـی¬هەق و کـاکەیی و جـووە کـورد و کریسـتیانە کـورد و غەیـری کوردەکـان و... تەنـــانەت کەمـــایەتییە غەیـری کوردەکـانی نیشتەجێی خاکی کوردستان.

16- لەگەڵ ئەوەیـدا نکـوولی لەوە نـاکەین، ڕەخنەیەکـی زۆر لە لایەن کـوردەوە لە سیاسـەتی شۆڤینیسـتیی فـارس و تـورك و عەرەب، بەرانـبەر بە کێشـەی نەتەوەیـی کـورد گیـراوە، کەچـی خوازیـاری تەبایی نێوان نەتەوەکـانی ئێران و دراوسێکانی خۆمـان دەبین و هەر

لەو کاتەیشدا دەمانەوێ، ئەوان وەکو نەتەوەیەك قبوولّمان بکەن و دیان بە سەروەریی ئێمە لە خاکی کوردستاندا بنێن.

قبووڵی جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوان، خاڵی مەرجداری ئێمە بۆ دەستپێشخەری لە هاوکاریکردن و هاوخەباتیدایە.

17- ئێمە بە جێگەی ئەوەی لۆمەی هێزەکوردستانییەکان بکەین، داوایان لێ¬ئەکەین و هانیشیان ئەدەین، قبووڵی ڕای جیاوازی یەکتر بکەن و لە خزمەتکردن بە ئامانجە میللییەکانی خەڵکی کوردستاندا و دانی پڕۆژەی هاوبەش و گەورەتردا ڕۆڵی کارا بگێڕن. ئەمەیش لە قازانجی هەموو حیزب و هێزەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا دەبێ.

کەوابوو ئێمە دژایەتیی هیچ گرووپ و لایەن و حیزبێکی کوردستانیی خزمەتکاری ئامانجەکانی جووڵانەوەی کورد ناکەین و ئەوەی هاوکاری میللەتەکەمانە، ئێمە دەستی هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی بۆ درێژ ئەکەین.

ئێمە لە پەرەپێدانی دۆخێکی مەدەنی _ شۆڕشگێڕیدا تێدەکۆشین و پشتیوانی لەو ڕێکخراوانەیش ئەکەین، کە هۆشیاری و چالاکیی مەدەنی لە کوردستاندا بەڕێوە ئەبەن.

18-بە جیهانیکردنی دۆزی کورد یەکێك لە ئامانجەکانی لیبرالیزمی ئینسانیی فرەڕەهەندی کوردە. هەروا کە جوولەکەکان توانییان بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان، لە ئاستێکی جیهانیدا و بە شێوەیەکی بەربڵاو ، هەم هێزەکانی خۆیان یەکبخەن و هەم هاوپەیمانی گەورەی وەکو ئامریکاو بەریتانیا بۆ خۆیان دروست بکەن، ئێمەیش دەبێ بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی تازەتر و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووانەی گەلانی پێشکەوتوو، مەیدانی مافخوازی و ئازادیخوازیی نەتەوەیی خۆمان فراوانتر

بکەین و پشتگیری زیاتری جیهانی و ناوخۆییش بۆ خۆمان بەدەست بهێنین.

وەگەڕخستنی هەموو تواناکانی کورد، بۆ سەرخستنی یەك وشە واتە (کورد)، دەکەین بە ئامانجی سەردەمیانەی خۆمان ، بە بێ ئەوەی نکوولی لە ئاستی کارامەیی یەکتر بکەین.

19- کۆنسێرڤاتیڤی کوردی چییە؟ لیبرالیزمی شۆڕشگێڕانە چ واتایەکی هەیە؟ رۆشنگەریکردن و پشتیوانی لە دروستبوونی رێکخراوە مەدەنییەکان چ پێویستییەکی هەیە؟ ئایا سەردەمی ئێستا بۆ سەرهەڵدانی حیزبێکی شۆڕشگێڕی لیبراڵ گونجاوە؟ بۆچی سیاسەتی پارێزگارانە لە ئێستادا پێویستی بە پەرەپێدان(لەناو بازنەی سیاسەتی کوردیدا) هەیە؟ داخۆ بنەما کلتووری و نەریتی و ئەخلاقییەکانی ئێمە کەوتوونەتە مەترسییەوە، کە کۆنسێرڤاتیڤی کوردی خەریکن بۆ پارێزگاریکردن لەو بنەمایانە سەر هەڵئەدەن؟ هزری ناسیۆنالیستی و لیبرالیسم چەندە پێکەوە بەستراوەن، داخۆ هیچکام یەکتر لاواز ناکەن؟

ئەمانەی سەرەوە ئەو کۆمەڵە پرسیارەن، کە حیزبی لیبراڵی کورد بۆ وەڵامدانەوەیان و بۆ داڕشتنی گەڵاڵەیەکی (ناوچەیی _ جیهانی) ئامادەیی خۆی دەربڕیوە. واتە دەیەوێ لە نوێکردنەوەی شۆڕشدا رۆڵێکی ئیجابی بگێڕێ و شۆڕشی کورد بەرەو قۆناغێکی تازە ببات.

لە کۆتاییشدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە سەرەکیترین خاڵی ئەم مانیفێستە بوو، بەڵام بۆ ئەوەی لەبیر نەکرێ، لە کۆتایی نووسینەکەدا هێنامەوە:

20- دەوڵەمەند کردنی ¬کۆمەڵگا تاکە رێگا چارەی رزگاریی گەلی کوردە. ئەگەر وانەکرێ، پاش رزگاربوون لە داوی دیکتاتۆرەکان، دەکەوینە داوی برسێتی¬یەوە، کە ئەمەیان لە

دوژمنـــــی یەکەم پرمەترســــیترە. پەیڕەوکردنــــی سیاســــەتێکی دەوڵەمەنـدکراو بە ئـابووریی قـورس و قـایم، دەتـوانێ لەم سـەردەمی (پارە-سـەروەری¬)یەدا گرێنتیی ژیـانی نەتەوەکەمـان بکـات. گەر وا نەڕۆیـــن، ئەدۆڕێین.بـــۆ نەدۆڕانمـــان دەبـــێ بیـــر لە تێرکردنـــی نەتەوەکەمــان بکەینەوە.چونکــا ئەنجــامی شۆڕشــی گەلانــی برســی، کــۆیلەیەتی¬یەکــی گەورەتــر بەرهەم دەهێنێــت. یــانی ئەفســووس خـــواردن بـــۆ رابـــردووی ســـەردەمی دیکتاتۆرەکـــان دەکـــات بە حیکـایەتێکی مەزن، کە لە زەینـی خەڵکدا، بـازنەی رەنـج ئەسـتوورترو نەپسـاوەتر پیشـان ئەدات. ئەمەیش رەشـبینیی گشـتگیر بەرهەم دێنـێ و وا دەنـوێنێ کە کەس و گرووپەکـان لە کـاتی دەسـەڵاتداریدا جیاوازییـان نییە.

..............................................................

ساڵی 2009 داڕشتنی بۆ کراو سەرەتای ساڵی 2011 پێداچوونەوەی بۆ کرایەوە.

# سیناریۆی پاش کشانەوە

**(حکوومەتی داهاتوو، "حکوومەتی یاسا!" نییە، حکوومەتی جێبەجێکردنی بەندەکانی یاسایە)**

لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا، زۆرانبازییە گەورەکە دەستی پێکرد و ململانێی نێوان ئێران و ئامریکا، حکوومەتی تەوافوقیی عێراقی کرد بە دوو لەتەوە.

مالیکی فەرمانی گرتنی بۆ هاشمی دەرکرد و پێشێلکارییەکی دەستووریشی بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد. داوای وەرگرتنەوەی حەسانەی لە سالّح موتڵەگ کرد و حکوومەتە پڕ کێشەکەی خۆیی تا لێواری مردن برد و لە کۆتا بریاریشیدا وتی: ئەگەر پارلمان بە قسەی من نەڕوات، دەست لەکار ئەکێشمەوە. ئەوە بوو، ئێران گۆڵێکی گەورەی لە شیعەی عێراق کرد و جارێکیتر پابەندی بریارەکانی خۆی کردنەوە.

مالیکی دۆڕا؟!

مالیکی بوو بە قوربانیی فراوانخوازیی ئێران لە عێراق و ئامریکاش جارێکیتر، بە بێ سوپا و کارداری سیاسیی راستەوخۆ، سەلماندی، ئەو خوێنەی لە عێراقدا داویەتی هەر وا بە سانایی نابێتە قوربانیی دەسەڵاتی شیعە و دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی ئێرانی. چونکا پەیامە راستەقینەکەی ئامریکا پلۆرالیزم و دیمۆکراسی بوو بۆ عێراق، نەك دامەزراندنەوەی حکوومەتێکی بەعسیی شیعەی تازە و بەهێزتر کردنی پێگەی ئێران لە ناوچەکە. چونکا ئەگەر حاڵەتی دڵخوازی شیعە و ئێران روو بدات، دەسەڵاتەکەی ئەسەد قایم

دەبێتەوە و دروشمی "رێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ" دێتەدی و عێراق و سووریاش دەلکێن بە ئێرانەوە. ئەمە یانی رۆژهەڵاتی دیموکراتیکی ناوین نایەتە دی و ئیسرائیلیش دەفەوتێ، کە ئەم حاڵەتەش نامومکینە.

## دوو پایتەخت و دوو بەرەی سیاسیی جودا

نزیکبوونەوەی هاوپەیمانی کوردستانی و عێراقییە، ئەگەری گۆڕانکاریی تازەو
دانانی بە کۆتاییهێنان بە کێشەی کورد و جێبەجێکردنی ماددەی 140، یان راگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەرێمی عەرەبیی سوننەی عێراقی و لەوانەشە گۆڕینی ئاراستەی دەسەڵات بە قازانجی حکوومەتێکی (سوننە - کورد پەسند)ی لێبکەوێتەوە. کەچی کورد دەبێ لەم قۆناغەدا پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی بکات و لە ئەگەری جێبەجێنەبوونی مافەکانیدا، بەشداری لەو ململانێ بێ دەسکەوتەدا نەکات.
بەڕای من 2012 ئۆسلووبی سیاسی و رەوشی کارکردن لە سیاسەتی عێراقیدا دەگۆڕدرێت. کوردستان بە گشتی بەرەو ئاراستەیەکی باش ئەڕوات و دەبێتە پایتەختی راوێژ و پێکەوەهەڵکردنی قەوارەکان و یەکلاییکەرەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

## ئامریکا ئەمجارە چ پلانێکی بە دەستەوەیە؟

أ. ئامریکاش دەزانێ، پلۆرالیزم لە عێراقدا چارەسەر نەبوو!
لە تاقیکردنەوەی ئامریکادا بۆ ئەو حکوومەتانەی رووخاون، **"مۆدێلی لکاندن و بە زۆرەملێ پێکەوە ژیاندن"** ناوەڕۆکی خۆی لەدەست داوە، بۆیە ئامریکا مەجبوورە جامەژەهرەکە قووت بدات.

ب. جیاکردنەوەی سنوورەکان
کاتی ئەوە هاتووە حکوومەتی داهاتووی عێراق راسپێرن، مادەی 140 جێبەجێ بکات. خاکی داگیرکراوی کورد بگێردرێتەوە بۆ باوەشی کوردستان و سنوورەکان دیاری بکرێن. دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان کورد و عەرەب، بە قازانجی سوننە و شیعەشە!

ت. سێ دەوڵەتی خاوەن رێز
سەروەریی پارێزراوی عێراقییەکان بەستراوەتەوە بە رێزگرتن لە ماف و سەروەرییەکانی یەکتر و گۆڕینی چەمکی ململانێی سیاسی، لە یەکتر شکاندنەوە بۆ رێز لە یەکتر گرتن. هەتا نەگەینە قۆناغی هاوڵاتیبوونی یەکسان و سنووری دەسەڵاتەکان دیاری نەکرێن، ئەوا ململانێکان لە جێگەی خۆیدا درێژەی هەیە و گەلانی عێراقیش بەردەوام لە زەرەردان.

پ. سێ پێگەی سیاسیی جیاواز بۆ ئامریکا
لە کاتی دروستبوونی سێ حکوومەتی ناوچەییدا لەسەر خاکی عێراق، ئامریکا زیانەکانی قەرەبوو دەبێتەوە. دەتوانێ هەرێمێکی سوننەی بێ کێشەی وەك ئۆردونی ببێت. هەرێمێکی شیعەی خاوەن دێمۆکراسیی ببێت، کە کەرامەتی خۆی بەدەست بێنێتەوەو نەهێڵێ ئێران گەمە بە پیرۆزی و سەروەرییەکانیان بکات. کوردستانیش دەتوانێ ناوچەیەکی بازرگانیی وەك دوبەی بێت. ناوچەیەکی کشتوکاڵیی گەورە بێت و ئاوەدانییەکی گەورەش بە خۆیەوە ببینێ،

ئەگەر ئەم یەکەم مۆدێلە دێمۆکراسییەی ناوچەکە – لە دوای شەڕی ساردەوە – بپارێزرێت.

## مالیکیش دەزانێ، شەڕی ناوخۆ بە قازانج نییە!

ئەگەر باش بڕۆینە پێشەوە، لە ئێستادا سەرۆکایەتی عێراقییە، لەلای کورد بارمتەی ماددەی 140-ن!... ئەمە دروشمێکی تازەی سیاسییە و دەتوانێ بەشێك لەهەیمەنەی کورد لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ.

سەرۆکایەتیی سوننە تاکو ئەم ماوەیە لەوانەبوو، دانیان بە گەورەیی مالّی کورد و سەروەرییەکانی و مافەکانیدا نەنابێت، بەڵام لە هەڵاتنی سەرۆکایەتی سوننەوە لەدەست فراوانخوازیی مالیکی و شیعە و ئەگەری قوربانیکردنی سەرۆکایەتییەکانیان و سزادانیان وەکو لەسێدارانەکەی سەددام، دۆخی سیاسیی عێراق گۆڕا.

مالیکی لەگەڵ ئەوەیدا زانیویەتی شەڕ بە قازانجی نییە، خۆی کرد بە قوربانیی بارودۆخێکی تازە، کە دەستی ئێرانیش بەخۆیەوە لە عێراقدا کورت بکاتەوە.

ڕێگاچارە:

ئەگەرچی ئامریکا لەکاتی هاتنیەوە ڕای لەوە نەبووە، شیعە باڵادەست بێت و کوردیشی بە شیاوی ئەوە نەزانیوە ئەو ڕۆڵە یەکلاییکەرەوەی ئێستای طۆرِڤانی سیاسیي عیَراق ببینێ، بەڵام پێشبینییەکانی ئامریکا وا دەرنەچوون و مەجبوورە بۆ سەرکەوتن بە سەر ئێراندا لە ناوچەکە، پلانی خۆی بۆ عێراق بگۆڕێ. چونکا پێیوابوو، ئەگەر شیعەکان بگرێت، ئەوا بەرەو ئێران ناچن، کەچی شیعەی عێراق وەك پەپوولەی کوێرن و تاکە ڕووناکاییەکیش کە شکی ئەبەن، ئێرانە. **بۆیەش حکوومەتی داهاتوو، "حکوومەتی**

**یاسا!" نیـیە، حکـوومەتی جێبەجێکردنـی بەنـدەکانی یاسـایە** و بەمشێوەیەش لە تەنگژەی عێراق رزگاریـان دەبێت و ئەگەر نەکـرا، ئەوا عێراق پارچەپارچە دەکەن.

ماڵپەڕی: گوڵان و پارتی سەربەستی و بەیان و nnsroj

# چاكسازی نێگاتیڤی ئێرانی و ئاكامەكانی گەڕانەوە بۆ دواوە

پێش لەوەی شتێك باس بكەم، دەمەوێ بە پرسیارێكەوە دەست بە شیكردنەوەی بابەتەكە بكەم.

چاكسازییەكانی كۆماري ئیسلامی كەی دەستی پێكرد و چۆن كۆتایی پێهات؟
لە پاش كۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، كەسایەتییەكی مەترسیداری دووتوێی فایلە ئاشكراكانی كۆماری ئیسلامی وەكو سەرداری بنیاتنانەوە خۆی ناساند. ئەم كەسەش بە گوێرەی ریوایەتەكانی دووتوێی فایلە ئاشكراكراوەكانی رژێم لەم ساڵانەی رابردوودا كە ئەویان وەكو نوێنەری مەزنێتیخوازی و سیاسەتی ژیرانەی كۆماری ئیسلامی پێناسە دەكرد، بە تەنیا خۆی نەبوو كە شەرعییەتی بەو كردارانەدەدا و وەكو رازێكی تا ئێستاش هەڵگیراو ماوەتەوە. چونكا شوورای بكوژوبڕی نیزامی ئیسلامی كە بە نهێنی كارەكانی كۆماری ئیسلامی ئیدارە دەكەن و بە "شووورای رێبەری"ناسراون، تاكو ئێستاش بە نهێنی ماونەتەوە و چالاكییەكانی و كەسە پێكهێنەرەكانیشی بۆ خەڵكی نادیارن. بەڵام با ئەوە بزانرێ كە ئەمانەن تەنانەت بە خامنەیی و هەموو كەسەكانی سەرۆكایەتیی كۆماری ئیسلامی فرمان ئەدەن كە چی بكەن!

لەوانەیە سەیر بێت بەڵام باس لە بەشێك لە پلانەکانیان دەکەین. ڕەفسەنجانی پاش کۆتاییهاتنی جەنگ، بە هەموو توانای خۆیەوە باسی لە چاکسازی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەکرد و دەستی بە پەرەپێدانی تیجارەت و بازرگانی و راکێشانی رۆژئاوا بۆ ئێران کرد. و لە ناکاو ئەو سیاسەتەی بەجێهێشت کە کۆماری ئیسلامیی لە بەرچاوی رۆژئاوا دزێو کردبوو. ئیتر لەو کاتەدا بوو کە وڵاتانی ئورووپایی هەر کام بە شێوازێك دانەخۆرەی کۆماری ئیسلامی بوون.

لەبیرمە ئەوکات هەندێك لە وڵاتانی وەك ئاڵمان و فەرانسە و بریتانیا، نەوتی ٨ دۆلاریان لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرت، تەنیا لە پێناوی ئەوەیدا یارمەتیی ئێران بدەن، خۆی و دامودەزگاکانی بنیات بنێتەوە و کۆنسوولخانەکانی لەو وڵاتانەدا ئەکتیڤ بکات. لە راستیشدا کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی تایبەت و گەورەی لەو باجدانانە هەبوو: بە پێویستی دەزانی، حەسێبی خۆی لەگەڵ ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتدا یەکلایی بکاتەوە و ئەو کات کەسایەتییەکانی ناو گۆڕەپانەکەی کێشایە پای مێزی دانوستان و بەشێکی گەورەی لێ تیرۆر کردن کە یەکێك لەو سەرکردانە، دوکتور قاسملووی هەمیشە زیندوو بوو... دواتریش و لە پاش چەند ساڵ دوکتور سەعیدی نەمریان لە بزووتنەوەکە ئەستاند. یانی قۆناغی یەکەمی چاکسازییەکانیان بە تیرۆری جودابیران و ئازادیخوازانەوە دەست پێکرد و ئورووپاش لێی بێدەنگەی کرد!؟

ئێستا ئیتر ئامریکا و ئیسرائیل بوون بە قوربانیی بەرژەوەندیخوازیی ئورووپا و هاودەنگەکانیان کە چین و رووسیا و وڵاتانی وەك کووباو... هتد بوون.ئورووپاش زۆر بە سانایی لە لایەن ئێرانەوە وەرگیراو پێشوازیی گەرمیان لێکرا.

لە هەمانکاتیشدا کۆماری ئیسلامی دەستی بە بازرگانیی مافیایی و ژێرزەمینی خۆی لەگەڵ رووسیادا کرد و دۆسیەی ناوکیی خۆی زیندوو کردەوە و کووره ناوکییەکانی خۆی کە لە سەردەمی پاشایەتیدا و بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ بەرهەمهێنانی وزە و کاروباری پزیشکی دروستکرابوو، بە تەکنۆلۆژیای رووسی نۆژەن کردەوە.

هەموو ئەم پلانانەش، تەنیا بە رەفسەنجانی و خامنەیی دانەدەرێژران و کەسانی ئێجگاری بەهێزی لە پشت بوو، کە لە ژێر چاودێریی "شوورای رێبەری"دا و بە سەرپەرشتیی "مەهدەوی کەنی" ئەندامی شوورا و بەرپرسی "ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکەکانی کۆماری ئیسلامی" کە ناوەندێکی گەورە بوو، لە زانستگەی "ئیمام سادق"دا خەریکی پلاندانان بۆ ئەو شێوە جموجۆڵانە بوون کە لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدا دەشکانەوە و باڵانسی کۆماری ئیسلامییان لە دنیادا رادەگرت. کە ئەتوانین ئەم دەورەیە بە چاخی زێرینی بێ کێشە و کەموکووڕیی دەسەڵاتدارێتیکردن و خۆسەپاندنی کۆماری ئیسلامی ناوببەین.

لە دەورەی پاش شەری ئێران و عێراقەوە تا کاتی خاتەمی
هەر وەك ئاماژەمان پێیدا، دەورەی پاش شەڕی ئێران و عێراق دەورانی پتەوترکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو.

لەو کاتەوە کە ئاگربەست کرا و دواتریش خومەینی مرد و خامنەیی بوو بە رێبەر، ئیتر سەردەمێکی نوێ لە پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا شکڵی گرت. لەو پێوەندییانەشدا کە لەگەڵ دنیای رۆژئاوا دەیبەست، باجێکی زۆریان بە وڵاتان دەدا بۆ ئەوەی پاڵپشتییان لێبکەن و لە راستیشدا کۆماری ئیسلامی رواڵەتی دزێوە خۆی بە تەواوەت پیشان نەدابوو، ئەوانەی لەو دەسەڵاتە تێگەیشتبوون، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان و ناوچە دوورە سەرکوتکراوەکان بوون.

هەر ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ دانی باج بە رۆژئاواییەکاندا، گرتنەبەری رێوشوێنی توند بەرانبەر بەدوژمنانی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بوو. بۆ ئەم کارەش مەبەستێکی گەورەی هەبوو: کۆماری ئیسلامی دەیویست دەسەڵاتی خۆی بە شێوازێکی وەکو چین و کۆریای باکوور بسەپێنێ و پێش لەوەش پێویست بوو حەسێبی خۆی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی رۆشنگەر و ئاشکراکەری پیلانەکانیدا کە کۆماری ئیسلامی ئەوانی بە ئەتککەر و ئابڕووبەری خۆی دادەنا، یەکلابکاتەوە.

جددی کردنەوەی سیاسەتی چاکسازی لە کاتی خاتەمیدا و دەرهێنانی ئێران لە بەرەی مەترسیدارەوە بۆ بەرەی دیالۆگ پەسند
لە دوای تەواوبوونی قۆناغی لاوازکردنی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەکی و سەرکوتکردنی زۆربەی جودابیرانی ناوخۆی وڵات، کۆماری

ئیسلامی پێویست بە کەسێکی دیکە بوو، لەگەڵ دنیای دەرەوە و ناوخۆش دانووستان بکات و سەرنجیان بۆ لای شێوازێکیتری بەڕێوەبەری لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی رابکێشێ کە ئەویش هێنانەئارای کەسی تازە پێشنیارکراوی "ئەنجومەنی لێکۆڵینەوی ستراتێژیك" بوو،کە باسی لە دەسەڵاتی جودابیران و سیاسەتی کرانەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ پێدانی مۆڵەتی زیاتر بە پەرەگرتنی ئازادییە مەدنییەکان و چاکسازی لە سیستەمدا بوو.

لە راستیدا دەبوا هەر لە سەرەتای دەستپێکی چاکسازییەکانەوە خەڵکی ئێمە گومانی خۆی بخستبایەتەسەر ئەوشێوازە لە سیاسەتکردنی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە رۆژئاواش فریوی ئەو شێوازە لە گوتاری دەورەیی کۆماری ئیسلامی خوارد.

بە ناوی وتووێژی ژیارەکانەوە، خۆیان لە بایکۆتەکانی رۆژئاوا دەربازکرد. بە ناوی ژیاریبوونی گوتاری ئیسلامییانەی کۆماری ئیسلامییەوە، خۆیان لە کەوتنە ناو بازنەی "فەندەمێنتالیزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی" دەرهاویشت. ئەمەش وایکرد رۆژئاوا ماوەیەك لە ناو بازنەی فریوی کۆماری ئیسلامیدا بسووڕێنەوە و کۆماری ئیسلامیش پەرە بە سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی بدات و دۆسیەی چەکە ناوکی و چەکە کۆکوژەکانی خۆی زیاتر پەرەپێبدات.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی هەرە زۆری پتانسییەلی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕیی وڵات بۆ لای خۆیان رابکێشن و شەقێکی گەورەش لە دڵی ئۆپۆزیسیۆندا دروست بکەن، کە دواتر و جەرەیانی هاتنی "مووسەوی و کەڕوبی و سەوزەکان"دا بە تەواوی بیانناسنەوە و بیانخنکێنن.

سەوزەکان و سیاسەتی دەرخستنی هەموو پتانسییەلی شۆڕشگێڕیی ناوەند و تاقیکارییەکی گەورەی هێزەکانی ئێران بۆ کاتی راپەڕینەمەزنەکە!

"بزووتنەوەی سەوز" جۆرە تێکەڵکردنێکی سیاسییانەی دەستی رژێم و هێزە ئۆپۆزیسۆنە خۆڕسکەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا بوو، کە لە سیاسەت تەنیا بە شێوەی نووسراو تێدەگەیشتن.

یانی هێزی ئەکتیڤی کۆمەڵگا و ئەوانەی لە ناوخۆدا و بە تایبەت لە ناوەندا بە شێوازێك بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی نەیار بوون، رێککەوتنێکیان لەگەڵ هێزەشاراوەکانی ناوخۆو پتانسییەلی رژێم بۆ کاتی تەنگانە، واتە "مووسەوی" و "کەڕوبی" و دەیان کەسی پەردەپۆشکراو کە لە داهاتوودا دەرازێنەوە، مۆر کرد. هەر ئەوەش بوو، بە کشاندنەوەی رێبەرانی سەوز، بارێکی نائاسایی رووی لە وڵات کرد و بە سەدان گەنجی راپەڕیوی ناشارەزای سیاسەت کەوتنەبەر دەستدرێژی و ئەشکنجەو سزای قورس و بۆ کاتێکی دیکە، خولیاکانیان چاڵ نرا.

نزیکبوونەوەی راپەڕینە مەزنەکە بە دوو شێواز:
لەدوای هەستانەوە گەورەکەی وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئافریقا، پێشبینی ئەوەش دەکرێ بەزووترین کات و لەوانەیە بەهارێکیتر، ئێرانیش بەرەوڕووی نارەزایەتییەکی توند ببێتەوە. ئەم راپەڕین و نارەزایەتییەش بۆی هەە بە شێوازێکی دیکەی بێجگە لە میسر و توونس بێت و لەوانەیە وەکو لیبیا، ئێرانیش بە ئۆپۆزیسیۆن و چەکی ناتۆ بڕووخێ.

١. ڕاپەڕینی مەزنی نێوخۆیی
بەهـــاری داهـــاتوو و هەر لەنەورۆزدا پێشـــبینی دەکەم ڕووداوی گەورەی هەژێـنەر بەڕێـوە بێـت. یـانی لە دوای تێپەڕبـوونی هەشـت بەهـار بەسـەر لێـدانەکەی عێراقـی بەعسیدا، بەهـارێکیش بـۆ لێـدان و ڕاپەڕیـن لە دژی سیاســەتی تێکـدەرانەی ئێــران تەرخــان بکرێـت و لەوانەیە تەمەنـی دەسـەڵاتی ئیسـلامیی ئێران و بە گشتیش جوغرافیـای بەزۆر دروســـتکراوی ئەم وڵاتە چەنــــد نەتەوە و فرەپێکهـــاتەیە بە کۆتایی بگات.

٢. ڕاپەڕینی جیهانی لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی
ئێـران خەریکـی درێژەپێـدانی سیاســەتەکانی کۆریـای بـاکووره و ئاوا بڕواتە پێشـەوە، دەبێتە مـایەی کێشـە و ئـاڵۆزی جیهـانی. چونکا بە هـــیچ شــێوازێك لەگەڵ پاراســتنی یاســا و ڕێســا جیهانییەکـــان و پەیڕەوکردنـی یاسـاکانی پاراسـتنی مافەکـانی مرۆڤدا نییە وئەمەش لەم هەزارە نوێیەدا گرفتێکی گەورەیە.

هەوڵەکانی ئەمدواییانەی ئێرانیش بۆ بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ و نـاوکی دڵە{شاوکێ و گومـانی خستووەتە دڵـی زلهێزەکـانی دنیـاوە و زۆرجـار پێشـبینیی شـەڕێکی گەورەشیان بـۆ ئێرانێکـی خـاوەن چەکـی نـاوکی لەگەڵ ئیسـرائیل و ڕۆژئـاوادا کـردووە. کە هەمـووی ئەمـانە پەیـامێکی باشـیان بـۆ ژیـان و ئـاوەدانیی جیهـانی و پەیڕەوکردنـی سیاسەتی ئاشتییانە لە نـاوچەکەدا نییە. ئەمەیە هەم ئێران و هەم خەڵك و هەم ڕۆژئاواشــی نــیگەران کـــردووە و گـــرتنەبەری سیاســـەت توندئاژۆخوازانەی ئیسـلامیش لە لایەن ئێرانەوە هیچ ڕێگاچـارەیەکی

شارستانییانەی لەبەردەم رای گشتیی جیهانیدا نەهێشتووەتەوە مەگەر لێدان و لەسەر کار لابردنیان نەبێت.

هەڵبژاردنەکان و نوژەنکردنەوەی پارلمان یان کۆتایی دیموکراسیی دەسکردی ئیسلامی؟

لە هەڵبژاردنەکانی ئێران نزیك دەبینەوە و دیسانەوە رژێمی ئێران دەیەوێ مانۆڕی شەرعییەت وەرگرتنی خۆی بە ملکەچکردنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دووپات بکاتەوە و سیاسەت و دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا بسەپێنێ.بەڵام ئەمجارەیان زۆر بە شێوەیەکی پیلان بۆدارێژراوو لە هەمانکاتیشدا ئاشکرا دەیەوێ، وا نیشان بدات، هیچ کۆڵەیەکی رژێمەکەی نەلەرزیوە و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران ئامادەیی ئەوەی تێدا، سیاسەتی وەڵامدەرانەی بۆ خەڵك پێبێت و هێزەکانی لایەنگری خۆیشی بناسێت کە تا چەند دەتوانێ حەسێب لەسەر هێزی سەربازی بکات. یانی ئێران وای داناوە کە زۆرینەی ئەوانەی دێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، سەربازی شەڕکەری ئیمامی زەمان بن. بەڵام لە غیابی دیموکراسیدا و لە نەمانی متمانەش بە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەری ئەوە هەیە ئیمام زەمان و سەربازەکانیشی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بڕووخێن و پاڵپشتی لێنەکەن!

پاکسازیی ناخۆیییەکان و یەکدەستکردنی کۆمەڵگا

بە بۆنەی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە ئەم بابەتە درێژە پێدەدەم.

کاتێك باڵیۆزخانەی ئامریکایان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە داگیرکرد و بە هێلانەی جاسووسیی ئامریکا ناویان

بــرد، کۆمــاری ئیســلامی بە گوتــارێکەوە کە لە ژێــر کــاریگەریی سیاسـەتی کۆمۆنیستەکاندا بوو و بە راستی وەکو مێروو لە ناوەندی رۆشــنبیری و کۆمەڵگــای ئێرانیــدا جمەیــان دەهــات، کــارێکی یەکلاییکەرەوەی بەرانــبەر بە رۆژئــاوا بە ئەنجام گەیانــد.هەر ئەو کــاتە مەبەســتی ئێــران لە داگیرکردنــی باڵیۆزخــانەی ئامریکــا، دەرکردنــی رۆژئــاوا لە خــاکی ئێــران بــوو. هەر ئەو دەســتدرێژییەش ســەرەتای یەکلاییکردنەوەیەکــی مەزن بــوو، کە وڵاتــانی رۆژئــاوا بەداخەوە بە هــۆی قــازانجی ئــابووریی خۆیــانەوە کە یەکێــك لەو وڵاتــانەش بەریتانیــا بــوو، ئەو پێشــێلکاری و دەســتدرێژیەی کۆمــاری ئیسـلامییان لەبەرچـاو نەگـرت و تەنـانەت لە هەنـدێك لە قۆناغەكـانی دەســەڵاتی کۆمــاری ئیســلامیدا – وەك کــاتی تــۆنی بلێــر- هێنــدە لە دەســەڵات نــزیکەوە ببــوون، بە تــانەو تەشــەرەوە پێیــان دەگــوتن: ئایەتوڵلا بلێر و...

ئەو کــاتەی پێویســت بــوو، گەلانــی ئێــران ئــازار نەکێشــن و لە ئەشکنجەخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەنگیان بە زۆر پێ نەگۆڕن و نەیــانخنکێنن، یەکیەتیــی ئورووپــا و وڵاتــانی دێمــۆکراتیکی دیــکەش، خەریکی دانوستان و گرتنەبەری سیاسـەتێکی نەرم بەرانبەر بە ئێران بــوون، کەچــی ئێســتا بە پەلە دەیــانەوێ باڵیۆزەکانیــان بکێشــنەوەو گەمارۆی خەڵك کوژی زیـاتر بەسـەر ئێراندا بسەپێنن کە هیچ شتێکی بێجگە لە ناچـار کردنـی زیـاتری خەڵکـی ئێـران بـۆ ملکەچ بوونیـان سـەبارەت بە سیاسـەتی یـارانەیی ئەحمەدینـژاد لـێ سـەوز نابێـت و دەسـەڵات بە سـانایی درێژە بە کاروبـار و دژایەتیکردنـی ئامانجەکـانی گەلانــی ئێــران دەدات و لەگەڵ دوو نەحوســەتی مەزنــی هاریکــاری خــۆی واتە: چــین و رووســیا بەردەوام دەبێــت و بە تەکنۆلۆژیــای دڵخوازی خۆیشی دەگات.

لە راستیدا یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکا پێش لەوەی بریاری کشانەوەی باڵیۆزەکانیان لە خاکی ئێران بدەن، دەبێ گەمارۆکانیان بۆ سەر چین و رووسیا و ئەو وڵاتانە زیاتر بکەن کە نایانەوێ ملکەچی بریارنامە نێودەوڵەتییەکان بن و سزای گەورەش بەسەر چین و رووسیەدا بسەپێنن، چونکا سێ دەیەیە ئێران بە پاڵپشتیی ئەوان بەرهەڵستیی کۆمەڵگای جیهانی دەکات.

ئەنجام:

ئێران هەمیشە لەهەوڵی کەمکردنەوەی رۆڵی رۆژئاوا لەناوچەکەدا بووە و بۆ ئەوەش زیاتر بتوانێ سیاسەتەکانی کاریگەرتر بکات، هەوڵی خنکاندنی بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی نەك ناوخۆ و ئۆپۆزیسیۆنی خۆی، بەڵکو هەموو ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەی ناوچەکەش داوە، کە بە چەشنێك لە سیاسەتدا لە رۆژئاوا و لە دێمۆکراسیەوە نزیکن.

بۆ نموونە لەگەڵ هەموو دژایەتییەکیدا لەگەڵ تورکیا و عێراق، هەوڵی سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنە رەسەنە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازانەکانی ئەوانی داوە و خۆی هاتووە و ئۆپۆزیسیۆن سازی بۆ کردوون.

نموونەکانی پەرەپێدانی سیاسەتی ئیسلامییانە لە تورکیا و گولەنیسم و یارمەتییەکانی ئێران بۆ جیهادییەکان لە عێراق و سەدرییەکان و لە ناوچەکانی دیکەش حەماس و جیهادی لوبنانی

وشیعە حسسییەکانی یەمەن و بەحرەین و...هتد ن.یانی ئێرانیش دەیەوێ ئاراستەی سیاسەتی ناوچەکە لە قازانجی ئەودا بڕوات و هەمیشەش بە پێچەوانەی رەوتە جیهانییەکەی مەلەی کردووە. بۆیە پێشبینی دەکرێ، حەسێبی وڵاتێکی وەك ئەفغانستانی سەردەمی تالبانی بۆ بکرێت و گورانێکی گەورەش بە شەقکردنی ئێران و دانەوەی مافەکان بە کاراکتەرە خنکاوەکانی ناوبازنەی مێژوویی ئێران، لەسەر نەخشەی جوغرافیای خۆرهەڵاتی ناویندا روو بدات و خەڵکی ناوچەکەش لە چاکسازییە نێگاتیڤەکانی ئێرانی-ئیسلامی

رزگار ببن و کێشەی دێرینی کورد و ئیسرائیل- فەلەستین بەرەو ئاراستەیەکی باش بڕوات.

ماڵپەڕی: پارتی سەربەستیی کوردستان
17:53:03 28-11-2011

# ژنان و خەباتی گەردوونیی ئینسان و پرسی ئازادی

کاتێك بەهاری عەرەبی و بە گشتی بەهاری گەلانی ناوچە سیس بووەکان دەستی بە پیشاندانی رۆڵی خۆی لە بووژاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی ستەملێکراودا کرد، نەوەیەکی تازە هاتنە سەر شەقامەکان و داواکاریی نوێ پێشکەش کران.

لە بیرم دێت، ژنێك کە لە دەستی سوپای ستەمکاری وڵاتەکەی هەڵهاتبوو، هەرایەکی گەورەی نایەوە و ماوەیەك باسی دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتانی لە لایەن هێزە سەرکوتکارەکانی قەززافییەوە ورووژاند، بەڵام لە درێژمەودادا هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئافرەتەکەش پێ نەبوو، بێجگە لەوەی هێندەی دیکە لە پێش چاوی میدیای وڵاتەکەیدا سووك و چرووك کرا.

ئەمە یەکەمین هەوڵی لەم چەشنە لە ناوەندە سیاسی و رووناکبیرییەکانی عەرەبی و ئیسلامیدا نەبوو، کەچی سەرەتایەکی باش بوو، لەم سەرەتای دەسپێکی رووخاندنی دیواری ماڵی دیکتاتۆرانەدا و ئیتر خواستەکانیش زیادیان کرد.

لە پاش رووخانی حکوومەتی میسر و توونس خانمان و چینی گەنجی وڵاتە ئازادکراوەکان هەستیان کرد، بە کەمترین ئاست لە مافەکانیشیان ناگەن، ئەگەر گەشەی رەوتی سیاسیی وڵاتەکانیان بەو شێوەیە بڕوات.

لە وڵاتی لیبیای پاش قەززافیشدا هیچ ئەمەڵێکی مەزن لە باری مافدارییەوە بۆ ژنان نابیندرێت وئیتر قۆناغی تازەی بەهاری گەلان واتە فازی دووهەم دەستی پێکرد.

لە فازی دووهەمی ئەم شۆڕشە سپییەدا، خەباتەکە بە شێوازێکی تازە لێکدانەوەی بۆ کرا.

ژنانی دنیای پاشکەوتوو هەستیان بەوە کرد، لە ماڵی سەرۆکی لابراوو لە ماڵی سەرۆکی هەڵبژێردراویشدا کۆیلەن و باسێکی وا لەسەر مافەکانی ئەمان نەهاتووەتە ئاراوە.

خۆدامالین لە بەرگی کۆیلەیەتی یان خۆدامالین لە شەرمی مێژووی

ژنان ماوەیەکە رەوتێکی تازەیان لە بەربەرەکانی لەدژی سیستەمی زاڵ بەسەر ژیانی کۆمەڵگا داخراوەکانی خۆیاندا دەست پێکردووە. جموجۆڵێکی ورد لە سەرەتاییترین ئاستەکانی ژیاندا دەبینرێت.
ئەم جموجۆڵە تازەیە، لە ناردنی وێنە فەیسبووکییەکانی ناو زیندانە خاوێنەکانی ماڵی سەرۆك و خاوەنانی حەرەمسەراکانەوە تا حەمامی ژنان و ژووری نووستن و دواتر گواستنەوەی ئەم وێنانە بۆ دنیای ئازاد و دروستبوونی هاودەنگییەکی جیهانی بۆ پاڵپشتیکردن لەو کارە شەرمشکێنانە دەستی پێکردووە.
"عولیا" خاتوونی 20 ساڵەی میسری ناوێکی گەورەی ناوەندەکانی پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ ئەبێت کە لە پاڵپشتیکردن لەو بوێرییەی ئەو کیژۆڵەیەدا، بە هەزاران لاپەڕەی لەسەر تۆمار

ئەکەن و بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەنووسن: کیژۆڵەیەکی 20 ساڵان لە دنیایەکی دواکەوتووی باوکسالاردا، هەموو نەریتەکانی دنیای کۆنی، تەنیا بە بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی رووت لە جەستەی خۆی هێنایە ژێر پرسیارەوە.

دەکرێ ئەم شێوە کردارانە بەراورد بکەین بە سەردەمی رێنێسانسی ئوروپاوە، کە پەیکەرتاشەکان هاتن و بە دروستکردنی وێنەی ورووژێنەر لە کەسایەتییە پیرۆزەکانی وەك حەزرەتی مریەم و مەلاییکەتەکان بە ڕووتی، گوتارێکی تازەیان هێنایە بەر باس و بوو بە دەسپێکی قۆناغێکی تازە لە خەبات بە دژی سیستەمی کۆن و دەبینین، ئەم نوێخوازییە رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشە کردندایە و وەستانی بۆ نییە و بووەتە هەوێنی گەشەی ئازادییەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیاندا.

خۆ لەوانەیە خۆرووتکردنەوەی مەلاییکەتێکی پیرۆزی ئازادیخوازی سەردەمی رێنێسانس هێندەی ئەم شەرمشکاندنەی دەمی ئێستای ئەم خاتوونانەی خۆرهەڵات کاریگەریی نەبێت، چونکا ئەمان لە ماوەیەکی کورتدا خەریکن دەبن بە بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی ژنان!؟

پرسی ژنانی کورد لە کۆنفرانسی نەتەوەییدا چۆن دێتە بەرباس؟

کورد لە ماوەی سەدەی رابردوودا بەردەوام هەوڵی چڕکردنەوەی هێزەکانی خۆی داوە و بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە ئەم ئاواتە لە مێژینەیەی خۆی جێبەجێ بکات.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە گوێرەی نەریتی خەباتخوازیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەم خۆزگەیەی کورد کرایەوە بە رۆژەڤ و دیسانەوە تاوتوێکرا. بەڵام ترووسکەی هیوای گرتنی ئەم کۆنفرانسە رووی لە گەشانەوەی زیاتر کرد و بڕیاردرا، مانگی دوانزەی ئەمساڵی (2011) یە دەست بە کاروباری خۆی بکات و بۆ بەشداریدانیش هیچ رەگەزێکی کوردەواری لەبیر نەکرێت.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە. تۆ بڵێی ژنان لەم کۆنفرانسەدا شانسی ئەوەیان هەبێت، بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان، دۆزی رەوای خۆیان هێندە بێننە بەر باس، کە بتوانن بەشێکی زیاتر لە جارانی کورسی و رێژەی دەنگەکان بۆخۆیان ببەن و لە کۆمیسیۆن و لێژنەکاندا ببنە یاسادانەر و کارگێڕی یاسایی – نەتەوەیی و رۆڵی کارا ببینن، بە بێ ئەوەی ئەو شەرعییەتە لەماڵی پیاوەوە بە ئەوان بدرێت؟

بەڵام لەوانەشە لەم یەکەم دیدارو پێکگەیشتنە مێژووییەدا دیسانەوە ژنان نەتوانن بەوە شێوەیە خۆیان دەربخەن، کە چاوەڕوانییان هەیە و یەکەمین رەخنەش لە کۆنفرانسی نەتەوەیی بگیرێت، ئەوە بێت : کۆنفرانسی نەتەوەیی پیاوانی کورد دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و هەر لەبەر چاوی کامێرا و میدیا چەند ژنێکیان بردە ناو هۆڵی کۆنفرانسەوە.
هیوادارم وا نەبێت و هەموو حیزب و لایەنەکان کەڵك لە توانا و دەسکەوت و زانستی ئافرەتان وەربگرن و هەوڵ بدەن، کەسایەتیی پیرۆزی دایکانی کورد بەرز و پیرۆزتر لە جاران رابگرن و ئیرادەی پۆڵایینیان پتەتر بکەن و لە ئاستەنگەکاندا پاڵپشتییان لێبکەن بۆ ئەوەی ورەی نەوە لە دوای نەوەی کوردان بەرز رابگرن و بە

بەرزبـوونی ئیرادەیـان ئیـرادەی دوژمنــانی گەل هەرەس پێبێـنن. ئەو ئیـرادەیەی لە ڕۆحـی دایکـانی بـاکووری کورسـتاندا بینیمـان کە چـۆن ورەی بە ئۆردووغـان و سوپاسـالارەکانی سـوپای تـورك و جەهـەتپەی خوینمژ بەردا و داوای لێبوردنیان لە گەلی کورد کرد!؟

ئەو داوای لێبـوردنەی ڕۆحـی کـردەوە بە بەر مافەکـانی ئـێمەدا و سـەلماندی: دایکـانی ئـێمە ڕۆڵەی نەبەردی باشـیان پەروەردە کـردووە کە چۆکی بە دوژمنی ئەنفالچی بەرداوە.

ماڵپەڕی: پارتی سەربەستیی کوردستان
2011-12-03 05:21:51

# ئیتر دوژمن بە سوپایەکی گرانەوە نایەتە سەر وڵاتەکەمان
## (پلانێکی پێشگیرانە: حەوتوویەک بۆ ئاسوودەیی خەڵکی وڵاتەکەم)

سیاسەتی پێشگیرانە، تێگەیاندن و دڵنیاکردنەوەو دابینکردنی هاوڵاتییانە!
ئەو کاتەی نارەزایەتییەکانی 17-ی شوبات هاتەئاراوە، پلانێکم پێشکەش بە سەرۆکی حکوومەت کرد و نازانم چەندە بە دەستی جەنابیان گەیشت، بەڵام زۆریەك لە دۆستانم پێیانوابوو، پلانێکی باشەو دەکرێ لەسەری کار بکرێت. ئەم پلانەش نموونەیەکە لەو پلانەی ئەو کاتە و هیوادارم بەکەڵك بێت.

کاتێك ئوروپاییەکانی سەدەکانی بووژانەوە و ریفۆرم ویستیان کارێك و پرۆژەیەکی بەرین بۆبەرەوپێشخستنی وڵاتەکەیان پەرەپێبدەن وئامانجەکانی تازەگەری لە ناخی کۆمەڵگادا سەقامگیر بکەن، کە هەموو ئەو رچەشکێنی و ئەزموونکردنە تازە بابەتانەیان بەستەوە بە رۆشنگەریکردن و دیاریکردنی چوارچێوەو جوغرافیا بۆ وڵات و گەلەکانیان و بە نووسینەوەی هەر هەموو ئەو شتانەی لەزەویدا وەك مەعریفە و زانست سەلمێندرابوون، هەڵبەت بە زمانی تازە سەرهەڵدراوی خۆیان کە زمانی قەدەغکراو لە پێشکەوتن و بەکارهێنانی رابردوویان بوو،کەوتنە قۆناغێکی تازە و هەستیارەوە.
لە راستیدا لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەوە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوو بە مۆدێلێکی دیاریکراو بۆ پاراستنی ئەو

گەلەی لە چوارچێــوەی دەســەڵاتی وڵاتــی دیــاریکراوی خــاوەن سەروەریی نەتەوەیی خۆیدا دەژیا.

هەر ئەوەش بــوو، پێشــبڕکێی نێــوان نەتەوەکــان بــۆ گەیشــتن بە بەختەوەریــی زیــاتر دەســتی پێکــرد و خــۆ لەوانەشــە ئەو مــۆدێلە لە ڕۆژئــاوادا بــۆ مــاوەی نیوســەدە خەریکــی پێشبڕکێیەکی نــادادپەروەرانە بــووبن، بەڵام بە گشتی گەلەکــان لە کــاتی تەنگــانەدا پشــتیان بە دەوڵەت و دەوڵەتــیش پشــتی بە گەل دەبەســت و ئەمــانە لە گۆڕەپــانی گەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتاندا تەواوکەری یەکتر بوون.

لەگەڵ ئەم شــێوازەی بەڕێــوەبەریی وڵاتــدا کە لە ســەرەتاوە لە فەرانســە و ئامریکــا و ئیتاڵیــا و دواتــر ئاڵمــان و وڵاتــانی دیکە پەرەی ستاند، گەلانــی نــاوچە دواکەوتووەکــانی دنیــاش بــۆنی ئەم مۆدێلەیــان لە ســەرکەوتن پێگەیشــت وئیتــر ســەدەی نــۆزدە بــوو بە ســەدەی ناســیۆنالیزم یــان هۆشــیار بــوونەوەی نەتەوەوکــان و کــوردیش لە ســـەرەتاکانی ئەو ســـەدەیەوەدا بـــوو، هەســـتی بە شـــێوەیەك لە جیاوازیــدانانی پاشــای داگیــرکەری وڵاتەکەی، لە نێــوان گەلانــی بندەستی خۆی و گەلەکەی پاشا خۆیدا کرد.

ئەم هەستە بوو بە هانــدەری ئێمە کە تــاکو ئێســتا و بــۆ مــاوەی دوو ســـەدەو ئەنـــدێکی بەردەوام بـــۆ گەیشـــتن بە ســـەربەخۆیی و ســـەرەوەرییەکانمان و لە راســـتیدا دروســـتکردنی پـــارێزەری بەرژەوەندییەکانمان واتە: دەوڵەت، لە هەوڵێکی بێ پسانەوەدا بین.

لەوەیــدا کە چەنــدە ئێمە لەو هەوڵانەدا، هەوڵــی هۆشــیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەمــان داوە و لە بەرانــبەر مەعــریفە و گوتــاری بێگــانەدا چەنــدە ســەرکەوتوو بــووین، ئەمەش دەبەســترێتەوە بە دابــین نەبــوونی مــاف و ئــازادی و حەزەکانمــانەوە، کە بەهــۆی بەهێزیــی ئەوانەوە لە شوناســی ســەرەکیی خۆمــان دوور خــراوینەتەوە و زۆر جــاریش ئەو هەســتە لە لامــان دروســت بــووە، کە ئەوەی ئــێمە ئێســتا هەمــانە،

شوناسی راستەقینە و ئەوەی لێی دوور دەکەوینەوە، شوناسی بێگانە و داگیرکارە، بەڵام زۆر جاریش شوناسی ئەویدیمان لەگەڵ خۆیی لێ تێکچووە.

تێگەیاندن وەک پرۆسەیەکی پەروەردەیی- نەتەوەیی

لە رەوتی پێشکەوتنەکانی رۆژئاوادا، زۆر یەك لە وڵاتان نەیانتوانی لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیان و ئەوەی حازردا بە چڕی هەوڵی چاکسازی بدەن و زۆر جاریش بەرەوڕووی کێشەو دژایەتی و نافەرمانی دەبوونەوە. بۆ نمونە کاتێك لە بەریتانیادا ویستیان سیستەمی کاری دەستی بگۆڕن، لە لایەن کرێکارانەوە بەرەڕووی تێکشکاندنی دامودەزگاکان بوونەوە. ئیتر چارە نەما و بە دڵنیاکردنەوەیان کە ئەم شێوازەی تازەی ژیان، زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان ناگەیەنێ، بە شێوازێکی زۆر هۆشمەندانەو لە شێوەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا دیزاینی کۆمەڵگایان هەر لە شارو مافەکانەوە بگرە تا شێوازێکی پەروەردەیی سیستەماتیك و ئیجازەدان بە پێشکەوتن و دابین بوونی ئازادییەکان گۆڕی. بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە لەسەرەخۆو بە پاڵپشتیی دەستوور کرا. لە دوای ئەمە رۆڵی هەموو لایەنێك بە گوێرەی یاسا بۆ گەشە پێدانی زیاتری کۆمەڵگا لە شێوازێکی پۆزەتیڤدا خۆی نواند.

ئایین، زانست، پەروەردە، بنەماڵە، دەوڵەت... هەموو و هەموویان دەستیان دا بە دەستی یەکترەوە تا کۆمەڵگا لە قەیرانی بێ مەعریفەیی و تەنگژەی هەژاری رزگار بکەن. ئایین خۆی نوژەنکردەوە و بەو پێیەش یارمەتیی کۆمەڵگای سەرمایەداریی هاوچەرخی دا، کە بە بەشێك لە هێزە ناوەکییەکانی ئایین گەشە بە کۆمەڵگا بدات.

ئایین بانگەشەکاری لێبوردەیی یان توندوتیژی؟

لە ئورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بڕیاری هەموو گەل لە دەستی ئەواندا بوو، کە شەرعیەتی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان لە دەسەڵاتی خوایی و دەسەڵاتیکی باڵاوە وەردەگرت. ئەمەش کارەساتی دەنایەوە.
تاکەکەسێك کە 10 ساڵ لە کەنیسەدا دەیخوێند، دەیتوانی بە بێ هیچ ئەملاولایەك هەموو گەل بکاتە بەندەی خۆی و لەوانەشە هەر ئەو بەندەیەی ئەو بە فەرمانی تەزویری ئیلاهی زنجیری کردووە، لە پێشگای خواوەنددا هەزاران جار لەو خۆشەویستتر بێت!
لێرەدا بڕیاری کۆمەڵگا لەدەستی ئەوانە رزگار کرا و درایەوە دەستی گەل خۆیان و لە راستیشدا هەزاران کەس لە بەرانبەر ئەم شێوازە وشکەی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتدا راوەستان و گیانیان فیدا کرد، تا کۆمەڵگا گەیشت بەو ئاستەی ئێستا تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت و تاکەکان هەموو لە بەرانبەر یاسادا یەکسان کران.
ئایین لە کۆمەڵگای گەشەسەندوودا ئیتر بەرپرسیارێتی وەرگرت. بەرپرسیارێتییەك کە رۆڵی پەرەپێدانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بێت و لە حوکمدان و فەتوا و دادگاییکردن دەستی هەڵگرت و تەنیا رۆڵی رۆشنگەریی ئایینی خستە ئەستۆی خۆی.
رۆشنگەریی ئایینیش بە شێوازێك لە لایەن پاپ و کڵیساوە دەستی پێکرد کە زیان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان نەگەیەنێ و لە هەمانکاتشدا رۆلێکی بەرز بگێڕێ بۆ ئەوەی تاکەکان بە ئاستێك لە ویژدان و بەرپرسیارێتی بگەن و لە بەرانبەر ئازاری نەتەوەو چین و توێژ و گورووپەکانیاندا بێدەنگ نەبن.

یـانی ئـایین لە بەرزکـردنەوەی هۆشـیاریی رۆحـی لە رۆژئـاوادا وەهـا رۆڵێکـی گێـڕا، کە تاکەکـان بە ئـایینی و نائـایینییەوە هەسـتیان بەرانـبەر کۆمەڵگاکەیـان بجـووڵێ و لە هەمـوو رووداوێکـی مرۆییـدا تێیـدا بەرپرسـیار بـن. واتە لە خۆرئـاوا ئـایین لە حـاڵەتی سـەرەڕۆیی خۆیەوە دامـاڵرا بۆ حـاڵەتی وەرگرتنـی بەرپرسیارێتی و خستنەگەڕی ویـژدان و... لە رێکخسـتنەوەی گیـانی لێبـووردەیی و بـووژانەوەی کەرامەتـی مـرۆڤ و تەبـایی کۆمەڵایەتیدا رۆڵێکـی کـاریگەری گێـڕا، هەر بۆیەش هەمـوو ئەوانەی ئێستا پاپـا و بۆنە ئایینییەکـان دەبینن، بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیان دەزانن و ستایشیان دەکەن.

رۆڵی میدیا لە دارماندنی متمانە لەسەر وڵات نەک دەسەڵات!

هـاوڵاتی کـورد لە هەمـوو دنیـادا بەرەڕووی ئەزمـوونێکی تـازە بـووەتەوە و لـە باشـووري ولآتـیش، ئـایین و میـدیا و ئۆپۆزیسـیۆن و کـورد بە گشـتی خـەریکن، بە بێ نێونج و هێڵێکـی بێگـانە لە نێویانـدا، لەگەڵ یەکتردا دەژین و هەناسە ئەدەن.
میدیای کـورد جـاری وایە تـا سنووری دەرپەڕانـدنی تـاك و حیـزب و کـاراکتەرە گەورەکـانی گۆڕەپـانەکە دەڕوات و مینـبەری واشـمان هەیە، بە بێ ئەوەی رەچاوی سنووری مافەکـانی خۆی بکـات، هەمـوو ئازارەکـانی نەتەوەکەی لە پێنـاوی وەرگرتنـی میـدالیایەکی فەخریـی ناوگەڕەکـدا دەداتە بەر لـووتە شـەق و فەرامۆشـیان دەکـات، بە بـێ ئەوەی هەسـتی بەوە کردبێـت، ئەوەی دەیـکەم لە قـازانجی مـن و ئەرکـی مـنە!؟... یـان ئەوەی لەودیـو سـنوورەکانەوە بە ئـازار و گرفتەکانی من شاگەشکە دەگرێت؟
لێرەدایە من بیرم بۆ لای زۆر بـابەتی میدیای دراوسێکان دەڕوات کە چـۆن لە شـاردنەوەی ئەو رووداوانەدا کە زیـان بە بەرژەوەنـدییە

باڵاکانیان دەگەیەنن، باڵادەستن و دەبێ ئێمەش لەو شێوە تاکتیکانەی ئەوان فێری میدیا و مینبەروهاوڵاتی بکەین، بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئاوەدان و لە حاڵی گەشەکردنمان هەبێت. ئەمەش خود-سانسۆڕ کردنی پێناڵێن، بەڵکو برەو پێدان بەوکلتووری پێشمەرگایەتییەی شاخەکانمانە کە لە پێناوی رزگاریی وڵاتەکەماندا لە زۆر یەك لە شادییەکانی ژیان خۆمان بە دوور ئەگرت.

پلانێک بۆ ئاسوودەیی وڵاتەکەمان

پێموایە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە "یەکیەتی زانایانی ئایینی" و کەسایەتییە مەعنەوییەکانیشمان رۆڵی دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگا و هۆشیارکردنەوەیان لە دەست نەبردن بۆ ئەنجامی کاری هەڵە و هەڵەی گەورە بگێڕن. لە راستیدا من لاموایە، رێژەی ئەو گوناهی کەبیرەیەی لە ئاییندا باسی لێوە کراوە، بۆ کورد و نەتەوە هەژارەکانی هاوشێوەی زیاد ببێ و چەند خاڵێکی زیادتری بۆ دەستنیشان بکەن.

یەکێك لەو گوناهانەش "تێکدانی ئاسایشی وڵات" و "تێکدانی کەشوهەوای ئازاد" و "تێکدانی ژیانی هاوڵاتییان بە سەربەستی" بێت، کە ساڵانێکە کورد خوێنی بۆ ئەدات.

لەو پێێناوەشدا من پلانێکم بۆ هەموو وڵاتپارێزانی ئایینی: شێخ، مەلا، سەید،خەلیفە و ریش سپی و هەموو ئەوانەی وەك کاراکتەری رۆحی قسەکانیان بە هەند وەردەگرن، پێیە.

هەندێك خاڵ هەیە کە دەبێ لەم قۆناغەدا بکرێت بە پڕەنسیپ و تا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو باسی لێوە نەکرێت.

1- ئێمە قەیرانی رەوابوونمان نییە. ئێمە پێمانوایە چونکا ئازادیمان هەیە، رەوابوونی قەیرانێکمان کە لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، بۆ ماڵی خۆمان گواستووەتەوە و ئەمەش لە سیاسەتی

کوردیدا تا رادەیەك دەبینرێت. واتە سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆن، جیا نەکردنەوەی کورد و دەسەڵاتەکەی بووە لە بێگانە و دژکردەوەی دەسەڵاتیش زۆر جار لە سنووری بەرپرسیارێتی لایداوە و ئەمەش خەمۆکی و دڵساردییەکی سیاسی لە هەرێمدا دروستکردووە، کە دەبێ بە هەموومانەوە چارەسەری بکەین.

با بۆ دواجار تێبگەین، ئیتر دوژمن بە سوپایەکی گرانەوە نایەتە سەر وڵاتەکەمان!؟

زۆر جار لە خۆشمان دەکاتە وێزەی خۆمان و زۆر جاریش بە هێنانی بابەتێکی پرۆڤەکراو لە لای خۆیان، کە بۆ تێکدانی ئێمە و کۆمەڵگاکەمان ئامادەیان کردووە و خۆیشیان سوود لەو بابەتە وەردەگرن، ئێمە تووشی بشێوی و ئاڵۆزی دەکەن.

من نموونەیەکی وڵاتانی دراوسێ دێنمەوە.

لە تورکیای نموونەی حیزبە ئایینییەکانی خۆماندا بۆ دادپەروەری و رەوشت و ویژدان، لە شارێکی وەك ئەستەمبووڵ، هەزاران مەیخانە و هەزاران شوێنی سەیاحیی پڕ لە مەساجگە و دیسکۆو ئەوانیتر هەن و "ئۆردووگان"ی سوپاسالاریان بە راشکاوی سپاسی ئەو کەسانە دەکات کە خەڵکی بیانی و گەڕۆك و سەیرانکەر بۆ وڵات رادەکێشن و خزمەتیان دەکەن بۆ ئەوەی پارەکەیان لێدەربێنن، کەچی لە شارێکی وەك زاخۆ کاکی مامۆستای ئایینی بە شانازییەوە حازرە دەستی ئۆردووگان ماچ بکات و یەك مەساجگەکەی شارەکەشی کە لەوانەیە ئەگەر جەنابی مامۆستا وەك کرێکارێك ماندوو بوایە، لە مانگدا جارێك پێویستی بەوە بوایە لە ناوك خستن رزگاری بکەن و بیشێلن!؟

ئەمەیە تێنەگەیشتن لە دنیا و خۆ گوناهبارکردن لە بەرانبەر خوداوەنددا!

بۆیە بە پێویستم زانی، لەم حەوتووەی داهاتوودا سڕینەوەی وایرۆسەکانی زەین ببێت بە ئەرکی حکوومەت و بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ پێکەوەژیان و گفتوگۆکردنی شارستانییانە لە نێوان دەسەڵاتداران و هاوڵاتییان و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا دابنێن. دەشتوانن هەر لەم رێکەوتەوە سەکۆیەکی ئازادی گوێگر لە هاوڵاتی لە شوێنێکی شارەکاندا بە بەشداریی نوێنەری راستەوخۆی سەرۆکایەتییەکانی حکوومەت دابمەزرێنن و مانگی جارێک کۆبوونەوەی هاوڵاتی و حکوومەت ببێت.

یانی هەوڵبدەن و لەگەڵ یەکتر بەو ئەنجامە کۆتاییە بگەن کە شەڕ و رووخاندن و تێکدان رێگاچارە نییە، چونکا ماڵی خۆمان وێران دەکەین.

بۆ پاککردنەوەی تەمی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و هاوڵاتی و دەسەڵاتیش، رۆڵی سەرۆکایەتی یەکانی حکوومەت مزگێنیدەرە بۆ چاکسازی و پەرەگرتنی دادپەروەری و یەکسانی لە وڵاتدا و کەسایەتییە ئایینییەکانیشمان باش دەزانن، دەبێ پاڵپشتیی دەسەڵاتە کوردییەکەمان بکەن، چونکا ئەو رێز و حورمەتەی پێیاندراوە، بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، بەرهەمی سیاسەتی کوردییە و لە کاتی حکوومەتە داگیرکارەکاندا ئەو پێگە و دەنگەیان نەبووە و وا بە باشی دەزانم ئەوانیش هاوشان لەگەڵ لایەنە ئایینییە حیزبییەکانی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری چاکسازی و یەکتر قبووڵکردن بن، ئەو رۆڵەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئایین و کەسە ئایینییەکان گێڕاویانە و تێیدا سەرکەوتوو بوون. چونکا ئۆپۆزیسیۆنیش کاتی خۆی بەو شێوەیەی ئێستا لێیان قبووڵ نەدەکرا و تەنانەت لە وڵاتانی دێمۆکراسیی خۆرئاواش ئەگەر لایەنێک یان کەسانێک بیانەوێ بەرهەڵستی ئاسایشی وڵات بکەن، ئەوا بڵاوەیان پێدەکرێ و بە لایەنێکی ناشارستانی دەیاندەن لە قەڵەم.

پلانێکی پێشگیرانە: حەوتوویەک بۆ ئاسوودەیی دانیشتووانی باشووری وڵاتەکەم

زۆر جار بۆ ئەوەی کەسەکان لێك تێبگەن، پێشنیاریان پێدەکەن ماوەیەك پێکەوە بژین و پێکەوەهەستن و کار بکەن. ئەمەش جۆرێکی تاقیکراوەی سەرکەوتوو بووە.
بەداخەوە ئێمە لە پاش دوو سەدە سیاسەت و پێکەوە هەڵکردن و هەڵکشان و داکشان و ئەزموونی دوو دەیە لە دەسەڵاتداری لە باشووری کوردستانیشدا، هێشتا ئەم شێوە پلانەمان تاقی نەکردووەتەوە. کەچی پلانێکی بە کەڵکە و ئەنجامدانیشی ئەستەم نییە.
لە چوارچێوەی ورکشۆپێکدا کە بۆ تێگەیشتنی سیاسییانەو دیالۆگی نیشتمانی ئەنجام ئەدرێت، ئێمە ئەتوانین کۆمەڵە دیدار و سیمینارێك بەڕێوە ببەین و کۆمەڵە چالاکییەك ئەنجام بدەین.
من حەوتوویەکم بۆ ئەو بابەتە تەرخانکردووە، کە دەتوانن لە ناوەندە پارێزراوە حکوومی و حیزبییەکاندا بە ئەنجامی بگەیەنن و بۆ ئەم کارەش ناوەندەکانی ئاسایش و پۆلیسی کوردستانی لێ ئاگادار بکەنەوە.

1- سێ رۆژی یەکەم

- رۆژی یەکەم سەردانی ئەندامانی لایەنەکانی دەسەڵاتدار لە ئۆپۆزیسیۆن
- رۆژی دووهەم سەردانی ئەندامانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەسەڵات
- رۆژی سێهەم پێکگەیشتنی سەرکردایەتییەکانی هەموو لایەنەکانی ناو گۆڕەپان

2- سێ رۆژی دووهەم
- هاتنی کەسایەتییە ئایینییەکان بۆ ناوەندێکی بەرینی دابینکراو بۆ دیالۆگ لەگەڵ خەڵکدا و رۆڵ بینینی رۆشنگەرانەی کەسە ئایینییەکانمان
- هاتنی کەسایەتییەکانی دەسەڵات بۆ ناو خەڵک بەمەبەستی دیالۆگ
- هاتنی کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ناو خەڵک بە مەبەستی دیالۆگ
3- رۆژی هەینی: هەینیی پێکەوەبوون و پێکەوەژیان
رۆژی هەینی دەتوانێ رۆژێك بێت، کە لە بنکەکانیشدا تا نیوەشەو پێکەوە دیالۆگ بکەن. تا نیوەشەو قسە بکەن. هەموو مەسرەفی خواردنیشیان لەسەر حکوومەت بێت و ئەم رۆژە رۆژی "پێکەوە بوونی نیشتمانی" ناو بنرێت.
لە دوای تەواوبوونی ئەم حەوتووە دەتوانین کۆمەڵە لیژنەیەك بۆ وەڵامدانەوە بە داواکانی گەل دابنێین. یانی وا بکەین کە ئەگەر هەر چەشنە بارگرژییەك بیەوێ کۆمەڵگا بگرێتەوە، لە پێشدا پلانی چارەسازمان بۆ دانابێت.

ماڵپەڕی: پارتی سەربەستیی کوردستان
15:52:45 06-12-2011

# کەسایەتی ناوداری جیهانی و دۆستی ئازادیخوازان "ڤاتسلاڤ هاڤێڵ" کۆچی دوایی کرد



بەیانی رۆژی یەکشەمە 2012/12/18 "ڤاتسلاڤ هاڤێڵ" سەرۆککۆماری پێشووی " کۆماری چێك" و نووسەر و ئازادیخوازی جیهانی و چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ، لە تەمەنی 75 ساڵیدا و بە نەخۆشینی گەدە کۆچی دوایی کرد.
هاڤێل لە بنەماڵەیەکی رووناکبیری شاری "پر اگ" دا لە دایکبوو و بنەماڵەی ناڕازیی ئەو بە شێوازێکی راستەخۆ لە رووداوە سیاسی و کلتوورییەکانی چێك وسلۆڤاکی 1920 و 1940 دا بەشدار بوون و بەو هۆیەشەوە حیزبی کۆمۆنیست ئیجازەی بە هاڤێل نەدا لەقۆناغەکانی دواناوەندیدا درێژە بە خوێندن بدات و لە خوێندنی شەوانەوە قۆناغی دواناوەندیی تێپەڕاند و دواتریش دوو ساڵەی پەروەردەی مامۆستایانی تەواو کرد. بە هۆی کاروباری شڵەژاوی سیاسیی ئەو سەردەمەوە نەیانهێشت لە بەشەکانی زانستەمرۆییەکاندا درێژە بە خوێندن بدات و ئیتر رووی هێنایە

سەر دەرهێنانی شانۆیی و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا.
لە دوای" بەهاری پراگ" ەوە کە لە 1968 دا روویدا و بۆ ماوەیەك بەهۆی کەشی سیاسیی خنکێنەرانەوە لە شانۆ دووریان خستەوە و تاکو ساڵی 1990 کە بوو بە یەکەمین سەرۆککۆمار کە لە پاش شەڕی جیهانیی دووهەمەوە کۆمۆنیست نەبوو، زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە حاڵەتی زیندانیبوون و دەستبەسەربووندا تێپەڕاند.
هاڤێڵ گەورەترین دەسکەوتی سەردەمی سەرۆککۆماریی خۆی بە هەڵوەشاندنەوەی "پەیمانی وەرشۆ" و لکاندنی وڵاتانی ئەو پەیمانە بە وڵاتانی "پەیمانی ناتۆ"وە دادەنێ.
"بیل کلینتۆن"سەبارەت بە ئۆسلووبی سیاسیی "هاڤێڵ"، ئەوی لە ریزی "ماندێلا و گاندی" دا داناوە. ساڵی 2003 یش خەڵاتی ئاشتیی گاندی لە وڵاتی هێند پێبەخشرا.
"هاڤێڵ" یەکێك لەو کەسایەتییە دیارانەی جیهان بووە کە سەبارەت بە گیرانی رووناکبیران و ئازادیخوازانی ئێران، نارەزایەتیی خۆی لە بەڕێوەچوونی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەئێراندا دەربڕیوە.
هاڤێڵ لە ماوەی ژیانی سیاسی و هونەریی خۆیدا، بوو بەجێگای رێزی زۆر یەك لەکەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان و دۆستی نزیکی بیل کلینتۆن-یش بوو. لەو ماوەیەدا چەندین خەڵاتی گەورەی ئاشتیی جیهانی وەك: میدالیای ئازادیی فیلادلفیا 1994 و پاڵێوراوی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و خەڵاتی ئاشتیی گاندی پێبەخشرا.
بەرهەمە سیاسی و شانۆییەکانی بریتین لە:

- جەژنی باخچەیی ١٩٦٣
- یادەوەرییەکان ١٩٦٥
- پەپوولەیەك لەسەر ئانتینەکە(ئالێر) ١٩٦٨
- ئۆپێرای دەروەزەکەران ١٩٧٥
- هەڵە ١٩٨٣ه

- سبەینێ ١٩٨٨
- هێزی هەژاران ١٩٨٥
- ژیان لە حەقیقەتدا ١٩٨٦
- نامەبۆ ئۆڵگا ١٩٨٨
- بەرەو پێشوازیکردنی کۆمەڵگای مەدەنی ١٩٩٤
- بەرەو قەڵا و گەڕانەوە ٢٠٠٧

.......................................................................

سەرچاوەکان :

رادیۆ دۆیچەوێلە و رادیۆ فەردا و ویکیپێدیا

# ئیتر نابێ یارمەتیی کۆماری ئیسلامی بدەین، پشت ڕاست بکاتەوە!؟




لە چوارچێوەی هەڵوێستەکانی رۆژئاوا بەرانبەر بە ئێران و زیادکردنی حەسارەکانی سەر رژێم، بە پێویستم زانی چەند سەرنجێك ئاراستەی رای گشتی و میدیای کوردی بکەم.

1- لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانانیشین.

کۆماری ئیسلامی بەدوو خەسڵەتی دژ بە یەکەوە، ساڵانێکە خەڵکی ناوخۆ و ئۆپۆزیسیۆن و وڵاتانی دەرەوەشی تووشی سەرلێشێواوی کردووە.
ساڵانێکە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ ئەدات دەست بە دەسەڵاتەکەیەوە بگرێ کە هەرەس نەهێنێ و لە هەموو ئامرازێکیش بۆ راگرتنی پێگەی خۆی لە دڵی کۆمەڵگای جیهانیدا کەڵکی وەرگرتووە.
دانیشتنەکانی لەگەڵ رۆژئاوا بەشێك بووە لەو رەوتە دووفاقییەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و هەر ئەوەشی بە شێوەیەکی ترسناك بەرانبەر ئۆپۆزیسیۆنی بۆ زەربەلێدان بە ئەنجام گەیاندووە.
لە دوو ئەسڵی شیعی و ماکیاڤێلیستی بۆ راگرتنی دەسەڵات کەڵکی وەرگرتووە و دووکەڵی لەچاوی دنیا کردووە.

لە ئەسڵی "تقیە" واتە قبوولكردنی هێندێك بابەت كە زیانی لە مەرگ كەمترە و ئەسڵێكی یاساكانی شیعەگەرییە و لەو یاسا ماكیاڤێلیستییەش كە ئەڵێ: دەسەڵاتدار بۆ راگرتنی هێز و دەسەڵاتی خۆی بۆی هەیە پەنا بۆ كەڵك وەرگرتن لە هەموو ئامرازێك ببات تا بتوانێ بەسەر كۆمەڵگادا زاڵ بێت، كەڵكی وەرگرتووە و تا ئێستاش وەكوو دووپشك كلكی بە هەموو بارێكدا سووڕداوە. هەر ئەمەش وای لە زەینی دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامیدا نەخشاندووە كە بڵێ: من ئەتوانم هەر كات بمەوێ، دنیا بێنمە سەر مێزی دانووستان و ملكەچی هیچ بریارێكی دادپەروەرانەش نابم.

بەڵام ئێستا پێگەی ناوخۆ و دەرەوەی كۆماری ئیسلامی بەرەو لاوازی رۆیشتووە. وای لێهاتووە كە دەبێ بۆخۆی تەواوی ئەو مەرجانەی لایەنەكان بۆیان داناوە پەیڕەو بكات و لەگەڵ ئەوەشدا بۆی نییە جارێكیتر باس لە شەرعییەت وەرگرتن بكات، چونكا تاقیكردنەوەكانی رابردوو، كۆماری ئیسلامیی لە بەرانبەر رای گشتی جیهانیدا بە شەرمەزار داناوە.

2- كۆماری ئیسلامی ئەوەی سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق و چەند ساڵ دواتر نییە.

سەردەمانێك كۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێكی تاڕادەیەك جێگیری هەبوو. شەڕێكی بە سەركەوتنەوە تێپەڕاندبوو و لە دەستی هێرشبەرێكی یاخی وەك سەددام رزگاری ببوو. یانی خەریك بوو، هێدی هێدی خۆی لە ناوەندە سیاسییە نێودەوڵەتییەكاندا دیار بخاتەوە و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی خۆیشیدا بە هەر شێوەیەك بێت و لە هەر ئامرازێك كەڵكی وەرگرتبێت، كۆتایی بە كێشەكان بێنێت. هەر ئەوەش بوو، دەزگایەكی جاسووسی – دیپلۆماسیی لە وڵاتاندا

خستەگەڕ، کە بە ناوی لێژنەی پێوەندی و بازرگانی و کلتوورییەوە خەریکی راپەڕاندنی کارەکانیان بن.

ئیتر بە هەموو شێوەیەك ویستی، لەگەڵ دنیای جیاواز لە ئایدیا و رەوشی سیاسیی پەسندی خۆیدا دانووستان و هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ئەو رەوشەش لە ماوەی شەڕی نێوان ئێران-عێراق بۆ ئێستا گرتیەبەر، رەوشێك نەبوو، کە لەگەڵ ستانداردەکانی ژیان و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی-سیاسیی سەردەمدا بگونجێت و ئەمەش دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە بەرانبەر ئەگەری نەماندا دانا. چونکا کۆماری ئیسلامی ئیتر بۆ پرسەکانی سەردەم وەڵامێکی تازەی پێنەبوو و دروستبوونی وتە بە نرخەکەی "توینبی"ی لەسەر خۆی بە راست گەڕاند، کاتێك وتی: "هەرکات دەسەڵاتدارانی حکوومەتێك بۆ پرسیارە نوێیەکان وەڵامی کۆنیان پێبێت، ئەوا سەردەمی لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتە دەستی پێکردووە."

3- ئەگەر گەل و ئۆپۆزیسیۆن بە تێکڕایی هاوتەریب بن و هەڵوێستێکی هەمەلایەنەیان بۆ بایکۆتکردنی کۆماری ئیسلامی ببێت، ئیرادە و هەیمەنەی دەسەڵات هەرەس دێنێ.

ئیرادەی جیهانی بۆ بایکۆتکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و پێگەی سیاسی و دەسەڵاتەکەی، لەم ساتەوەختەدا هاوتەریبە لەگەڵ خواستی گەلانی ئێران بۆ ئازادی و دەرچوونیان لە بندەستە بوون.

ئەگەر ئاوڕێك لە هەڵبژاردنی پێشووی کۆماری ئیسلامی و ئەم هەڵبژاردنەی لە سێ مانگی داهاتوودا ئەنجام ئەدرێت بدەینەوە، جیاوازییەکی زیاتر لە هەڵوێستەکاندا دەبینین.

لە هەڵوێستی رۆژئاوادا تەریکخستنەوەی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت لابردنی دەسەڵاتەکەی دەبینرێ. کۆمەڵگای ئیسلامی و تورکیاش سوورن لەسەر ئەوەی ئێران بە لاوازی لە ناوچەکەدا ببینن. لە ئاستی هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامیشدا، رووسیا و چین و وڵاتانی وەك برازیل و ڤێنزوێلا و... هتد، لە ترسی گەمارۆی نێودەوڵەتی بۆسەر ئەو لایەنانەی ئارمەتیی ئێران ئەدەن، ناوێرن بە راشکاوی یارمەتییەکانیان پێشکەش بە ئێران بکەن و لە لایەکیشەوە، گەمارۆکانی رۆژئاوا بۆسەر پیشەسازیی نەوتی ئێران، پێگەی لە دەرەوە و ناوخۆ لاواز ئەکات و رووسیا و سەعوود و چەند وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنەری نەوتیش تێیدا سوودمەند دەکات، بۆیە رووسیاش زۆر سوور نابێت، لەسەر لانەبردنی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانەکەو لە ئاستی ناوخۆی ئێرانیشدا، ئەگەر پێشتر سەوزەکان ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت یارمەتیدەری بووژاندنەوەی کۆماری ئیسلامی بوون، لە ئێستادا ئەو یارمەتیدەرە ناوخۆییەی کۆماری ئیسلامی نەماوە، سەرنجی میدیای جیهانی و خەڵکی جودابیری ناوخۆو دەنگدەری ناڕازیش بۆ لای خۆی پەلکێش بکات. ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی قەیرانێکی هەمەلایەنە بووەتەوە.

لەم کاتەدا ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بتوانن کەڵك لەم دەرفەتە وەربگرن، سەرنجی دنیا بۆ لای دەسەڵاتێکی ئاڵتێرناتیڤ پەلکێش دەکەن و شەرعییەت لە کۆماری ئیسلامی دەستێننەوە.

4- ئێمە نابێ نوێنەری بێئیرادەکراو و بێدەسەڵات بنێرینە پارلمان

ئاگاداری هەڵوێستی زۆر لایەنی سیاسیی ناوگۆڕەپانەکە هەم، کە تەنیا لەبەر ئەوەی شتێکی تازەیان وتبێت، یان بیانەوێ لە میدیاکاندا ناویان وەك "لایەنی جیاواز" بهێنن، دەیانەوێ لە هەڵبژاردنەکاندا بایەخ بەوە بدەن، خەڵك بۆ جارێکیتر بچنەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردندا بەشداری نەکەن.

دوو تێبینی وام لێدەکات، بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵوەستە لەسەر ئەم بابەتە بکەم: 1- هیچ نوێنەرێکی تەواو گەلی ناتوانێ ئەمجارە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات.2- هیچ دەنگێکی لاوازکەری هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە پارلمانی داهاتوودا بەدیناکرێت.

بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەتوانم بڵێم: نوێنەرێك کە ئیرادەیەکی لە خۆوە ببێت، ناڕواتە پارلمان و ئەگەر ئێمە پێمان وابێت، بۆ پارلمانی ئێران فراکسیۆنێکی وەك (ب.د.پ) مان دەبێت و کەسایەتی وەك لەیلا زانا دەنێرینە پارلمان کە نوێنەرایەتیی گەل لە پارلماندا بکات، شتی وا روونادات. چونکا لە هەڵبژاردنەکانی رابردووشدا هیچ نوێنەرێکی کوردمان نەبووە، لەسەر خواستی گەل زیندانی بکرێت، کەچی بۆ کوردانی باکوور وا نەبووە. هەر بۆیەش پێشبینی دەکەم، ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیباتە پارلمان، کەسی دڵخوازی گەل نابێت.

هەر بۆیەش لەسەر ئەو باوەڕەم ئەتوانین نەبوونی نوێنەریش تاقی بکەینەوە!... داوا بکەین کەس خۆی نەپاڵێوێ و کەسیش نەچێتە سەر سندووقی دەنگدان. ئەوەش دەچێت و خۆی دەپاڵێوێ، ئیتر دیارە، کێ سەر بە رژێمە و نوێنەری خەڵك نییەو لێرەدایە هەم ریزەکانی رژێم و هەم ریزی گەل و هەم تواناکانی رژێم و هەم توانای بەرەنگاریی گەلی تاقیدەکرێتەوە. یانی ئەتوانین بۆ یەکەمجار لە مێژووی هەڵبژاردنەکاندا پەنا بۆ چەکێکی یەکلاییکەرەوە ببەین و هەڵوێستی هەموو ئۆپۆزیسیۆنیش یەکبخەین.

6- بـۆی هەیە هەڵبژاردنێـك لەئـارادا نەبێـت! ترسـی رژێـم لە هەڵبژاردن...

ئەگەری لێـدانی ئێـران لەم بەهـارەدا هەواڵێکـی دڵخۆشـکەرە بـۆ ئەوانەی بەرژەوەنـدییەکیان لە مـانەوەی کۆمـاری ئیسـلامیدا نیـیە و دیـارە ئەم رێـژەیەش لە نـاو نەتەوەکـانی ئێـران و خەڵکـی ئێرانـدا رێژەیەکی بە تەواوەت زۆرینەن.

لەوانەیە لە هێنـدێك شـوێنەوە هەواڵـی ئەوە بە گوێمـان بگـات، لێدانی ئێـران بە قـازانج نیـیە و زیـانی مرۆیـی و مـاددی بە خەڵـك و دامودەزگاکـانی حکـوومەت و دامودەزگـا مەدەنییەکـان دەگەیەنـێ و ئەوانەش سـامانی خەڵکـن و نـابێ لەنـاو بچـن، کەچـی مـن تەنیـا پرسیارێك ئەکەم و هیچی دیکە باس ناکەم: ئایا مان و نەمانی ئەو دامودەزگایـانە لەم کـاتەدا کە کۆمـاری ئیسـلامی لەسـەر دەسـەڵاتە، قازانجێکی بۆ گەلانی ئێران هەیە و ئایا بە لێنەدانـی ئێران و مـانەوەی لەسـەر دەسـەڵات، قازانجێـك بە گەلانـی ئێـران دەگـات و بە ئاواتەکانیان دەگەن؟

لێـرەدایە مـن دەتـوانم بڵـێم: وا باشـترە، پـێش لە هەڵبژاردنەکـان، گەمارۆکـانی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی و فشـاری نـاوخۆیی بۆسـەر ئێـران لەمەڕ ڕووخـانی حکـوومەت زیـاد بکرێـت و ئەم دوایـین هەڵبژاردنەش بە چاوی خۆمان نەبینین.

ئەنجام:

ئۆپۆزیسـیۆن و رۆڵـی یەکلایـیکەرەوەی هێـزی ئەکتیـڤ و شـوێندانەر(کورتە سـەرنجێك لەسـەر هەڵبژاردنەکـانی دوو رۆژی پێشووی سێکۆلارە سەوزەکان و کۆدەنگیی ناسیۆنالیزمی فارسی)

ئۆپۆزیسیۆنی گشتیی گەلانی ئێران لە باروودۆخێکی ئاستەمدان و تەنیا فارسەکانن بە وریاییەوە معامەلە لەگەڵ باروودۆخەکەدا دەکەن. ئەوان لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا کە دیارە ئەمە پڕۆژەی یەکساڵی رابردوویانە، هەڵبژاردنی دەستەکانی سەرکردایەتیی خۆیان بە ئەنجام گەیاند و لە دوو بەشدا کە دیارییان کردبوو، کاروباری خۆیان بە ئەنجام گەیاند کە دەتوانین بڵێین ئەمە کۆنگرەی ئەوانە بوو، لە داهاتوودا سەوزی نێوخۆ و دەرەوە و تەنانەت سێکۆلارە لیبراڵە ئێرانچییەکان و پاشایەتیخوازەکان لەگەڵ خۆی دەخات و دەبێ بە قورساییەك و لیستەیەکی ناو پارلمان و کابینەی دەوڵەتی داهاتوو.

کورد و نەتەوە بندەستەکانیش تا ئێستا تەباییەکی زۆریان پێکەوە نییە و ناتوانن لەبەرانبەر ئەم جۆرە کارانەی ناسیۆنالیزمە باڵادەستدا بە راشکاوی هەڵوێست بگرن و ئەگەریش بیانەوێ ئەو کارە بکەن، بە هۆی نەبوونی دەرەتانی مادی و زۆر کێشەی تەکنیکییەوە هەوڵەکانیان لاواز دەبێتەوە. بۆیە من لاموایە ئێتر دەبێ رانەوەستین.

کورد تا ئێستا کاراکتەرێکی گەورەو لە هەمانکاتیشدا لاواز بووە. چونکا لەگەڵ ئەوەیدا خۆی و نیشتمانەکەی، پێشمەرگە و سەنگەری خۆڕاگری لە دژی کۆماری ئیسلامی بوون، کەچی پەرتەوازەیی هێزەکان وایکردووە، تەنیا هەیکەلێکی گەورەی بێ جووڵە بێت و ئەگەریش جووڵەیەك ببێ، جووڵەی خۆ-سوێنەرانە بووە. یانی پێویستە لەم قۆناغەدا بەرەیەکی لێبوردە دروست بکەن و پاڵ بە گرفتەکانی رابردووەدوە بنێن وماڵئاوایی لە رابردووی پڕکێشە بکەن. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی پێگەی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر هێزی کورددا و کوردیش دەکرێ وەك کاراکتەرێکی گەورەی ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و تەنانەت لە ناو میدیا و کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا حەسیبی بۆ بکرێت. ئەمەش ئەگەر

وەدی بێــت، ئامــانجێکی گەورەی گەلــی کوردمــان وەدیهێنــاوە، کە هەموومانیـان لە ریزێکـدا بە تێکڕایـی بەرانـبەر بە کۆمـاری ئیسـلامی بینیوە.

........................................................

21:23 - 2011 12 09

ماڵپەڕی: ڕۆژنامە

# هەژموون و خەیاڵی کورد و ئامانجە نوێیەکانی ئێمە

**(خوێندنەوەی جیهانی ئێستا و مافەکانی کورد بە گوێرەی ئامانجە پەسندکراوەکانی کۆنفرانسی سێهەمی "پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان")**

**ژینگەی ئێمە ئەوپەڕی خەیاڵ و هەژموونی ئێمەیە.ئەمە گوتار و کردار و بیرکردنەوەی کوردە، نەك ئەوانیدی.**

"مادستانی گەورە"ئەو ژینگەیەیە، کە توانیویەتی یەکەمین ئۆرگانی دێمۆکراتیك واتە مەجلیسی راوێژ بەرهەم بێنێ. ئەوەی حەوت هەزار ساڵ لەوەوپێش لە هەوارامانـدا ئاسەواری بینراوە و هەر ئەوەش پێشکەوتنی بەرچاوی بووە و توانیویەتی یەکەمین دەوڵەتی پلۆرالیستی فرەکاراکتەری خاوەن هاوپەیمانی(ی وەزاڵە هاتووان لە دەستی شەرانگێزە گەورەکەی ناوچەکە) بۆ بەرگریکردن لە دەسکەوتە ئینسانییەکانی خۆی دروست بکات.ئەمەش یەکەمین بیرۆکەی خزمەتگوزاری بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی لە مێژوودا بووە - کە بە پێی رازیبوون بە هاوکاری و کۆدەنگیی جیهانی کەونارا لەگەڵ ئەم دەوڵەتدارییە ئەخلاقییەدا – کە حیکایەتی ئەو بیرۆکەیەیەو باسی لە مەزنێتیخوازیی بەرگریکارانە لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی دڕندەترین ئیمپراتووریای مێژوودا کردووە.

سیاسەتی "پانکوردیزمی ئینسانی" باس لە هەژموونی کورد لە بەرانبەر هەژموونی تێکدەرانەی بێگانەدا دەکات. ئەو هەژموونەی ئێمەی وەك لایەنی بەرگریکاری دەسکەوتەکانمان بەردەوام

هێشتووەتەوە و نەیهێشتووە هەرەس بێنین و لە هەمانکاتیشدا بە گوێرەی کلتووری دەستدرێژیکارانەی ئەوان، هانیداون، زیاتر هەنگاو بو ئاسیمیلەکردنی ئێمە بنێن.

ئێمە بەردەوام ئینسانییانە و هاریکارانە – بۆ دروستکردنی جیهان و ژینگەیەکی تەندروست – لەگەڵیان هەوڵمانداوە و ئەوانیشی زیاتر تەماحکار کردووە.چونکا پێیان وایە ئێمە هەتا دەتوێینەوە، لەگەڵیان بە بەزەیین.

هەر ئەم شێوازە لە هەڵسوکەوت و بنەمای ئەخلاقیش وایکردووە، ئەگەر لای کورد قەناعەتی فشار خستنەسەر داگیرکار دروست بووبێ، قەناعەتێکە باس لە باشتر بوونی ئەم لەگەڵ ئەوان و سۆزی ئەم بەرانبەر ئەوان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر تەنانەت بێگانەشدا کە بۆ داگیرکردنی خاکی ئێمە هاتوون و ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە، بەو قەناعەتە بگەن کە خاکی ئێمە چۆڵ بکەن.کەچی بێزێزیشیان بەرانبەر نەکراوە، مەگەر ئەوەی دەستدرێژیکار بووبن و وەڵامی یاسایی و ئەخلاقییان درابێتەوە.

"پانکوردیزمی ئینسانی" باس لەو ژینگە کوردییە دەکات، کە لە مادستانە مەزنەکەیدا، کە وەکو یۆتۆپیایەکی تازە و ئیمرۆژی و بە تایبەتمەندییە کوردییەکانیەوە کە سەرەکیترینیان پێکەوە هەڵکردن و دەستدرێژی نەکردنەسەر مافەکانی ئەویدیکەیە و دەروازەیەکە بۆ رەواجی بنەماکانی مرۆڤدۆستی بە شێوەیەکی گونجاوتر لە رۆژهەڵاتی ناویندا، نایەوێ هیچ نەتەوەیەك لەم ناوچەیەدا بە باڵای ئەویدیکەدا بتوێتەوە و باشترین چارەسەری کێشەی ئەمڕۆی جیهانی پاشکەوتووش بەوە دەزانێ، کە خواستی هەموو یەکە نەتەوەییە بندەستەکان جێبەجێ بکرێن و بە هەموو مافەکانی خۆیان بگەن و ئەوانەی زەرەمەند بوون، قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە.

لە راستیدا ئێمە دەبێ بۆ ئەو مەتەڵە نەزانراوە بگەڕێین، کە وەکو نهێنی جیهانی بندەستەکان ماوەتەوە و بۆ هەر کام لەو نەتەوانەش بە شێوازێك خۆی شاراوە هێشتووەتەوە. ئەو نهێنییەی کە ئەگەر بزانرێ، سەرکەوتنی مەزنترینی جیهانی بندەستەکان - واتە کورد - مسۆگەر دەکات.

یەکێك لە گەورەترین بنەما تیۆرییەکانی "پانکوردیزمی ئینسانی" پلانێکی تایبەتییە بۆ دابەشکردنەوەی مافەکان لە مادستاندا بە شێوەیەکی یەکسان.

ئەم پلانە "سیاسەتی قەرەبووکردنەوەی رەگەزی" یە.

"سیاسەتی قەرەبووکردنەوەی رەگەزی" لە کورد و مافە رەواکەی وەکو زیانلێکەوتوو دەڕوانێ. ئەم پلانە باس لەوە دەکات، بۆ ئەوەی پێش بە جەنگی داهاتوو و زیانی زیاتر بگرین، دەبێ رەگەزە زیانلێکەوتووەکان قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە.

یەکێك لەو رەگەزانەش کە زیانباری مێژوویی بووە، رەگەزی "مێینە" یە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی "پانکوردیزمی ئینسانی" و لە ژینگەی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە واتە"مادستانی گەورە"دا، رەگەزی مێ قەرەبوو دەکرێتەوە.

هەژموونی نەتەوە لەسەر ویژدانی تاکەکانی، یەکسانە لەگەڵ ئاستی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی

دروستبوونی ئەو ویژدانەی کە هەرەسهێنانە وردەکانی ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگا تاکو ئاستی سەرەوە و چڵەپۆپەی سەرکردایەتیکردن، بە شکستێکی قەرەبوونەکراو ببینرێ، دەکاتە هەژموونی نەتەوە لەسەر تاکەکانی خۆی و بەرپرسیارێتیی مەزن

دەخاتە ئەستۆی تاکەکانی بۆ ئەوەی نوشوستی نەتەوەیی تەجروبە نەکەن و لە کەمترین ئاستی خۆیدا پێشی پێ بگرن.

دیزاینی تازەی نەتەوەکان

نەتەوەکان لە جیهانی رۆژئاوادا بە شێوەیەکی سروشتی شکڵیان گرت.
پاش گەشەی شارستانییەتی خۆرئاوا و دەسپێکی جیهانی مۆدێرن و هاتنە ئارای پرس و ئاراستە چارەنووسسازەکانی وەك (بووژانەوە : رێنێسانس و ریفۆرماسیۆن : ریفۆرمی ئایینی و چاخی رۆشنگەری و گەشەی رۆشنبیریی کۆمەڵگا و هاتنەئارای قۆناغێکی تازەی رێکخستنەوەی کۆمەڵگا بە گوێرەی کار و بەرهەمهێنان و کزبوونی ئاستی دەسەڵاتی میرە ناوچەیییەکان و بەهێزبوونی دەسەڵات و رۆشنبیریی گەل) لە جێگەی ئیمپراتووریيە سامناك و ستەمکارەکان، پرسی ئینسانی و دیمۆکراتیك و دابەشکاری و هێڵکاریی نوێ دروست بوو.
دابەشبوونی جیهانی پێشکەوتوو و پیشەسازی بە شێوەی قەوارەی ئێتنیکی و دواتر رکابەریکردنی ئەم قەوارانە بۆ سەلماندنی هێز و پێشکەوتنی خۆیان و بە کۆیلەکردنی دنیای پاشکەوتوو – لەبەر چاوچنۆکیی خۆیان و ئایدیاکانیان – وایکرد، شەڕە گەورەو گرانەکان ودوو قەوارەی جیاوازی نەتەوەیی 1- نەتەوە سەرکەوتووەکان و 2- نەتەوە بندەست و هەژارەکان پێك بێن.
یانی دنیا بە دوو دەستەی نەتەوە باڵادەستەکان و نەتەوە بندەستەکاندا دابەش ببێت.
ئەم هێڵکارییە جیهانییەش نارەزایی و کێشەی گەورەی بۆ هەموو خەڵکی دنیا دروستکرد و دەیان ئایدیا و رێبازی پێشنیارکراو – بۆ

دروستکردنەوەی دنیا بە شێوازێکی باشتر و هێڵکارییەکی ئینسانییتر – هاتنە کایەوە.

لە ئێستاشدا کە کێشەی نەتەوەکان لە ئەوپەڕی خۆیدا خۆی وەدیار خستووە، پێویستە جارێکیتر بۆ دیزاینکردنەوەی جیهان، رێگا چارە و بیرۆکە نوێیەکانمان بێنینەوە بەر باس و چارەسەرێکی ئێجگاری بۆ کێشە هەڵپەسێردراوە مرۆییەکان بدۆزینەوە.

ئامانجی ناسیۆنالیزمی ئێمە : "پانکوردیزمی ئینسانی"

ناسیۆنالیزمی کورد، نەتەوایەتییەکی ئینسانی و لە هەمانکاتیشدا بە بەزەییە.

ئەمەش وایکردووە، دوژمنانی کورد کەڵکی خراپ لەم تایبەتمەندییە ئەخلاقییەی کورد وەربگرن و مافەکانی لێ زەوت بکەن، بە بێ ئەوەی لەوە بترسن لە لایەن کوردەوە دەستدرێژییان بکرێتە سەر و هەژموونیان بێتە ژێر پرسیارەوە.

ئێمە لەم بەشەدا بە پێویستمان زانی ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمی مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخواز و وریاییبەخشی کورد بۆ هەزارەی تازە روون بکەینەوە.

لە پێناوی ئەم ئامانجانەی خوارەوەدا خەبات دەکەین:

1- دابەشکردنەوەی جوغرافیای ناوچە کێشەلەسەرەکانی جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین (کە کورد تێیدا نیشتەجێیە) بە گوێرەی خواستی گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتانە، کە هەمانا خواستی رزگاری لە ژێردەستەبوون و خواستی ئازادی لە کۆیلایەتییە.

2- دوور کەوتنەوە لە کلتووری داگیرکاریی توندوتیژی – ئاکار و شەڕکردن لە پێناوی جێگیرکردنی ئەم کلتوورە ئەخلاقییەدا
3- چڕترکردنەوە و بە تەندروستکردنی پێوەندییە ئێتنیکی و مرۆییەکان
4- هێشتنەوەی سنوورەکان بە دەڵمەیی و کردنەوەی دەروازەکان بە ڕووی پێوەندییە تەندروستەکاندا
5- قەرەبووکردنەوەی رەگەزە زیان لێ کەوتووەکان
6- دابەشکردنەوەی داهاتی دانراوی، بێ کەڵککراوی جیهان و دابینکردنی نیازی نەتەوە و ناوچە هەژارەکان بە پێی ستانداردێکی نێونجیی پێداویستییە جیهانییەکان
7- گۆڕینی پەروەردەی جیهانی و هێنانەئارای سیتەمێکی تەندروستی پەروەردەی مرۆیی بۆ بنبڕکردنی هەژاریی مەعریفی لە جیهاندا
8- بردنە سەری ئاستی بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەکان و دانانی هێزێکی بەرگریکاری جیهانی بە مەبەستی گرێنتی دانان بۆ ژیانی تاك و گرووپ و نەتەوە بەرمەترسی کەوتووەکان

## جیهانگیری و گۆڕینی بنەما ئەخلاقییەکان

لە سەردەمی جیهانگیریدا کە سەردەمی ئێستامانە، کۆمەڵە هەوڵێکی نابەرپرسیارانە لە ئارادا بووە، کە بە پێی نیاز و ئامانجی باڵادەستەکانی دنیا، کەم و زیاد کراوە و بە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشە لە جیهاندا ئەو هەوڵانە پیشان دراون. کەچی لە ئاکامدا و بە پێی نێوەڕۆکی ئەسڵیی بابەتەکە، کە بریتی بووە لە هێشتنەوەی باڵادەستی و ملکەچکردنی قەدەرە لاوازەکانی دیکە بە قازانجی خۆیان... ئەم هەوڵانە تا ئێستاش شکستیان خواردووە.

مەبەستی ئێمە لێرەدا یارمەتیدانی هەوڵە ئینسانی و ڕەسەن و شیاوەکانی ئەو نەتەوە و گرووپانەیە، کە جێگای پەسند و پشتیوانیی گەلەکەیانن. بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ سەرگرتنی ئەم ئامانجە پێویستە ئەم چەمك و ناسیارێتییانەی خوارەوە بگۆڕدرێن.

1- ماناکردنەوەی شوناس بە شێوازێکی ئینسانی و ئێستایی تر

2- پێداچوونەوەیەکی تایبەت بە خاڵەکانی مانیفێستی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا، کە لانیکەمی گارانتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە بۆ ئێمەی گەلانی ناوچە هەژارەکان (لە باری مافداری یەوە) تێیدا دەستەبەر بکرێن.

3- نەهێشتنی جیاوازی لە سەردەمی جیهانگیریدا بۆ هاوڵاتییانی گۆی زەوی

نەتەوایەتی ڕکابەریکار و شەڕانگێز و بیمار، دژی نەتەوایەتیی یەکسانیخوازی قەرەبووکارە!

ئەم ئامانجە مانای کورتکردنەوەی هەژموونی باڵادەستەکان لە پێناوی سەرخستنی ئایدیایەکی مرۆڤ و ژینگە پارێزدا دەدات.یانی ئامانجەکانی (نەتەوایەتیی کلاسیك) دەبێ هەرەس بێنێ و (نەتەوایەتیی دێمۆکراتیك و ئینسان – تەوەر) جێگای بگرێتەوە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە لە سەردەمی مۆدێرندا جیهان هیچ حەوانەوە و دڵنیاییەکی بە خۆوە نەبینی و لەم سەردەمی نادڵنیایی – لە ڕەوشی ئەمن و ئاسایشی جیهانەدا – دەبیچ بە هەموومان هەست بە مەترسی بکەین.یانی دەبێ لە پێناوی کوشتنی بیرۆکەی باڵادەستیدا – بە شێوازە کۆنەکەی – کە دەبووە هۆی کاولکاری و قڕکردنی مرۆڤ، خۆمان و وەچەکانی داهاتووشمان ئاگادار بکەینەوە و

تەنـانەت وریـاییش بە مـاڵی نەتەوە باڵادەسـتەکان بـدەین کە دەسـت لە پاوانخوازی هەڵبگرن.

هەمــووی ئەم ئامانجــانەی ســەرەوەش بــاس لە دژایەتیکردنــی مەعریفەی تۆقێنەر دەکەن.

یانی لە بیر کردنی ژینگە و جیهانە ترسناکەکانی رابردوو.

کەوابــوو دەبــێ مــرۆڤ چیــدی لە ئاســتی بەرپرســیارێتییە گەردوونییەکـانی خۆیدا – کە یەکێکیـان نەکوشتنی مرۆڤەکـانی دیکە و هەوڵــدان بــۆ دروســتکردنی پێوەنــدیی باشــتر لەگەڵ جیهانەکــانی دەرەوەی بـازنەی خـۆیەتی – هەوڵەکـانی زیـاتر بکـات و ئاراسـتەی هەوڵەکـانی خـۆی بگـۆڕێ.هەروا کە ئێمەی کـورد سـاڵانێکە هەوڵ بـۆ باشتر کردنی ئەدەین و دنیا گوێی لە ئاستی داواکانماندا ئاخنیوە.

..........................................................

ماڵپەڕی: گەلیار

# با بە رێزەوە خۆمان وەدەر نێین، هەتا لە سەر سفرەکە دەرنەکراوین...!

"نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق، لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ فراکسیۆنەکەی، ئەمڕۆ هەینی رایگەیاندووە کە سەرکردە کوردەکان لە بەغدا میوانن‌و کاتی ئەوە هاتووە دەستی هەندێکیان ببڕدرێت."[1]

مالیکی عەرەبێکی درۆزن نییە چونکا پێت دەڵێ : سفرەی تو کوردستانە!؟

لەم چەند رۆژەی دواییندا و بە هۆی لاوازیی پێوەندییەکانی (کورد – ئامریکا) بەو پێیەی زۆر یەك لە بەڵێنەکانی خۆیان بۆ پاراستنی کورد فەرامۆش کردووە و بە هۆی نەبوونی پلانی تۆکمە و کارا بۆ ساخکردنەوەی پەیکەرەی کورد و جوغرافیا و دەسەڵاتەکەی، کە جاری وایە بەغداماڵی کوردە و کورد دەیپارێزێ و جاری وایشە مانەوەی کورد بە میوانیش لەو پێتەختە سپڵەیەدا مەترسییە بۆ سەر کەرامەتی ئێمە، بڕیار و بەڵێنی هەژدیهایەکی بەدەستی خۆمان گەرمکراوە دەبیسترێ کە هەرەشەی کوشتنمان دەکات.

کێ ناڵێ وەکو "احمد چلبی" خوا سەری لێ نەشێواندبێت و نانی شوان نەخوات یان کۆتایی هاتبێت و بێهەوێ ناوێك لە مێژووی عێراقدا وەکو سەرۆکەکانی رابردووی خۆی تۆمار بکات بۆ ئەوەی

رەخنە لە جەنابیان نەگرن کە تۆ ئەگەر پیاوەتیشت بووبێ ئەوا لە هێز و جەربەزەی کورد و سەرۆکەکەیانەوە سەرچاوەی گرتبوو.
بەم داستانەی جەنابی مالیکیدا بیرم بۆ لای "ئاتاتورك"چووەوە، کە چۆن هێندە زیرەکانە لە هێزی کورد، دەسەڵات و شکۆمەندیی بۆ خۆی و نەتەوەکەی بنیات نا، بێ ئەوەی پەیامی "پانتورکیزم"ی خۆی لە بیر کردبێت، کە بۆ هێشتنەوەی تورك دەبێ کورد و رەگەزەکانی تر قوربانی بن... قوربانییەکی هەمیشەیی و ئەم نەریتەشیان بۆ ناو عەرەبەکانی جێگرەوەی خۆیان و بە تایبەت بەعسی و شێوە بەعسییەکانی وەك مالیکی و بەشدارانی کۆبوونەوەکەی هەینیی رابردوو (2011/9/16 )گواستەوە.

سەعدییە و جەلەولا : سەرەتای تاقیکاریی مەزنی عەرەبی دێمۆکراتە!

"بە پێی سایتی "ساحە التحریر"، رۆژێک دوای کۆبوونەوەکەی هەولێر، هێزەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی لە کۆبوونەوەیدا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری سەرکردەی رەوتی چاکسازییو بە ئاگاداری نوری مالکی و عادل عەبدولمەهدیو چەند بەرپرسێکی تر کۆبوونەتەوە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی مەسعود بارزانی. هەندێک لەوسەرکردانە، تازە گەڕاونەتەوە لە ئێرانو چاویان بەهەریەکە لە عەلی لاریجانی سەرۆکی ئەنجومەنی شوراو جەنەڕاڵ قاسم سلێمانی بەرپرسی دۆسیەی عێراق لە سوپای پاسدارانی ئێران کەوتووە."2

بە گوێرەی ئەم هەواڵانە ئێمە دەبێ ئامادەی شەڕە گەورەکەی باشوور بین، شەڕێك کە ئەگەر بە لاوازیش بیکەین باشترە لەوەی

ببینین، ئەوان فێر بکرێن چۆن کێشەکانیان وەلانێن و بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستانەکانی "سەعدئاباد" و جەزایر... کە کورد و بێبەشکردن و قڕکردنی لە دەستووری کاریاندا بێت.

ئەم هەواڵەی دوایین بۆنی خەیانەتی ئاشکرای مالیکی بە سەرۆك بارزانی و بۆنی دروستبوونی یەکیەتییەکی گەورەی عێراقییانە لە دژی کورد دەدات و گومانی تێدا نییە بە ناوهێنانی "قاسم سلێمانی" و لاریجانی، بودجەیەکیش بە مەبەستی کورد قڕان تەرخانکراوە و پارەکەشی "بەیتی رێبەری"ی رژێمی ئێران دەیدات!

لە هەواڵەکەشدا زۆرزانییەك دیارە کە لە لایەن جەنابی مالیکی بۆ دروستکردنی درزێك لە دیواری ماڵی کورددا کراوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەسایتی "ساحە التحریر" رایگەیاند کە مالکی لە کۆبوونەوەکەدا بە توندی لەسەر قسەکانی بارزانی هەڵوێستەی کردووە، بەڵام وەسفی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە."لە هەمانکاتیشدا باسی لە ناپاکیی وەزیرێکی کورد کردوە، کە جاسووسی ماڵی مالیکییە و ئێمەش دەتوانین هەر بەو وتەیەی جەنابی مالیکی ئەو وەزیرەی پێدەربخەین یان شەرمەزاری بکەین کە بۆچی دەیهەوێ ماڵی کورد و ریزەکانی تێك بدات.(3)

ئەمەش لە وتەی سەرۆکە نهێنییەکانی مالیکی لە قوم مەشهەد دەچێت، کە ئێمەی رۆژهەڵاتی ئاشنای هەڵسوکەوتی ئەوانین، کە چۆن بە سانایی و بە قسەی خۆش دیواری کورد دەڕووخێنن و بۆیەش سەرۆکایەتیی هەرێم و بەرپرسانی کورد لە بەغدا و بەرپرسانی ئۆپۆزیسیۆنیش ئاگادار دەکەینەوە، لە بەرانبەر عەرەبدا هۆشیار و یەکگرتووبن و جارێکیتر و ئەمجارەیان بۆخۆتان ماڵیان هەرەس پێ بێنن و بیانهێننەوە بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی دان بە گەورەیی و مافە بێ ئەملاوئەولاکانی کورددا بنێن.

دیــاره راکێشــانی ســوپای کــورد بــۆ ســەعدییە لەگەڵ ئەوەیــدا بانگەشەی جەنگێکی نهێنی بۆ شکانی کورد – بەدەستی مالیکی و بە سەرکردایەتیی ئێـران و لەوانەیە تـورك و ئیسـلامییە تونـدڕەوەکانی برایـان – بووبێـت، باسـێکی تازەشـی خسـتە نـاو شـەقامی عەرەبـی عێـراقەوە کە مەترسـیی بە کـۆیلەکردنی ئێـوە لە لایەن ئامریکـا و نەتەوەیەکگرتووەکـانەوە بە دەسـتی کـورد لە ئـارادایە و ئێـوە نـابێ بێدەنگ و پەرتەوازە دانیشـن. ئەمەش تاقیکـارییەکی شکستخواردووی مـالیکی و دۆسـتانی نـاوخۆ و دەرەوەی بـوو، چونکـا نە کـورد داردەسـتی ئامریکـا و نەتەوەیەکگرتووەکـانە و نەمـالیکیش ئەو پیـاوەیە بتـوانێ رۆحـی مـردووی شکسـتخواردووی عێراقچێتیـی (سـوننە و شێعە بە تێکڕایـی) زینـدوو بکـاتەوە و عێراقـی ئەنفـالچیی هەشـتاکانی پـێ سـاغ بکـاتەوە... ئەو عێـراقەی قەت نـابێتەوە و تورکیـا و ئێـرانیش چـاولێکەری - ی دوای هـاتنە ئـارای بەهـاری تـورك و ئێرانـی - و بەمـــۆدێلکردنی عێـــراق بـــۆ هەڵوەشـــانەوەی دواجـــاری دوو ئێمپراتوورییەکەیـان، بە دوایـین تراژێـدیای پـێش چـاوی خۆیـان و مەرگی خەونە ترسناکەکانیان دەزانن. بۆیە هێندە ماندوو و سەرقاڵی کزکردنی لۆبیی کوردن.

..................................................................

ژێدەر:
http://www.anews.blogsky.com/1390/06/26/post-754

ماڵپەڕی: ناوەندی ئاشتی و یەکبوون
http://kuldp.org/dreje.php?id=331

ماڵپەڕی: یەکیەتی زانایانی ئایینی کوردستان

# "کۆنفرانسی نەتەوەیی" لە دوو بواری جیاوازدا

(کاتەکان وەك (با) دێن و دەچن و ئێمەش لەم کاتە هەستیارەدا، وەکو داهۆڵێك لە شوێنی خۆماندا وەستاوین و بیر لەوە ناکەینەوە، ئیتر هیچ دالآشێك... هیچ قەلەباچکەیەك حەسێب بۆ داهۆڵ ناکات... مەگەر لە شوێنی خۆی بجووڵێ و ئەو تەکانە مێژووییە بەخۆی بدات و ئەو گومانە لە دەوروبەری خۆی برەوێنێتەوە کە پێیان دەگوت: رۆحی تێدا نییە و مردووە!؟)

کورتەیەك لە باتی پێشەکی:

بۆ ئێمەی کورد وەکو هەوا چەند لە ژیاندا بۆ بوونەوەرەکان گرنگە ، بەو شێوەیەش، یەکرِیزی و تەبایی و یەکهەڵوێستی و بە گشتی کۆك بوون لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان گرنگە. بەداخەوە سەرکردایەتی کورد بە گشتی لە ئێستادا پێش لەوەی خەریکی یەکخستنی ماڵی خۆیان بن، پێش لەوەی کێشەکانی ماڵی خۆیان چارەسەر بکەن، خەریکن ناکۆکییەکانی ماڵی بێگانە دەسرِنەوەو تەوری ئەوان بۆ برِینی ملی خۆمان بۆ –جارێکیتر چونکا ئەمە یەکەم جار نییە –ئامادە دەکەن. لە هەمانکاتیشدا هیوایەتەکانی خۆمان بە سرِوساردی دەهێڵنەوە.
هەر نەتەوەیەك بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکانی ماڵی خۆی پێویستی بە کۆنگرەو ئۆرگانێکی باڵای نەتەوەیی هەیە و کوردیش بۆی هەیە ئەم ئەزموونە دواخراوە تاقی بکاتەوە.

به پێویستم زانی ئاورێك له كۆنفرانس یان كۆنگرەی نەتەوەیی بەدەمەوەو بەم شێوازەی خوارەوە روانگە و بۆچوونەكانی خۆم سەبارەت بەو دۆسیە دواخراوەی ماڵی كورد دەرببڕم.

له روانگەی منەوە ئەم كۆنفرانسە بۆ ئاسانكاری، ئەگەر لە دوو ئاستی جیاوازدا كار لەسەر دۆسیە دواخراوەكان بكات، ئەوا كاریگەری زیاتری دەبێت.

**بەشی یەكەم : تێڕوانینی كوردستانییانە "دروستكردنی ئەنجومەنی سەركردایەتی نەتەوەیی"**

**بەشی دووهەم : تێڕوانینی ئێمە بۆ چارەسەریی كێشەی كوردی رۆژهەڵاتی كوردستان "ئەنجومەنی كاتی بۆ رۆژهەڵاتی كوردستان"**

.............................................................

**بەشی یەكەم : تێڕوانینی كوردستانییانە "دروستكردنی ئەنجومەنی باڵای سەركردایەتی نەتەوەیی"**

دەسپێك:

كۆنفرانسی نەتەوەیی یان كۆنگرەیەكی كوردستانییانە یەكێك لە خەونە دێرینەكانی گەلی كورد بۆ یەكخستنەوەی ماڵی لەتكراوی خۆی و دروستكردنی گوتارێكی فرەرەهەند و فرەكاراكتەر و لە هەمانكاتیشدا یەكپارچە، بۆ گرێدانەوەی دابڕانەكانی خۆی بە مەبەستی بەهێزكردنی پێگەی ناوچەیی و جیهانیی خۆیەتی.

تەوەرەكانی باسكردن لە كۆنفرانسی نەتەوەییدا

بە كورتی چەندین تەوەر دەستنیشان دەكەم كە لەم كۆنفرانسەدا شیاوی باسكردن بن.

1- جوغرافیای کوردستان و دەستنیشانکردنی سنوورەکانی بە گوێرەی ئەو پێوەرە راستەقینە کوردییانەی خۆمان هەمانە. نەك بە گوێرەی پێوەرە نامۆکان بە رۆحی داخوازە رەواکانی نەتەوەکەمان.

2- زمانی کوردی: ئێمەی کورد بە هۆی بوونی بارگرژی و ئاڵۆزییەکی تایبەتی مێژووییەوە کە هەموو خاك و شوناسی ئێمەی لەت لەت کردووە، خاوەنی زمان و خەتی یەکگرتوو بۆ دەربڕینی خواستەکانمان و پێوەندیگرتن بە خۆمانەوە و دنیای دەرەوەمان نین.

کوردستان خاوەنی چوار زاراوەی سەرەکی (کرمانجی باکوور، کرمانجی ناوەڕاست، گۆران و کرمانجی باشوور و کۆمەڵە بن زاراوەیەکین) کە هەموویان بە ئاستێك لێك دوورکەوتوونەتەوە، کە کێشەیەکی گەورەی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ خۆماندا و لە هەمانکاتیشدا لە پەروەردەدا دروست کردووە. هەر چوار زاراوەکە وەکو زمانی رەسمی لە قۆناغ و ناوچەی تایبەتدا بەکارهاتوون و بە خەتی جیاوازیش نووسراون. ئەمانەش کێشەیەکن کە دەبێ چارەسەریی پلە بە پلەی بۆ دابنێین و هەر لە یەکەم رۆژانی کۆنفرانسەوە کاری لەسەر بکەین.

3- نەتەوایەتی و شوناسێکی مۆدێرن و دەرچوون لە گوتاری پەرتەوازەیی : کارکردن بۆ بەدەوڵەتبوون و یەکڕیزی.

4- کلتوور و شوناسی جیاوازی کوردی و دیاریکردنی هێڵەگشتییەکانی شوناسی ئێمە بۆ جیاکردنەوەمان لەگەڵ شوناسی بێگانەدا.

5- مافەکانی مرۆڤ و دەرهاویشتنی کورد بۆ دەرەوەی بازنەی مرۆڤ – بوون

6- پێداچوونەوەیەك بە جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا بۆ چەسپاندنی کۆمەڵێك بەهای تازە، کە کورد بتوانێ بەو دەستەواژە و ماددە و بەندانە خۆی و شوناسی جیاوازی خۆی لە هەموو دنیادا بسەلمێنێ.

7- لۆژیك و پرەنسیپەکانی کوردایەتی بۆ هەزارەی تازە

8- دیپلۆماسیی کوردی

9- دروستکردنی رۆحی نەتەوەیی بە گوێرەی شەرعییەت وەرگرتن لە ناوخۆی کۆمەڵگا و بە کارکردن بۆ چەسپاندنی کۆمەڵە بەهایەکی شارستانییانە لە هاتنەدەنگی کورد لەسەر مافەکانی خۆی.

10- سوپای کوردستان و لینکردنی بە ناتۆو هێزە جیهانییەکانەوە و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی زلهێزەکان بۆ تەیارکردنی ئەم سوپایە بە ئامرازەکانی شەڕی تازە.

11- سامانی کوردستان و نەوت بە تایبەتی و رۆڵی ئەو لە وەرگرتنی شوناس و وەرگرتنی مافەکانماندا.

12- خەبات لە هەزارەی تازەدا بە یەك فەرمان و چەند ئوسلووبی جیاواز.

13- یەکلاییکردنەوەی بایەخە مێژوویی و ئەخلاقی و مرۆییەکانمان، بۆ دروستکردنی ویژدانێکی تازە.

14- چوونیەتی راکێشانی سەرنجی ناوەندە جیهانییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان و زلهێزەکان بۆ گرنگیدان بە پێگە و توانای کورد لە چارەسەریی کێشە هەڵپەسێردراوە جیهانییەکاندا.

15- بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی لە جیاتی شوناسە نانەتەوەییەکان و گێڕاندنەوەی شوناسە تۆراوەکان وەك (لوڕ و هاوشێوەکانی) بۆ باوەشی نەتەوەکەمان و

دروستکردنی گوتارێکی کوردیی تایبەت بە ناوی: عەداڵەتی نیشتمانی و سڕینەوەی جیازیی نێوان پێکهاتەکان لەژێر دروشمی : "نەتەوە یانی یەك پەیکەر"دا.

16- بەجیهانیکردنی دۆزی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی لۆبیی کوردی بۆ لێژکردنی پێگەی لەرزۆکی دراوسێ ناحەزەکانمان.

ئەمانەو دەیان تەوەری دیکە دەتوانن بەشێکی گرنگی باسەکانی یەکەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردان بن.

کۆنفرانسی نەتەوەیی و ئاراستەکانی:

**1- ئاراستەی ناوخۆیی کە ئەویش بە چەند بەش دابەش دەبێت:**

أ. ئاشتی نیشتمانی
ب. ئاسایشی نەتەوەیی
ت. پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان بەپاراستنی قەوارەکان
پ. شوناسەجیاوازەکانیماڵی کورد وەك شیعە لەبیرکراوە کوردەکان، کەمایەتییەکوردەکان: کاکەیی و ئەهلی حەق و جوولەکە و ئێزدی و زەردەشتی و شوناسە غەیری کوردە میوانەکانی ناوماڵی کورد وەك : تورك و فارس و عەرەب و ئەرمەنی و بە یەکسانی هەڵسوکەوت کردنلەگەڵیان.

**2- ئاراستەی دەرەکی**

أ. ئاراستەیەك بەرەوماڵی دوژمنانی کورد

ب. ئاراستەیەك بەرەو سەمپات و دۆستانی دوژمنانی کورد
ت. ئاراستەیەك بەرەو ئەو نەتەوانەی لە کێشەی کورد تێنەگەییون.
پ. ئاراستەیەك بەرەو ئەو نەتەوانەی کێشەی کورد باش دەناسن و خۆیان لەئاستی کێشەکانی ئێمەدا گێل کردووە.
ج. ئاراستەیەك بەرەو لای ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی ئامادەیی هەر چەشنەهاوکاری و پشتگیرییەکیان بۆ کورد و خەباتە رەواکەی دەربڕیوە: دۆستانی کورد.

ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی کوردستان

سەرکردایەتیکردنی رۆحی و ویژدانیی کورد لەنەبوونی دەوڵەتی کوردی بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان و یەکڕیزی و تەبایی نەتەوەیی ئامانجی هەمووکوردێکە و ئەم ئەنجومەنە دەتوانن یەکەمین سەرکردایەتیی مەعنەویی کورد بن، کە بە یەکگرتوویی هەڵبژێردرابن.

پێویستە لە دانشتنی یەکەمی ئەنجومەنی باڵادا **"لێژنەی ئاشتیی نیشتمانی"** دابمەزرێنن و لەو کێشە و ناکۆکییە دێرینانە بکۆڵنەوە کە نەیهێشتووە زۆریەك لە قەوارە و لایەنە کوردییەکان پێکەوە بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکەن.لە یەکەم کۆنفرانسدا کۆمەڵێك کەسایەتیی هەر چوارپارچەی کوردستان لە لایەن پارت و رێکخراوو کەسایەتییەکانەوە دەستنیشان دەکرێن و بە چەند ئاستی جیاوازدا دەستەچن دەکرێن و لە نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان و پارت و رێکخراوو لایەنەکان، کەسایەتی و لۆبیکاران و ئابووریناس و خاوەن سامانە کوردەگەورەکان دروست

دەبن. دواتر ئەمانیش دوو بەشی سەرەکیی پێکهێنەری **"مەجلیسی "سەنا" ی کوردستان"** بەدەنگدان دادەنێن.

لێژنەکان:

1- لێژنەی یاسایی بۆ نووسین و دارشتنی یاسا و پرەنسیپە نەتەوەییە نەنووسراوەکانی کورد
2- لێژنەی دیپلۆماتیك بۆ کاروباری پێوەندییەناوخۆیی و دەرەکییەکان
3- لێژنەی کلتووری و رۆشنبیری بۆ گەشەپێدان بە کلتوور و بڵاوکردنەوەی شوناسی ونکراوی کورد لەناوەندەرۆشنبیرییە جیهانییەکان و ناوخۆشماندا
4- لێژنەی ماڵی و دارایی وەك سندووقی دراوو هاوکاریی نەتەوەیی و دروستکردن و رەواج پێدانی هێندێك بابەتی بە نرخی وەك پارەی سیمبۆلیك و پوول و سکە.
5- لێژنەی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەریی کێشە چارەسەرنەکراوو هەڵپەسێردراوەکانی ناوخۆمان و قەوارەکانمان کە یەکرێزیی ماڵی کورد تێك ئەدەن.
6- لێژنەی سەربازی وەك سەرەتایەکی رێکوپێك بۆ دروستکردنی سوپای میللیی کوردستانی گەورە.
7- لێژنەی لوردەکان، کە لە خاوەن ئەزموونە سیاسییە دەسەڵات بەدەست و دەوڵەمەندەکانی کورد دروست دەبن.

ئەنجومەنی هەرێمەکان:

1- ئەنجومەنی هەرێمی باکوور
2- ئەنجومەنی هەرێمی باشوور
3- ئەنجومەنی هەرێمی رۆژهەڵات
4- ئەنجومەنی هەرێمی رۆژئاوا
5- ئەنجومەنی هەرێم و ناوچەو قەوارە دابڕاوەکان

لە کۆتاییشدا دەبێ بگوترێ، ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی لە نوێنەری پاڵێوراوی هەرێمەکان، حیزب و رێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات و پاڵێوراوی لۆبیکاران و کەسایەتییە مەزنەکانی کوردستان دروست دەبێت.

ئەرکی سەرەکیی ئەم ئەنجومەنە دارشتنی پێوەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە کە بتوانین لەمەو بەدوا بە گوێرەی ئەو یاسا و رێسایانە یەکیەتیی ریزەکان و بە گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی پێناسە و فۆرموولە بکەین. یانی ئەمە ئەو پرەنسیپانە بن کە کورد لە ناوخۆدا پێناسەی خۆیانی پێبکەن و دنیای دەرەوەش بەو فاکتەرانە لەگەڵمان بجووڵێنەوە. یانی ئێمە لە ئاستی کوردستانیدا لانیکەم بە خاڵی یەکلاییکەرەوە و ستانداردی خۆمان بگەین، کە ئیتر کەس نەتوانێ بێجگە لەم رێچکەیە رێبازێکی ناسازی نەتەوەیی بدۆزێتەوە.

(کۆتایی بەشی یەکەم)

# کۆنفرانسی نەتەوەیی" لە دوو بواری جیاوازدا

## بەشی دووهەم : تێڕوانینی ئێمە بۆ چارەسەریی کێشەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ئەنجومەنی کاتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

### پێش بەرایی:

بە مەبەستی یەکخستنی ماڵی کورد و پاراستنی هێزەکان و ئاگادارکردنەوەی رای گشتی، بەشێك لە پلاتفۆرمە تازەکانی خۆم دەخەمە بەردەمی رای گشتی کوردستان. بەو هیوایەی بتوانین بە بیرۆکەی نەتەوەییانەی خۆمان بەشێك لە بۆشاییەکانی سیاسەتی کوردی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕبکەینەوە ، و هیوام وایە پێشوازییەکی گەرمی لە لایەن هێز و لایەنە سیاسییەکانەوە لێبکرێت. بەو مەبەستەش دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کاتی بەپێویست دەزانم.

لەگەل ئەوەیدا "ئەنجومەنی کاتی" ملکی هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران و ئەو لایەنانەی نەتەوەی باڵادەستە کە باوەڕی تەواویان بە مافی یەکلاییکەرەوەی کێشەی نەتەوەکانی بندەست لە ئێراندایە و دەتوانێ ئاڵتێرناتیقی بێ کێشە و یەکجاریی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بێت، کەچی بۆ پاراستنی یەکڕیزیی ماڵی کوردیش بوونی ئەم ئەنجومەنە دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی ببێ و ڕێگا لە دووپاتبوونەوەی هەڵەکانی

رابردوومان بگرێت. واتە هێنانەبەرباسی کێشەکان لە تاراوگە و لە ناوەندێکی سیاسیی ڕۆڵگێڕدا، دەبێتە هۆی دووپاتنەبوونەوەی شەڕی سوێنەرو بەفێڕۆدەری هێزەکانی کورد و دەستی بەرژەوەندکارانیماڵی دوژمن لە ناوماندا کورت دەکاتەوە. یانی ئێمە دەتوانین هەم پێگە و ئایدیاو ڕەوشی حیزبیی خۆمان بپارێزین و هەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانیشمان چارەسەر بکەین.

**بەرایی:**

لە ئەگەری دروستبوونی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیدا لە ئێران، کورد دەبێ دەستپێشخەری بکات و ئەم هەنگاوە گەورەیەش بە مانای ئەوە دێت کە خۆمان توندوتۆڵ بکەینەوە، مەبا دیسان وەکو ساڵانی 1357-1358 مان لێ بەسەر بێتەوە.

کورد ئەتوانێ لە ئەزموونەکانی رابردووی خۆی کەڵك وەربگرێ و هەڵەی کوشندەی رابردوویش دووپات نەکاتەوە.

سێ نموونەی زۆر ئاشکرای ڕۆژئاوا و باشوور و باکوور بۆ بەرچاوڕوونیی ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات گرنگن.

1- کاتێك ئەنجومەنی نیشتمانی لە سووریا دروست بوو، بەدیتنی یەکگرتوویی ریزەکانی کورد وبوونی ئەنجومەنێکی کوردیی یەکگرتووی پێکهاتوو لە 11 پارت و لایەنی جیاواز، ئیتر گومانی بۆ رای گشتی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و تەنانەت دنیای دەرەوەش نەهێشتەوە و لە هەمانکاتیشدا بەشار ئەسەدیش بەو بابەتە هەستیارەی زانی کە کورد قورسایی خۆی هەیە، بۆیە کورد و مافەکانی هاتە ناو ریزبەندیی بەرنامەکانەوە.

2- لە باشووری کوردستان و لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئێمە هێزی کوردمان بینی و ئاستەکەیمان تاقی کردەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا کە قۆناغی شەڕی ناوخۆ بوو، هێزەکانمان لەگەڵ یەکتردا و لە بەرانبەرکێیەکی خراپتردا بە خۆمان دۆڕان. واتە ئێمە لە جێگەی بەکارهێنانی هێز لە بەرانبەر هێرشی بێگانەدا و پاراستنی ئاسایشی خۆمان، ئاسایشی خۆمان بە هێزی خۆیی تێك دا و لە هەمانکاتیشدا متمانەدەرەکییەکانمان لە کورد و بەدەستی خۆمان ئەستاندەوە. ئەوە بوو ئاوەدانییەك لە قۆناغی یەکەمدا زۆر بە چڕی نەکرا.

لە قۆناغی دووهەمدا کە قۆناغی "ئاشتی نیشتمانی و دیالۆگ و خەباتی شارستانییانە" بوو، پێشکەوتنی بەرچاو هاتە کایەوە. لە ئاستی جیهانی و ناوچەییشدا کورد بوو بە کاراکتەرێکی یەکلاییکەرەوە و ئیتر گوێیان لەداخوازەکانمان گرت.

3- لە باکووری کوردستان هەتا ساڵەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەش حەسێبی ئەوتۆ بۆ کورد نەدەکرا. سیاسەتی تورك بەرانبەر بەکورد، کوشتنی هێزی گەریلا و ئۆپەراسیۆن کردن بۆ ناوچە سنوورییەکان و لە هەمانکاتیشدا سەپاندنی کەشێکی دژوار و ناخۆش بەسەر ناوچەکوردییەکاندا بوو.

بە پێویستی دەزانم لەم کاتە هەستیارەدا کێشە ناوخۆییەکان وەلابنرێن و بەم شێوازەی خوارەوە ئەنجومەنێکی کاتی بۆ چارەسەریی کێشەکان دروست ببێت. چونکا هەر لە سەرەتای سەدەی تازەوە و دروستبوونی گۆڕانکارییە مەزنە جیهانییەکان، لەو حیکمەتە سیاسییەی وڵاتانی دەرەوە تێگەیشتووم کە ئەوان حەسێب بۆ تاکە لایەن وهێزێك و دوان ناکەن، بەڵکو حەسێب بۆ کورد و ڕێکخەرانی دەنگەکانی دەکەن.

**پێنج جۆری کاراکتەری بەشدار لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا:**

پێنج جۆری کاراکتەری بەشدار کە لە کۆمیسیۆنەکانی ئەنجومەندا کار دەکەن و لێژنەکان دروست دەکەن، دەتوانن ئەمانە بن:

1- کۆمیسیۆنی پارت و لایەنە سیاسییەکان.
2- کۆمیسیۆنی کەسایەتییە سیاسی -رۆشنبیرییە سەربەخۆکان.
3- کۆمیسیۆنی خاوەن پێگە و سامانە کوردەکانی دەسەڵاتدار لە رێکخراوە ئابوورییە جیهانییەکاندا.
4- کۆمیسیۆنی رێکخراوە مەدەنی و ژینگە و مرۆڤپارێزەکان
5- کۆمیسیۆنی سەربازی بۆ هەموو ئەو فەرماندەرە کارا و پسپۆڕانەی دەتوانن سوپای کوردستان چالاك بکەن.

**لێژنە و ئەنجومەنەکانیش دەتوانن ئەمانە بن.**

1- سەرکردایەتیی ئەنجومەنی کاتی –کە بە گوێرەی یاسا و بە رێککەوتنی نێوان قەوارەکان دروست دەبێت.
2- لێژنەی دیپلۆماتیك –ئەم کەسانە دانوستانەکان سەرپەرشتی دەکەن و نوێنەری ئەنجومەنن بۆ کاروبارەکان لە دەرەوەی خۆمان.
3- لێژنەی ئایینی و رۆحی –بۆ دزەنەکردنی لایەنە دەرەکییە ناکۆکەکان لەگەڵ دۆزی کورددا، پێویستە لێژنەی فەتوا و رۆحیی ئەنجومەن دروست ببێت.

4-لێژنەی یاسایی –بۆ داڕشتنی یاساکانی هەرێمی رۆژهەڵات و یاساکانی بەڕێوەچوونی ئەنجومەن و لێژنەکانی

5- لێژنەی ئاشتی –بۆ پاراستنی یەکڕیزی نێوخۆمان ئەم کەسانە رۆڵ دەگێڕن.

دیارە بەمەبەستی سڕینەوەی تەمی نێوان قەوارەکان و دروستکردنی متمانە و دڵنیاکردنەوەی رای گشتی کوردستان و رۆژهەڵات بە تایبەتی لەوەی هەوڵەکان بەرەو ئاراستەیەکی باش دەڕۆن، چونکا پێش لەمەش دەیان هەوڵی چروپر دراوە و ئێمەش دەسخۆشی لەو هەوڵانەدەکەین و بۆ رێزگرتن لە هەوڵی ئەو کەس و لایەنە نەتەوەییيانەش، پێشنیار دەکەم، کۆمەڵە کەسایەتییەکی سەربەخۆ یان نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش نێوبژیوانی بکەن و کورسیی جیاوازیش لەلێژنەکاندا بۆ ئەوان دابنرێت. بە تایبەت لە لێژنەی ئاشتیدا پێویستمان بەو کەسانە دەبێت و وەکو راوێژکاریش دەتوانین لەئەزموونەکانیان کەڵك وەربگرین.

# دەهەمین ساڵیادی 11ی سێپتامبر و وتەیەکی بەرپرسیارانە

بە تێپەڕبوونی دەیەیەك بەسەر خەباتی بەرین و هاوبەشی نێودەوڵەتی لە دژی فەندەمێنتالیزم و تیرۆری ڕێکخراو و ئامانجداری دەوڵەتانی وەك تالیبان و کۆماری ئیسلامی، کە کوژران و ماڵوێرانییەکی گەورەی لە ناوەندی دەسپێکی شارستانییەتی مرۆڤ – یانی خۆرهەڵاتی ناوین – لێکەوتەوە و هەزاران تەقینەوە و تیرۆر و کوشتاری بە کۆمەڵ لە لایەن تیرۆریستانەوە بۆ چەسپاندنی ڕێسا نامرۆڤانەکانی خۆیان لەم ماوەیەدا رووی دا،ئێستا بەرەڕووی دۆخێکی لەبارتر بووینەتەوە.

دیارە بە کوژرانی سەرۆکی تیرۆریستانی قاعیدە : ئوسامە بن لادەن، پاشەکشەیەکی گەورەش بە سیمای تۆڕی جیهانیی تیرۆرەوە دیارە. ئەگەرچی هێشتا مارە زەبەلاحەکە (ئێرانی ئیسلامی) سەری نەپەڕیوە و بە هەموو شێوەیەك ژەهری خۆی دەکاتە جەستەی مرۆڤایەتییەوە.

11ی سێپتامبر و دروستبوونی هاوپەیمانییەکی هاوتەریبی ئامانجەکانی کورد

ئێمەی کورد لە پاش یازدەی سێپتامبرەوە هەلێکی مێژووییمان بۆ رەخسا. لە ڕاستیدا بە تەقینەوەکانی نیۆیۆرك چاوی دنیای ئارام، بەڕووی کۆمەڵێك کێشەی جیهانیدا کرایەوە.

هاوپەیمانییەکی تازە لە وڵاتانی کاپیتالیست وەکو هێزێکی ڕزگاریدەر لە دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی شکڵی گرت. لە ڕاستیدا

بە پەرەئەستاندنی پرسی مافەکانی مرۆڤیش دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات لە دژی دیکتاتۆرە جێی مەترسییەکانیش بەرەو رووی خەڵکی وڵاتانی داخراو کرایەوە. هێزی سەرمایەداریی جیهانی لە جلوبەرگێکی تەواو جیاوازدا خۆی دیار خست و پەیامێکی تازەی بۆ دەوڵەتانی تیرۆریست پەروەر و لە هەمانکاتیشدا نەتەوەکانی قوربانیی تیرۆر پێ بوو.

لە پاش تەقینەوەکانی 11 ی سێپتامبر و هاتنە ئارای دۆخێکی نالەبار بۆ دژایەتیکردنی ژیانی خەڵکی سیڤیل و دەسەڵاتە گەلی و ئازادەکانی وەك حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەفغانستان – هەڵبەت لە پاش رووخانی بەعس و تالیبان - لە لایەن تیرۆریستانەوە، رەوتێکی داکۆکیکار لە ناوەندی بریاری جیهانییەوە بە شێوەیەکی نوێ دروست بوو. دەنگە ناسازەکانی ناو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش کە چین و رووسیا بوون، نەیانتوانی پێش بەو یەکگرتووییە بگرن و بەرەی دژەتیرۆر و بەرەیەك بۆ پاککردنەوەی دیکتاتۆرە جێی مەترسییەکان و چەکە کۆمەڵکوژەکانیشیان شکڵی گرت.

هەر لەو ناوەدا "کورد" و دۆزی مێژوویی و پشتگوێخراوی ئەم نەتەوەیەش لە قەوارەو جلوبەرگێکی تازەتردا هاتنەوە بەر باس و ئیتر فشارەکان بۆسەر ئێمە لە لایەن دوژمنانەوە بۆ وازهێنان لە داواکانمان و فشاری ناوەندە جیهانییەکانیش لەسەر دیکتاتۆرەکان بۆ دەستڕاگرتنی لایەنەکانی بەرگریکار (کورد) و دەستدرێژیکار (دوژمنانی کورد) لە گۆڕەپانەکەدا دۆزی ئێمەی وەك نەتەوەیەکی قوربانیی تیرۆر و رەشەکوژیی بردە قۆناغێکی هەستیارەوە.

11 ی سێپتامبر لەگەڵ ئەوەیدا هەلێکی لەباری بۆ کورد رەخساند کە زیاتر کێشەکانی خۆی لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا پێناسە بکات، هەر لەو کاتەشدا دوژمنانی کوردی وا بە قەناعەت گەیاند بە هیچ شێوەیەك نەهێڵن ئەزموونەکانی هەرێمی کوردستان و

خەباتە بوێرانەو مەدەنییەکانی ناوخۆی وڵاتانی تورکیا و ئێران و سووریاش گەشە بکەن و پێشگیرییان لێکرد. ئەگەرچی هەموو رۆژێك سەرکەوتنی تازەی مەدەنییانەو ئاشتییانە بۆ کورد لە ناوەندی دەسەڵات و بریاری دوژمنیشدا دەبینرێ و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و تورکیا و هاتنە ئارای هەلێکی تازە لە پاش سەدەیەك بۆ کوردانی ژێر ستەمی سوورییەکان و خەباتی دایکانی ئاشتی و خەباتی چالاکوانانی سیڤیل لە دژی شەڕانگێزیی دوژمنانی کورد و دژ بە تۆپبارانی سنوورەکانمان و نەدۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لە لایەن دوژمنانیەوە، بەشێك لەو چالاکییانەن کە پێشگرتن بەو شێوە خەباتەی بۆ دوژمن ئەستەم کردووە.

تیرۆر و سنوورەکانی و کورد

کوشتنی مرۆڤ بە هەر شێوەك و لە ژێر هەر ناوێکدا بێت ناپەسەند و بێزلێکراوە و لە زۆربەی کلتوورەکاندا بۆ نموونە کلتووری ئێمەی کورد، هەتا دوژمن زۆری نەهێنابێت و ماڵ و لانەی لێ تێك نەدابین، هیچ چەشنە توندوتیژییەك لە لایەن ئێمەوە نەبینراوە و ئەمەش پێی ئەڵێن رەسەنایەتیی مرۆڤدۆستانە و هۆشیاریی مرۆیی ئێمەی کورد.

ئێمەی کورد وا راهاتووین کە تەنیا بەرگری لە ئازادییەکانمان بکەین. بەرگری لە خاك و مافەکانمان بکەین و لە پێناوی پاراستنی خۆماندا خەباتێکی رەوامان پەرەپێداوە و تا ئێستاش دەستمان لە چەك بەر نەداوە.

لەگەڵ ئەوەیدا ئێمە لە نیشتمانی خۆمان و سنووری خۆمان نەچووینەتە دەرەوە، کەچی دوژمن بۆ پەرەپێدانی هەژموون و

دەسەڵاتی نامرۆڤانەی خۆی سنوورەکانی ئێمەی کردووە بە ئامانج و ئێمەی لە هەموو شێوە مافێك بێبەری کردووە.

کورد وەك قوربانیی تیرۆر

کورد یەکێك لەو نەتەوانە بووە کە لە مێژووشدا بەوە بەناوبانگە زۆربەی سەرکردەکانیان تیرۆر کردووە، تیرۆری سەرۆکی کوردان سمایل ئاغای شکاك : سمکۆ و ئێعدامی تیرۆر ئاسای پێشەوا و پێشەوایانی کۆمار و ناردنی تیرۆریستی دەست پەروەردە بۆ تێکدانی ریزەکانی شۆڕشی کورد وەك ئەو نموونەیەی بۆ گیانی سەرۆك مستەفا بارزانیی نەمر رێکیان خستبوو، تاکو تیرۆری گەورە پیاوانی ریزەکانی پێشەوەی شۆڕشی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ نموونە رێبەران: شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید دوکتور شەرەفکەندی و شەهید سەعیدی یەزدانپەنا و شەهید فرانسوا هەریری و شەهید شەوکەتی حاجی موشیر کە زۆرینەیان لەسەر مێزەکانی وتووێژدا تیرۆر کران و دەیان رۆڵەی ناوسەنگەر و پیاوی چالاك و هەڵسووڕ و بەدەست وبرد، کە جێگایان تا ماوەیەکی زۆریش لە ناو جەرگەی خەباتی میللەتی کورددا بە چۆڵی مایەوە و جێگای هێندێکیشیان هەر پڕ نەکرانەوە. با ئەوەش بوەستێ کە نیشتمانەکەمان لبە بەشی باشووریدا کە نیمچە ئازادییەکی پێوەدیار بوو، بووە چقڵی چاوی تیرۆریستان و بە دەیان تەقینەوەی گەورەی رووخێنەری لێکەوتەوە کە ئامانجیان قر کردنی سەرکردایەتی کورد لە باشوور و بێسەرکردنی کورد و حکوومەتەکەی بوو.

بەسەر ئەم هەموو بەڵگانەیدا کە لە دەستی تەنانەت رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان و زلهێزەکانی وەك

ئامریكادان، بەڵام كەم لوتفییەكیش لە بریارداندا لەسەر كورد كراوە و ئێستاش دەبینرێ.
لە زۆر شوێندا كە دەنگی كورد و خەباتەكەی هێندێك لاوازە، ئێمەیان لە كۆماری ئیسلامیی – لانكەی تیرۆریستان و داڵدەدەری ئەلقاعیدە و جوند و توندڕەوەكانی دیكە – بە خراپتر داناوە و ئەمەش جێگای ئیدانەكردن و داخە.

كورد وەك تیرۆریست بۆ؟

لە ناوەندەكانی بریاری جیهانیدا زۆر جار زلهێزی وەك توركیا و ئێران كە بە بەردەوامی خەریكی تیرۆر و كوشت و بڕ و سەركوت و زەبرو زەنگن، بە لایەنی تیرۆریست ناناسرێن، كەچی لایەنی بەرگریكاری وەك كورد بە تیرۆریست ناودەبەن. ئێمە ئەم هەڵوێستەمان بە هیچ شێوازێك قبووڵ نییە و داوای وردبوونەوە لە بریارەكانی ئەوان دەكەین و تەنانەت داواكارین یارمەتیمان بدەن لە دددژی تیرۆری دەوڵەتانی ئێران و تورك بەرهەڵستكارێكی گەورەی ناوچەیی بین.
لە پاش ئەوەی بەڕێز ئۆجالان رادەستی تورك و حكوومەتە تیرۆریستەكەی كرایەوە، كە ساڵانە بە هەزاران كەس لە زیندانەكانیدا گیان دەدەن و هەزاران كەس لە ناو شەقامەكانی توركیا دەدرێنەبەر فیشەك و دار و شەق و دەكوژرێن و لە پاش ئەو هەموو دەستدرێژییانەی حكوومەتی ئێران بۆسەر ماف و ئازادییەكانی گەلانی ئێران و زیندەبەچاڵكردن و تیرۆر و زیندان و دەستدرێژیی سێكسی و تەنانەت گۆرینی بارودۆخی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ ناوچەیەكی شوێنگە و پێگەی تیرۆریستانی جیهادی، هێشتا چەكدارانی كورد لە

لیستە رەشـەکاندا دادەنـێن و نـاوێرن ئێـران و تورکیـا کە هەر ئێسـتا خەریکی تیرۆری کوردن بە تاوانبار بناسێنن.

کە وابـوو ئەگەر ئامانجەکـانی تیرۆریسـتان تێکـدانی بـارودۆخی کۆمەڵگـا ئازادەکـان و خۆشـکردنی ئـاگری دڵەڕاوکـێ و پەرەپێـدانی دواکەوتـوویی و گەڕانەوە و دەسـتبەرداربوونی مـرۆڤ لە ئامـانجە ئینسـانییەکانیەتی و ئەم فکـرەیش ئێسـتا لە ناوەنـدی سـەرچاوە سروشتییەکانی دنیا – رۆژهەڵاتی ناوین – دا هێشتا هێزە و دەسەڵاتی هەیە، کـوردی سـەرقافڵەی ئـازادیخوازانی جیهـان کە 27 سـەدەیە داواکاری مـافو ئازادییەکـانیەتی و هـیچ نەتەوەیەکیش بە رادەی کـورد بـێ پشـتیوان و مـافخوراو نەبـووە، بـۆی هەیە وەکـو ئامریکـا و هاوپەیمانانی بەرگری لە کەرامەتی خۆی – بە چەك و بە هەموو شێوە بەربەرەکانییەك کە دژی داگیرکاری و دواکەوتوویییە – بکات.

ئێمەش دەتـوانین وێڕای ئەوەی هـاوخەمیی خۆمـان بۆ قوربانییـانی کردەوە تیرۆریستییەکانی 11 ی سێپتامبری 2001 و بە گشتی گەلـی ئامریکا دەربڕین، داواکانمان بەمشێوەیەی خوارەوە پێشکەش بکەین:

1- تکایە چیدی لەبەرانبەر دەزگـای تیرۆری کۆمـاری ئیسلامی و تورك و سووریادا بێدەنگ مەبن و بە هەمـوو شـێوەیەك بەرگـری لە مـاف و ئازادییەکـانی 200 ملیـۆن مرۆڤـی بێگونـاه و بێتـاوانی ئەم وڵاتانەدا بکەن.

2- تکایە با هێزەکانی ناتۆ ئامانجەکانیـان – لە قەندیلەوە – بگۆڕن بۆ دیمەشق و ئانکارا و تـاران و قوم و بۆ پاککردنەوەی تیرۆریزمـی جیهـانی، ئیمپراتووریـای عوسـمانیی تـازە و سـەفەویی عەلەویـی خـامنەیی و دەستنیشـانکراوەکەی هەردوولایـان : سـووریا و بنەمـاڵەی ئەسەد بڕووخێنن.

3- داواکـارین لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتیدا کـورد مەنووسـن و تێـبگەن کە لە خـاکی خۆمـان بەولاتـر لە شـوێنێکیتردا چالاکیمـان

نەکـــردووە، گەرچـــی... ئەگەر داواکانمـــان پشـــتگوێ بـــخەن ئـــێمەش مەجبوورین لە بەرژەوەندییەکانتان لە ناوچەکەدا بدەین.

4- تکایە با مافەکانی مرۆڤ نەبنە دەستەواژە و کەرەستەیەك بۆ بازرگـــانیکردن و هـــیچ جیـــاوازییەکیش لە نێـــوان مرۆڤـــی کـــورد و سـووری، لەگەڵ مرۆڤـی ئامریکاییدا مەکەن، چونکـا بـۆ مـاوەویەکی زۆرە ئـێمە بە هەمـــوو شـــێوەیەك دەکـــوژرێین و کەس بەرگـــری لە مافەکانمان ناکات و کەسیش جەسوورانە و نەترسانە لە شکاندنی ئەو بێدەنگییە سـامناکەدا هەنگـاوی جـددی و گەورەی نەنـاوە. هەمـووی دروشـم و بەیاننـامەی کەمبـایەخن و لە ئازارەکـانی گەلانـی کـورد و سووریای کەم نەکردووەتەوە.

5- داوا لە ناوەنـدەکانی بریاربەدەسـتی جیهـانیش دەکەیـن پـێش بە فەرمـــانی جیهـــادی ئێـــران و تـــورك لە دژی کـــوردی هـــاوخەمی قوربانییـانی تیـرۆری دنیـا بگـرن. ئەوانەی بیـرۆکەی فەنـدەمێنتال و تونـدئاژۆیی لە نـاخی فەلسـەفەی وجـوودی دەسـەڵاتەکەیاندا شـکڵی گرتووە و ئێستاش خەریکن شۆڕشـە مێژووییەکـیان هەنـاردەی نـاوچە تـازە ئازادکراوەکـانی بـاکووری ئافریقـا و شـوێنە بێهێـز و هەژار و بێدەرەتانەکانی وەك سووریا دەکەن.

لە کۆتاییـدا هیواخـوازین، دنیـا بە پیـری ئەم داخـوازە ئینسـانییەی کوردەوە بێت کە لە دەیەمین ساڵیادی کارەساتەکەی 11 ی سێپتامبردا کراوە.

http://kuldp.org/dreje.php?id=326

# دەروازەی پێوەندییەکانتان بە قور دەگرین!؟

(دەتوانین کەمپینی بەقوڕگرتنی دەروازەی باڵیۆزخانەی تورك و ئێران رابگەیەنین و هەر کەسێکی بەشدار بوو بە تەشتێك قوڕەوە بڕواتە خۆپیشاندان)
(پێکانی مەبەستێك بۆ گەیشتن بە هەموو مەبەستەکان: سەربەخۆیی و جارێ هیچیتر)

بەڕاشکاوییەوە ماوەیەکە قسەی دڵی زۆر یەك لە کەڵەپیاوانی سەربزێوو ئازای کورد ئەمەیە : ساڵێك ئازادییەکانی خۆتان ببەخشن بە جەنگ و هەزاران ساڵ بەختەوەری بەدەست بێنن!!... ئەمە باس لەو رۆحە نەتەوەیییە کرچ و کاڵەش ئەکات، کە پەرتەوازەیی ماڵی کورد و بەهێزبوونی دوژمنانی لێکەوتووەتەوە.

ناسیۆنالیزمی ئیتاڵیا بۆ دەیان سەدە بەدەستی هێرشی نەتەوەکانی دیکەوە عاجز بوون ئاڵمانییەکانیش وەها بوون.جوولەکان لەدەستی هێرشی ئاشوور و میسر و پارس و رۆم و عەرەب، ژیانیان نەمابوو. کەچی گەیشتن بەو ئاکامەی کە رێگاچارەی سەرەکیی ئەوان، رزگاربوونە لە پەرتەوازەیی و... بۆ ئەو مەبەستەش دەنگی متمانەیان بە بە بارودۆخێکی تازە بەخشی. یانی لە قۆناغێکدا کێشەکانی ناوماڵی خۆیان وەلانا.

ئەو قۆناغەی نەتەوەکانی سەرەوە شەڕی ناوخۆیان فەرامۆشکرد و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان ئیرادەی خۆیان دایە دەستی

حکوومەت، بە بێ ئەملاولا هەموویان لە مەترسیدا بوون و کات، کاتی جەنگ و داگیرکاری و دابەشکارییەکی جیهانیی دەسەڵات بوو. بە بارێکی دیکەدا ئەم حاڵەتە - میللەتی ئێمەی لەم مانگەی رابردوودا تێکەوت - راست لەو حاڵەتانە دەچوو، کە نەتەوەکانی سەرەوە تێیکەوتن.

ئاڵمان و ئیتاڵیا کە بە دەروازە بەرهەڵاکانی ئوروپا و... تورکیاش بە نەخۆشی ناو زلهێزەکان ناویان رۆیشتبوو، کەسیش حەسێبی بۆ نەدەکردن، بە پلانی تازەوە بەرەورووی دوژمن بوونەوە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی دووهەزار ساڵەی جووی ئاوارەکراوو راونراودا، "ئەنجومەنی جیهانیی یەهوود" بە سەرۆکایەتیی "بن گۆریۆن"ەوە کە "هیستارۆد"ی هەم سوپا و هەم ئەنجومەنی کرێکارانی لەبەردەستدا بوو، بە دژی هەموو دەسەڵاتی ئەوکاتەی رۆژهەڵاتی ناوین راوەستا .بریتانیای زلهێزیان تەنیا بە گرووپێکی پارتیزانیی چەند هەزار کەسی بە ناوی" ئێشتێرن" و بە رابەرایەتیی "موناخیم بێگین" کە ئۆپۆزیسیۆنی گەورەپیاوانی ئەنجومەنی جیهانیش بوو، وەدەرنا .یانی ئەوان ئەگەر "کاك نەوشیروان"ێکیان هەبوو، هەڵوێستەکانی لەدژی داگیرکەران توندتر لە بەرەی گەورەپیاوانی ناو ئەنجومەنی جیهانیی یەهوود بە رێبەرایەتیی "بگین" بوو.

"مستەفا کەماڵ" بە دروستکردنی سوپایەك لە ئەفسەرانی لاوی عوسمانی، تورکیای زلهێزی ئێستای بنیات نا.

یانی لە پێناوی رزگارکردنی نیشتماندا، ئەوان هاتن و بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە هاوکاریی کەڵەپیاوێکیان لەناو خۆیاندا کرد.

گرنگ نەبوو ئەو کەڵە پیاوەش دواتر بۆ ئەستاندنەوەی ئیرادەی نەتەوەکەی، چی بەسەر هات، بەڵام ئەو ئیرادە لەرزۆك و سووکەڵەیەی ناخی تاکەکەکانی تورکی پۆلایین کرد .

ئیتر هیچ جوولەکە و ئاڵمانی و ئیتاڵیایی و تورکێکی تازە، بە چاوی سووکەوە لە دنیای تازەدا نەدەبینران.

ئەمانە ببوون بە کاراکتەرێکی تازەی بەربەرەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان.

لێرەدایە کە بە پرسیارێکەوە دەست بە شیکردنەوەی بارودۆخەکە ئەکەم .

ئێمەی بێ ئیرادە و کۆیلەی دراوسێکان و دەروازە ئاوەڵای، بە بەردەوامی میوانی ناو نیشتمان و هێلانەی خۆمان، کە لە بەرانبەر داگیرکاراندا ئەگەرچی وەستاوین، بەڵام هیچ چەکێك... سوپا و سەربەخۆیی و تاپۆیەکی حەقیقیی وڵات و ناسنامەیەکی نێونەتەوەییمان نییە، بۆچی دەم لە فەلسەفەی دێمۆکراسی ئەدەین؟... پێتان وانییە، بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی دەبێ بە قۆناغ و قەناعەتی رزگارکردنی خاك و بەخشینی متمانە بە پاڵێوراوو رابەر (کەسی شیاو)ی خۆمان و دروستکردنی سوپا و پارلمانێکی یەك بریاردا تێپەڕێین؟ نەك پارلمانێك کە باس لە کوشتنی رۆڵەکانی پاش مانگێك لە دوای میدیای داگیرکەرانەوە بکات؟ئەو پارلمانەی کە ئەگەر بۆ جارێکیش هەڵوێستێکی لەم شێوەیە دەگرێت پێی سەرسام ئەبین و نازانین، ئەوان ئەرکیان پاراستنی کەسایەتی و کەرامەتی ئێمەیە نەك ترس لە بێگانە!

من به باسی دروست بوونی ئیرادەی نەتەوەیی یەوە دەست پێدەکەم تا دەگەین بە ئیرادەی دیمۆکراتیك. دنیای ئەوڕۆ بە هەرەس پێهێنان بە دیکتاتۆرەکان، دەرفەتێکی دیکەی بۆ کورد بۆ راستکردنەوەی بالاّی خۆی لەژێر باری کۆیلایەتی و زنجیری بێگانەدا رەخساندووە. کوردێك کە تاکو ئێستا دۆڕاوی ناوەندی ململانێ و دانووستانەکان بووە. هەر بۆیەش نابێ چاو لە کێشەکان بنووقێنین، چونکا لە قازانجی کەسدا نییە و گەلیش پێی سەربەرز نابێت.

ئیرادەی گەل، سەرۆك و دەوڵەت و سوپای بەهێز دروست دەکات. لە راستیدا ئەو ئیرادەیە نابێ بوەستێ و خۆی سەرقاڵی کۆمەڵە بابەتێکی لاوەکی بکات و دەبێ لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی خۆی و گەڕان بە دوای بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلدا لە وەستان نەکەوێ .

ئێمە نەتەوەیەکی کۆیلە بووین، بەڵام دوێنێ بە رای گشتیمان سەلماند نامانەوێ چیدی پێمان بڵێن : بێ ئیرادەن و ... دەمانەوێ بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەتی خۆمان، بایکۆتی جەستەو مێشك و گوێ و چاوو و هەموو حەز و خولیاکانمان بکەین، کە لە لایەن دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانەوە تێر ئەبن.کەمپینەکانی دژ بە کەلوپەلی ئێرانی و تورکی نموونەیەکن و دەبێ نموونەشیان زۆر بن. نان و خواردەمەنی و نەستەلە و دەرمان و ئاوو کارەبا و تەنانەت فیلم و کۆمپانیا و هەموو ئەو کەرەستانەی بەشێك لە ئێمەی سەرسامی خۆی و سەرقاڵی خۆی و تەنانەت بەخۆیەوە مەشغووڵ کردووە، ناتوانن ببنە مایەی داگیرکردنمان. بەڵام خۆ دەستهەڵگرتنیش لە خۆشییەکانی ژیان لەم سەردەمەدا کە پارەیەکی زۆر لە دەستی خەڵکی مەدەنیدایە، کارێکی ئاسان نییە... بەڵام بۆ کورد مومکینە.کورد توانیویەتی و دەیکات، بەڵام دەبێ

سەرۆکایەتییەکانیش بتوانن ئەو خۆشییانەی بە پارەو دەسەڵاتی چەند ساڵەوە بۆخۆیان بنیات ناوە، فەرامۆشی بکەن. بۆ ئەوەی بە شادی و بەختەوەری ئەبەدی بگەن. چونکا ئەم سەروەرییانە لە مێژووی میللەتدا دەمێنێ و فەرامۆش ناکرێت. من پیموایە ئەوەی باسی دەکەین مومکینە. ئەگەر ساڵێك بەڕۆژووی شت و مەکی داگیرکەرانی کوردستان بین، بە دڵنیاییەوە بە زۆر شت دەگەین . کشت و کاڵی کوردی دەبووژێتەوە. کارگەی خۆماڵی گەشە دەکات. ئیرادەی بەرهەمهێنان دەچێتە سەرەوە و دەتوانین "ژاپۆن"ێکی بچووك بۆ خۆمان دروست بکەین."میتانی"یەکانی پێش زایین لەم کوردستانەدا ئەوەیان کرد. خەباتی مەنفیی کورد لە دژی بێگانە بووە هۆی گەشەی پیشەسازیی خۆماڵی و دەستی لە هەورامان. چین- ییەکان هەتا پێڵاوی خۆیان دروست نەکرد، سەرۆکەکەیشیان پێڵاوی لە پێ نەکرد. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی نەتەوەیەکی وریا و ئاگادار لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەدایك ببێ. پیاوانی جەنگی ژاپۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و کەرامەتی خۆیان – هەموو شێوە چەکێکیان لە دژی دوژمن بەکار هێنا و کاتێك زانییان ناتوانن سەرکەون، جوامێرانە بۆ نیشتمانەکەیان خۆیان دا بە کوشت. کرداری خۆکوژیی فڕۆکەوانانی ژاپۆنی و مێهرەبانیی ئێستای ئەوان دوو نمونەی مۆڕاڵی کەرامەت پارێزی ئەوانە بوون، کە خاوەنی گەورەترین گەشەی زانستی لە دنیادان.ژاپۆنێك کە بۆ پاراستنی خۆی، مرد و دیسانەوە هەستایەوە. بەڵام لە هەستانەوەیدا ئیدی بوو بە دەوڵەت، هێز... داهێنان، پێشکەوتن و هەموو شت. جا پێویستە ئێمەش خودی کۆنی خۆمان بکوژین. یانی لە پێناوی پاراستنی کەرامەتی نەتەوەییمان، ئامادە بین "خود"ی ترسنۆکانەی خۆمان لەگۆڕ نێین و بەڵێن بدەین:

ئیتر شووتی ئێرانی نەخۆین!

نەستەڵەی تورکی و مریشك و شتە سەرنجڕاکێشەکانیان نەکڕین و بە ئێکسپایەری بۆیان بنێرینەوە!
بەڵێ شتەکانیان نەخۆین و بە ئێکسپایەری بۆیان بنێرینەوە!
ئێمە دەبێ دەروازەی باڵوێزخانەکانیان بە قوڕ بگرین... بەڵێ بە قوڕ بگرین!
دەڵێم سەرۆکەکان گوێم لێبگرن : چۆنە لە خۆتانەوە دەست پێبکەن؟! "گاندی" ئەوەی کرد.
بە بێ زیاد و کەم "کۆنفیدراسیۆنی هێزە کوردستانییەکان"دەبێ دروست ببێ و کۆبوونەوەی یەکەمی خۆی لەم وەرزەدا و لەژێر ئاگر و گوللەدا گرێ بدات.هەر لەو کۆنگرە نەتەوەییەدا دەستووری پەلامار بدەن و پێیان بڵێن: بەرژەوەندییەکانتان لە هیچ کوێیەکی دنیادا ناپارێزێن. بە ئەفسەرە کوردەکان بڵێن: فڕۆکەی شەڕکەرمان پێویستە 50 ...!تەیارەی شەڕکەر دەمانکات بە هێزێکی ترسێنەر! بڕینی سندووقی دراوەکانی ئەوان دەمانکات بە خاوەن داهات. و ئەوانیش دەنیشێنێتە سەر عەرز. سەیرانگاکانیان بکەن بە ئامانج و شوێنە ئابوورییەکانیان تێك بدەن . ئەوانەی پێیانوایە شێواندنی ژیانی خەڵك یەکسانە لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی ماڵی ئەوان، لە هەڵەدان. پێچەوانەکەیشی راستە. ئەو نەتەوانەی باسمکردن، هەموویان لە هەلومەرجی وەك ئەوڕۆدا دیسانەوە لەدایکبوون.بەڵام لە بەرانبەر دوژمندا هەموو شتێکیان کرد. تەنانەت لە هەموو شێوە خەباتێك خۆیان نەبوارد .
کەوابوو دەکرێ بڵێین: قۆناغی رزگاری پێش قۆناغی دێموکراتیکە... ئەمەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە لەگەڵ خۆمان نائینسانی بجووڵێینەوە. کەچی دەبێ بۆ گەیشتن بە هەموو مافەکانمان، بەشێك لە مافەکانمان فیدا بکەن.ئەمەش پیشاندەری ئەو راستییەیە کە دێموکراسی نابێتە رێگرمان، بەڵام نابێ دێموکراسیش

کێشـەی نەتەوەیـی و بەرژەوەنـدییە باڵاکانمـان بـۆ دروسـت بکـات.

هێرشی نیوملیۆنی، یانی درۆیەکی زەلام!

لەم ماوەیەدا زۆر سـێناریۆی پەلامـاردان بۆسـەر هەرێمـی کوردستان تـاوتوێ کـراوە. گرووپـی" ئامریکـا تورکیـا و ئێـران" بە تەمـابوون کێشـەی گەورە دروست بکەن. لە باڵوێزخـانەی ئامریکـاوە دەستووری ئەوە دەبیستریێ کە بۆ پاراسـتنی هەرێـم و سنوورەکانی، هێـزی ئامریکـایی و پێشـمەرگە رەوانەی سـنوور بکرێن.لەوانەشـە هێزی تـورك لە باکووردا جێگیر بکرێن. خۆ لەوانەشە ئێران بێتە سـەر سـنوور و هێزەکـانی جونـد و قاعیـدە جێگیر بکـات.ئەمەش زەنگـی مەترسـیی شـەڕێکی تـاتبەتە و کوردستان تێیدا نـوقمی خـوێن دەبێت و ئاوەدانییەکەشی نـامێنێ و سـەربەخۆیی خۆیشـی دەدۆڕێنـێ. یـانی شـەڕی سوپای ئێـران و ئیسـلامییەکان لە بەرانبەر ئامریکا و تورکیـادا لەسـەر عەرزی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـتە هـۆی داگیرکرانـی بەشـێکی دیکەی خـاکی هەرێم و... کورد تووشـی زیـان دەکەن. یـانی دەبـێ هەوڵ بـدەین پارمەتییەکـانی ئامریکـا و نـاتۆ بـۆ پاراسـتنی هەرێـم وەربگـرین، نەك تێکـدانی رەوشـی کـوردا!

بەسـەر 15ملیـۆن کـورددا (300هەزار سـەرباز) بـاز نـادەن!

درۆیەکـی مێژوویـی لە میدیای تـورك و فارسـەوە بیسترا بـۆ ئەوەی کێشـەو ئـاڵۆزییە ناوخۆییەکانیـان ون بکـەن. لە قەنـدیل و شـەڕی کوردستان دیسانەوە وەك بلۆف و مەترسییەکی مێژوویی بۆ گیانی بەرژەوەنـدییە گشـتییەکانیان کەڵکیـان وەرگـرت و پێیـانوابوو دەتـوانن دیسانەوە"سـێ سـنوور" ێکـی دیکە و خنکانـدنێکی دیـکە دروسـت بکەنەوە. ئیتر ئەم سیناریۆیە بە کرچ و کاڵی و بە درۆ بڵاوکردنەوە دەسـتی پێکردووەتەوە.کەچـی مـن پێمـوایە : ئێـران لەوە عـاقڵترە

هێزەکانی لە شوێنێکدا کۆ نەکاتەوە! چونکا سەددامیان بەو شێوەیە لە پایتەختدا ئیفلیج کرد. تورکیا ش لاموانییە ئەوە بکات. ئەگەر 220 هەزار سەرباز بهێنێتە سنوورەکان، ئانکارا لە کیس ئەدات.چونکا ئیرادەی کورد لە باکووری کوردستاندا ئیرادەیەکی ئازادە و تازە دەستی بە رەوتێك کردووە، کە گەڕانەوەی بۆ نییە.

لە مێژە لە "یەکیەتی ئورووپا" باسی وەرگرتنی تورك بە ئەندام ناکرێت!

سەرۆك!..."خەڵاتی ناتۆ"بە کەسێك نادرێ، ئەگەر بە کەسی نەزانن.ئەمە هێزی پشتیوانی نەتەوەکەتە و وەك شمشێرە سێحرییەکان بەکاری بێنە !

لە مێژووی کورددا بۆ یەکەمجار دانپێدانانی گەورەی سیاسی بەو شێوەیەی ئەمساڵ بینراوە.ناتۆ بە روونی خەڵاتێکی گەورە ئاراستەی کورد دەکات.لێرەدا ئیتر پرسیارێك دێتە ئاراوە: ئایا لە مێژووی ناتۆدا خەڵاتی وا بە تورك و ئێرانی و عەرەب دراوە، کە ئێمە نەتوانین بە هێمایەکی باش و دەسپێکێکی باش بۆ پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەرەوە و زلهێزەکان کەڵکی لێوەربگرین؟

کورد و ناتۆ و تورك : بازدانێك بەسەر جەستەی تورکیادا بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان

لە کۆنەوە "پێتر"ی مەزن، ئیمپراتوور و کەڵە پیاوی ناو پاشاکانی رووسیا شتێکی وتووە، کە هەموو ئورووپای سەرسامی ئەو وتەیەی خۆی کردووە. وتوویەتی: ئەوەی دەستی بە ئاوەگەرمەکان بگات دەبێ بە پاشای هەموو جیهان، کە لەراستیدا مەبەستی ئەو هەمان خەلیجی (عەرەبی و فارسی)یە .ئەوەی تەنانەت ئێستاش مشتومڕ لەسەر ناوەکەی دەکرێت.

کورد بەشێکە لەو نەتەوانەی کە ئەگەر یارمەتییەکی دەرەکیی باشی بدرێت، ئەوا لەو سووچەوە کە بە ئەهوازدا تێپەڕ دەکات، دەگاتە خەلیج و دەشتوانێ وڵاتێك بێت - لە پاش وەرگرتنی کورد بە ئەندامەتی ئۆرووپا لە باکووریەوە و یەکگرتنەوەی پارچەکانی - ئۆرووپا بکات بە خاوەنی ئاوی گەرم .ئەمەش وێڕای ئەوەیە کە ئیتر هەژمموونی ئۆرووپا لە ناوەندی وزەی جیهانیدا زیاتر دەکات و قیمەتی "یۆرۆ" دەگاتە لووتکەی خۆی، کە ئاواتی یەکیەتی ئۆرووپایە، دۆلاری ئامریکا و هەژمموونی ئەم جمکە ملۆزمەیان کەم بکەنەوە. کورد لە دوو جەمسەری بێ پشتیواندا دەتەقێتەوە و تەنیا دوژمنانیەتی زەرەر دەکەن.

سەربەخۆیی و دوایین وتە: نۆرەی ئێوەیە دەنگی گەل!

گورووپێك لە زانایان،5مەیموونیان لە قەفەزێك دانا و لە ناوەراستی قەفەزدا پەیژەیەك و لەسەر پەیژەکەش مۆزیان دانا. هەر کات مەیموونێك دەچووە سەر پەیژەکە، زاناکان ئاوی ساردیان دەکرد بە مەیموونەکاندا.پاش ماوەیەك ئەگەر مەیموونێك بە رێکەوتیش برۆیشتبایەتە سەر پەیژەکە، هەموو مەیموونەکان پەلاماریان بۆ دەبرد و تێیان دەسرەوان. پاش ماوەیەك هیچ کام لە مەیموونەکان –لەگەڵ ئەوەیدا حەزی لێبوو کەچی – نەیدەوێرا بڕواتە سەر پەیژەکە. زاناکان بریاریان دا، کە یەکێك لە مەیموونەکان بگۆڕن یانی جێگۆڕکێی پێبکەن.

مەیموونی تازەهاتوو یەکەم کارێك کە کردی چوونە سەر پەیژە بوو، کە هەموو مەیموونەکان هێرشیان بۆ برد و لێیان دا. پاش چەندجار خواردنی لێدان، مەیموونە تازەکە بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێ، فێر بوو، کە نەڕواتە سەر پەیژەکە.

مەیمـــوونی دووهەمیشـــیان گـــۆڕی و ئەو رووداوە دیســـان (بـــۆ مەیموونی تازە) رووی دایەوە.

سـێهەم مەیموونیشـیان گــۆڕی و ئەو رووداوە بــۆ جــارێکیتر روویـــدایەوە .مەبەســـتمان لێـــدان لە مەیمـــوونە تـــازەکەیە. هەر بەو شـــێوەیەش مەیمـــوونی 4 و 5 یـــش گـــۆڕدران. ئەوەی کە مابووەوە گوروپێکی پێکهاتوو لە 5 مەیموونی تازە بوو، کە بەسەر ئەوەیدا هیچ ئاوێکی ساردیان بەسەریاندا نەکردبوو، ئەو مەیموونەی کە بچووبایەتە سەر پەیژە، بە دەست ئەمانەوە لێدانی دەخـوارد. بەڵام خـۆ لەوانەبـوو ئەگەر لە مەیموونەکـان بپرسـن : بـۆچی ئەو مەیموونەی کە بـڕواتە سـەر پەیـژە، ئێوە لێیدەدەن؟... لە وەڵامدا بیانگوتبایە :"من نازانم ئەمە رووداوێکە کە لە دەوروبەری ئێمە روو دەدات"

ئەم وەڵامە بە ڕای ئێوە لە کۆمەڵگای ئیمڕۆژیی ئێمەشدا ئاشنا نییە؟ سیاسەتوان و زانـا و تەنـانەت پسپۆڕانیشمان بـۆ وەڵامـی پرسـیارە تازەکـانیش کە رووداوی تـازەی نزیـك لە خۆیـانن، بەو شـێوەیە لێکدانەوە دەکەن: هەروا بـووە و هەرواش هێناومـانە و دەبـێ واش بـڕۆین... زۆر شـتیش بـۆ ئـێمەی کـورد بـڤەیە و ناشـزانین هـۆیەکەی چییە!... هەزار سـاڵ ئورووپـا لە ژێـر بـاری دەسـەڵاتی رەهـای پاپـا و پاشـا دا وەکـو مەیموونەکانیـان لێهـاتبوو، هـیچکەس پرسـیاری لە کەس نەدەکـرد، بـۆچی ئەو هەمـووە غەدرە لە مـرۆڤ دەکرێـت، تـاکو کـابرایەکی قەشـە بە کڕینێکی ئاسایی و بە بزۆزییەك دنیای بەسەر ئەواندا رووخاند.ئەو کـابرایە جەهەننەمی کڕی و ئیدی کەس نەمایەوە بەهەشتی نەبێت! ئێمەش دڵنیـاین دەتـوانین ئەم کـارە بە بزۆزیکردنێکـی بچـووك لە نـاو پارلمـانی خۆمانـدا بکەین،تەنیـا بەو مەرجەی گومانمان لە راستییەکانی دەوروبەربـێ و بە سـانایی بـڕوا بە چارەنووس نەکەین

پارلمان ئەگەر بریاری سەربەخۆیی بدات، ئەوا بریاری جەنگیشی داوە.ناوچە جێناکۆکەکان و عەرەب و تورکی دەمارگرژ، لەوانەیە هێرشێکی توند بکەن. سوپای کورد بۆ سێ قۆڵی (باکوور و باشوور و رۆژهەڵات) دابەش ببێت. لەگەڵ ئەم دابەش بوونە، ئێمە پێویستمان بە راماڵینی هێزی عێراقە، یانی شەڕی بەرەی لاوازی باشوور گرانترە لە بەرەی بەهێزی باکوور و رۆژهەڵات .ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە.

هێزەکانی ئێران و تورکیا لەوانەیە نەوێرن زۆر بێنە قووڵاییی، کەچی عەرەبەکان و تورکمانی دیالە و کەرکووك لەوانەیە زۆر شت بکەن، چونکا زۆربەیان لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا نین و تاپۆی ماڵەکانیشیان ساختەیە. هەر بۆیە شەڕی ئەوئایدیا دەکەن، کە لەسەر ئەو بنەمایە بۆ ئەو عەرز و موڵکەتە بەڵێندراوە کۆچێندرابوون، شەڕ دەکەن کە بمێننەوە. هەر بۆیەش دەبێ شەڕی ئەو عادەتە غەڵەتەی خۆمان بکەین و بە چاوو گوێ بەستراوی تەسلیمی لێدانەکانی مرۆڤەکانی دەورووبەرمان نەبین کە نازانن بۆچی لە سەرمان ئەدەن کە : نابێ لە دژی دراوسێ ناحەزەکانمان شەڕ بکەین و کاتنێکیش لێیان دەپرسین، ئەفەرموون نازانین و لە مێژە ئەم نەریتە هەیە لە بەرانبەریاندا مل کەچ بکەین!

http://kuldp.org/dreje.php?id=323

ماڵپەڕی: هەڵۆی کوردستان

# دۆلارەکانتان بۆ پاراستنی دۆلارەکانتان بدەن به جەنگاوەرەکان

## "ڕپيارە لەمانگی ئايندەدا، ئێران و توركيا هێرشێکی نيوملیۆن سەربازی بکەنە سەر قەنديل و ئەو ناوچانەش لەحکومەتی هەرێم، دابپڕن(*)"

دەبێ ئامادە بين!

ئەوەی تا ئێستا –کورد لە دەروازەکانی جيهانی خۆراوای خۆيەوە هەوڵی بۆ داوە، هەوڵێکی دێمۆکراتيك و ئينسانی بووە و لە – هەمانکاتيشدا -لە سياسەتدا لە دوژمنانی سەرکەوتووتر بووە – ئەمەش وايکردووە دوژمنانی کورد وا هەست بکەن کێشەی ئەم گەلە بە سەرکوتکردنی شۆڕشی ناو کوێستانەکانی قەنديل چارەسەر دەکرێت و بە ئاشکرا پارادۆکسێکی لە ناوخۆی توركيادا (بە تايبەت دروستکردووە و شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر توركی تازە و توركی عەسکەرتاری(شەڕانگێز) و کۆنە پارێزدا سەپاندووە. هەر ئەم شەڕەش دەتوانێ بە شێوازێکيتر و لە ئاستێکی فراوانتردا بڕواتە ناو پێيتەختەکانی ئەوان، بەڵام ئەمجارەيان بە پلانێکی تۆکمە کە جێگای باوەڕی ئەوان نەبوو ئەو شێوە خەباتکردنە رووبدات و کوردێکی خەباتکاری تازە بێتە گۆڕێ. يانی کورد ببێتە سەربازی دژبەری ئەوان و ئيتر لە قۆناغی سازگارييەوە خەباتی ئاشتييانەی خۆی بگۆڕێ بۆ خەباتێکی سەربازييانەو تۆڵەی دارمانی ئيرادە و ئابووری و بەرژەوەندييەکانی خۆی راستەوخۆ لە

دوژمن بکاتەوە. ئەمە ئەو ئۆلتیماتۆمە بوو، کە "هاوپەیمانی ستراتیژی"ی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاشکرا رایگەیاندبوو(***).



(بڕوا بکەن ئەم دەبابانە بۆ جوانی و خۆنواندن و بۆ وێنەگرتن بەرەو کوردستان نایەن، لەوانەیە بەسەر جەستەی هەموومانددا تێپەڕن... تکایە ئاگاداری خۆتان بن و بە نەوەی تازەی کورد بڵێن: ئەمە کێشەیەکی مێژووییە)

زۆر کەس هێرشی هەمەلایەنە بۆسەر هەرێمەکانی کوردستان بە گاڵتە دەزانن و پێیانوایە ئەمە تەنیا مانۆڕێکی سەربازییە و بەس، کەچی وانییە!

لە ماوەی یەك شەوو رۆژدا نزیکەی دووسەد گوند ئاوارە بوون و هەزاران بنەماڵە لە ترسی بۆردومانەکانی ئەرتەشی تورك ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت. ئەمەش لە لایەن زۆر یەك لە چاودێرانی

سیاسیی بە ئەزموونەوە ، دەرکردنی فەرمانێکی جیهادی نوێ لە یادکردنەوەی 32 ساڵەی فەرمانەکەی خومەینی دا (28 ی گەلاوێژی 1979) بوو، کە دیسانەوە و لەو رۆژەدا گەلی ئێمەیان مەحکووم بە نەمان کردەووە و پێیان گوتین : کورد یەکە و دەبێ بمرن !؟

بەڵام لە وەڵامی ئەو دوژمنکارییەی سوپای تورك و ئێراندا، هەڵبژاردنی بێدەنگی و راکێشانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی بۆ شوێنی بۆردومانەکان ( بەو پێیەی دەوڵەتانی ئەو کەس و لایەنانەی هاتوونەتە شوێنە رووخاوو بۆردومانکراوەکان، زۆربەیان هاوپەیمان و یاریدەدەری تورکیا و ئێرانن) نەك هەڵە، بەڵکوو کزکردنی دەنگی خەباتخوازیی نێوخۆیە و دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

دەبێ ئیجازە بە هیچکام لەو لایەنە بیانییانە نەدەین -کە بە بۆنەی گواستنەوەی هەواڵەکانی کوردستانەوە خەڵاتی رۆژنامەگەریی جیهانی دەبەنەوە و بۆ جارێکیش نەیانتوانی لەگەڵ حکوومەتەکانی خۆیاندا باس لەوە بکەن: کوردستانتان بۆچی دابەش کرد و بۆچی بە ناوی سەرکوتی شەڕانگێزییەوە شۆڕشێکی رەوا لە خاچ ئەدەن و لە میدیاجیهانییەکانی خۆتانەوە باس لە بەرگریی میللەتێك لە پێناوی ئازادیدا ناکەن، کە بۆ یەك سەدەیە خاوەنی نیوملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی وڵاتەکەیان نین و تەنیا هەرێمێکی بچووك و زنجیرە شاخێکیان بەدەستەوەیە کە دەتانەوێ لێیان بستێنن. خۆ لەوانەشە بتانەوێ یارمەتیی ئێران بدەن، یان تورکی فاشیست رازی بکەن کە لە بەرژەوەندیی و پێگەکانتان لە ناوچەکەدا نەدەن!

یانی دەبێ پێیان رابگەیەنین: پرۆسەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی ئێوەی کۆمەڵگا ئازادەکان، فەشەلی هێناوە... مەگەر بەو ئاکامە بگەن، کە بۆ پاراستنی مافی ئینسان و ئازادکردنی نەتەوە و مرۆڤە بندەستەکان هەموو تواناکانتان بخەنەگەڕ و بەرژەوەندییەکانتانی بۆ وەلابنێن و هێزیش لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرکوتکاردا بەکار بێنن.

بەڵام خاڵێکی جێی سەرنجی نێوخۆییش هەیە: لەگەڵ ئەوەیدا کە بازگە و گۆڕستانی شەهیدانی (پ.ك.ك) بۆردومان کراون و زۆربەیان زەرەری قورسیان بەرکەوتووە و ناوچەکانی سۆران و ئامێدی و باڵەکایەتی و بێتوێن و... زیانێکی قورسیان پێگەیشتووە، کەچی هەر دوو لایەنی خاوەن هێزی بەرگریکار) فەرماندەیی لەشکری کوردستان و هەرێم"فلك" و فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی گەل"هپگ") هەڵوێستێکی توند و کرداریيان بەرانبەر هێرشەکان نییە و ئەم کپبوونەیان ورەی جەماوەری کوردستانی تا رادەیەوك دابەزاندووە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی داواکانمان بۆ تەیارکردنی "هێزە خۆڕسکە -خۆبەخشەکان" بخەینە بەر دیدی جەماوەر و حکوومەتی هەرێم و لایەنە بەرپرسیارەکان و پێیان بڵێین: چەك لە ئێوە و خەبات لە هێزە خۆبەخشەکان!

"قۆناخی دوای پاککردنەوە" (**) و مەترسی بۆسەر کیسەڵەکان!

"عوسمانلی و سەفەوی"یە نوێیەکان ئەمجارەیان کێشە مێژووییەکانیان فڕێداوە و دەیانەوێ هیچ پەردە و نێونجێك لە

نێوان خۆیاندا نەهێڵن و سنوورەکانی پاش" پەیمانی زەهاو" دووبارە دابەش بکەنەوە. بەم شێوەیەش بۆ دواجار لە دەستی کەواسوورەکانی پێش قەراوڵی "شەڕی چاڵدۆران" -کە خۆیان بەڵێنیان پێدابوون، لە دەسەڵاتدا بەشداریان بکەن -رزگاریان ببێ. بەڵام هەروا کە ئەوان گۆڕاون، لۆژیك و نەریت و پێوەری هەڵسوکەوتی "کەواسوورەکان"یش گۆڕاوە! ئیتر کاتی ئەوەیان بەدەستەوە نەماوە کە براکوژی بکەن... ئەمەش ئۆلتیماتۆمێکی جێی سەرنج و تێڕامانی دۆست و دوژمنی کوردەکانە، کە لەگەڵ ئەوەیدا دوژمن بڕیاری داوە کوردستان لە هێزی بەرگریکار پاك بکاتەوە و قەندیل و کوێستانە سەختەکان بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن، کوردەکانیش بە هەموو توانای خۆیانەوە دەیانەوێ ئەو ناوچانە بپارێزن، چونکا ئەوێ بە شوێنی شۆڕش و داییکگەی ئیرادەی نەتەوەیی دەبینن. لە هەمانکاتیشدا ئەوانەی خۆیان بە کەسانی بارقورس و "ستراتێژمەن"دەزانن، ئیتر شریخەی تۆپەکان لە بن گوێی خۆیاندا هەست پێدەکەن و ئامادەن باجی خۆیان بەوانە بدەن کە بەرگری لە نیشتمان و سەروەرییەکانی خۆیان دەکەن، چونکا ئەگەر ئەمە نەکەن... بە دڵنیاییەوە خۆیان و سەروەرییەکانیان دەدۆڕێنن. ریش درێژەکان لە دڵەوە خەنین و کوردە رەسەنەکانیش هاوار ئەکەن!

ئیسلامی فەندەمێنتال قۆڵی بۆ داگیرکردنی شوێنە ستراتێژییەکانی کوردستان و شاخە سەر بە تەمەکان هەڵماڵیوە و برایانی ئیسلامیی ئەوانیش:"ئۆردووگان و سوپای پاسداران" یارمەتییان دەدەن.

ئەوان ئێستا بەو قەناعەتە گەیشتوون، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بوونی حیزبوڵڵا و جەهاد و حەماس و ئەلقاعیدە و ئەنسار، لە تەنانەت هاپەیمانیی ئامریکاش بۆ ئەوان گرینگترە و لە کرداری سیاسیی تورکیای بە ئیسلامیکراوی ژێر دەسەڵاتی ئۆردووگانیشدا ئەم بابەتە سەلما، کاتێک کەشتییەکانیان بۆ غەززە بەڕێکرد و کاتێك هاوکاریی خۆیان لە ئامریکا دریغ کرد و کاتێك پێوەندییەکانی خۆیان بە بۆنەی داروودەستەکانی توندئاژۆی ئیسلامییەوە لەگەڵ ئیسرائیل پساند. ئیتر بەم کردارانەی دوو کەڵەگای مێژوویی ناوچەکە، گیانێکی تازە بەبەر ئیسلامییە وەلانراوەکانی رای گشتیی ناوچەکەدا هاتەوە.ئەنسارولئیسلام لە شەڕی نێوان سوپا و پژاك دا راستەوخۆ –شانبەشانی جاش و پاسدارەکان –بەشدار بوون. دیارە بەڵێنیی گەورەشیان پێدراوە و لەوانەیە سەرۆکی هەرێمی دابەشکراوی "باشووری ئیسلامیی کوردستان" ئیسلامییەکی وەك: مەلاکرێکار بێت!

جەنابی سەرۆکی هەرێم کاتی ئەوە هاتووە ببیتە فەرماندەی سوپای کوردستان!

سەرۆك و پێشمەرگەی پەروەردەی ناو شۆڕشەکانی کورد –پاڵەوانی شەڕەکانی خواکورك و رۆڵەی بارزانیی نەترس و سەرکردە – ماوەیەکە بێدەنگە. ئەمە لە هەڵوێستەکانی ئەو ناچێت. خۆ لەوانەیە هەستی بەوە کردبێت، نەتوانێ لە بەرانبەر هێرشی نیوملیۆن سەربازی ئێرانی و تورکدا بوەستێ... کەچی من بۆ بیرەوەریش بێت، بە یادیان دێنمەوە کە کورد کاتی خۆی

سوپایەکی فەرمیی وەك سەددام –بە بەردەوامی -هێرشی بۆ دەکرد، کەچی تەنانەت تۆزقاڵێك لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشەکشەی نەدەکرد.

پیموایە ئیتر کورد دەبێ ئاگای لە خۆی بێت. رستەیەکی دەوڵەمەندی بە ناوبانگی ئامریکا "راکفلێر" هەیە کە هۆیەکانی سەرکەوتنی ئەو باس ئەکات. راکفلێر لە وەڵامی ئەو کەسەیدا کە دەڵێ: چی بووەتە هۆی دەوڵەمەندیی ئێوە؟... لە وەڵامدا گوتی: من 95% ی داهاتی خۆم دەکرد بە خەرجی پڕوپاگەندە و تەبلیغات!...

ئەمە رستەیەکی زێڕینە - بۆ ئێمەی نیوە مۆدێرن -کە خۆمانی لەسەر رابێنین.

بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان دەبێ زۆربەی داهاتی خۆمان و حیزبەکانمان بکەین بە خەرجی پڕوپاگەندەی سیاسی. یانی دەبێ لە پێناوی ئامانجەکانماندا ئیتر لەو حاڵەتی "پارانەوە و یارمەتی وەرگرتنانە لە بێگانەکان" بگۆڕدرێین بۆ حاڵەتێکی دیکە کە دەمانباتە ناوەندی بریاردانی سیاسییەوە.ئێمە دەبێ لە نەتەوەیەکی "وەرگر"ەوە ببین بە نەتەوەیەکی "خەرجکەر". یانی ئەمە دەمانباتە ناوەندی دەسەڵاتێکی گەورەتر لە دەسەڵاتی ناوچەکەوە و پاڵپشتمان بۆ دروست دەکات. جوولەکەکان بۆ راگرتنی بالانسی جیهانیی خۆیان هەزاران کارتی فشاریان دروست کردووە، کەچی ئێمە تەنانەت خۆیشمان نەناسیوە تا بزانین چۆن بتوانین فشار بخەینە سەر بێگانە!

ئێمە دەبێ لەو پارە و خەزینەیەی لەبەر دەستماندایە، بۆ کڕینی سیاسەتوانانی بە توانای ماڵی بێگانە کە لە ناوەندەکانی بریارداندا کاریگەرییان هەیە، کەڵك وەربگرین. ئەوەی ساڵانێکە

لە گەڵ ئـێمەی کـورد و نەتەوە هەژارەکـان دەیـکەن و هەزاران کەســـــــایەتییان لـــــــــێ کڕیـــــــــــوین.
ئێمە دەبێ کارێك بکەین، هەر لە نـاو پارلمانەکانیانەوە تـاکو ریزەکـانی ئەرکـانی سـوپا و تەنـانەت کۆمەڵانی دەنگدەر و رای گشـتیی ئەوان –کەسـانی خۆمـان و دەنگـی سـازگار بە رۆحـی نەتەوەییمـان -دۆز و سیاسـەت و هەڵسوکەوتی هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەنـدییە نەتەوەییەکـانی کـورد -پێـك بێنـین .
سـەرۆکی هەرێـم بە کەسـایەتییەکی شۆڕشـگێڕ و قارەمـان و فەرمانـدەیەکی بە جەرگ و بەخشـندە ناسـراوە و سـەرۆکی بلیمەتیش لە کاتە هەستیارەکاندا و بۆ پاراستنی گەلەکەی هەموو شـێوە کردارێکـــــی چارەســـاز دەگـــرێتەبەر.
سـەرۆك دەبـێ چەنـدین پـارێزەری گەورەی جیهـانی لە نەتەوەیەکگرتووەکـان و رێکخـراوە دەسـەڵاتدارەکانی وەك "دادگـای لاهـای" و "یەکیەتـی ئورووپا"و تەنـانەت "پارلمـانی عێراق" دابنـێ، کە ئەگەر لە عێراقدا نەیانتوانی کارێك بکەن ئەوا لە شوێنەکانی دیکەی خـاوەن بریـاری جیهـانییەوە پشـتیوانی بـۆ کـورد بەدەست بێنن. دەبـێ ئەوەی ئەوان بەرانـبەر بە کـورد لە سیاسـەتدا پەیڕەوی دەکەن، بـۆ خۆمـان بە ڕەوای بزانین و دڵنیـام دەتـوانین سـەرکەوتوو بـــین، ئەگەر هاودەنـــگ و هاوکـــار و هاوهەنگـــاو بـــین.
بەڵام ئەوەی سـەرۆك نەیکـردووە و دەبـێ بە ئەنجـامی بگەیەنێـت، ئەوەیە کە هەمـوو هێـزە رەسـەنەکان تەیـار بکـات. هەمـوو دەنـگە ناسـازەکان بهێنێـتەوە سـەر هێڵـی" بەرژەوەنـدیخوازیی بـاڵاتر لە گـرووپ". ئەمە وامـان لێـدەکات، بـۆ یەکەمجـار و بە بـێ ئەوەی ئەزمـــوونی "نەبـــوونی یەکیەتیـــی نەتەوەیـــی" لە بەرگ و کـــاراکتەرێکی فاشیســـتانەدا تـــاقی بکەیـــنەوە، لە بەرگێکـــی

دێمۆکراتیکدا ئەزموونی بکەین و متمانەی کورد بدرێت بەوانەی پارێزەری هەموو کورد و ئامانجەکانی ئەوەن. ئەوەی ناسیۆنالیزمی ئیتالْیی بەلاڕێدا برد و خەسارێکی گەورەی پێگەیاندن، دەبێ بۆ ئێمە هێلێکی سوور بێت بۆ ئەوەی متمانەی تەواوی لەسەر بنیات بنێین.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا -شەڕی کورد لە ماڵی بێگانەدا- دەست پێدەکات.

ئەمە پەیامێکی خەمناکە و لە رۆحی کوردەوە تاکو ئێستا پەیامی وا نەبیستراوە، کەچی ئەگەر لە هەموو لایەکەوە تەنگیان پێ هەڵبچنن، ئەوا چارە نییە و دەبێ لە پێناوی پاراستنی هێلانەکەتدا هێرش بۆ هێلانەی هێرشبەر ببەی. بۆ ئەم مەبەستەش لەوانەیە ئەگەر ئاگاداری خۆیان نەبن، هێلانەکەی خۆیشیان بدۆڕێنن.ئەمە ئەو راستییە بوو، کە دوژمنانی کورد لێی تێنەگەیبوون.

دیارە رێگا چارەی دیکەشمان هەیە و ئەمەش لەو کاتەدایە کە سوپای دوژمن لە گەمارۆی ئێمە دەکەوێ... ئەوان دێنە قووڵایی و هەر بە کوردانی نێوخۆ تەنگیان پێ هەڵدەچنین. بەڕاستی ئەگەر کوردایەتییەکی" قازی"ئاسا پەیڕەو بکەین و پشتی گەلەکەمان بەرنەدەین، مانگی داهاتوو و کاتی پەلامارەکان، دەبێ 40 ملیۆن کورد لە شەقامەکانەوە تاکو شاخ بەرەنگاری بکەن... ئەو شێوە بەرگرییەی لە کاتی هێرشی 28 ی گەلاوێژی 32 ساڵ لەمەو بەردا کورد گرتیەبەر و هەرەسی بە هەژموون و پەلاماری ئەوان هێنا.

بەڵام ئەم شێوە ئیرادە کردنە پێویستی بە هەموومان هەیە و دەبێ بە هەمووەمان لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانماندا توند

راوەستین، چونکا ئەوە کوردی هەزارەی تازەیە کە دەیەوێ بۆ دوایین جار هەرەس بە هەژموونی داگیرکەر بێنێ.

ئایندە چۆن دەبێت... ئەگەر دروستی نەکەین؟!

خەیاڵێکی ناحەز نییە ئەگەر دانیشین و هەنگاوەکانمان بە شێوەیەك دابنێین، کە بەرەو داهاتوویەکی کەم کێشە و ئارام و پڕ دڵنیایی بمانبات.لێرەدا دەبێ متمانەکان بگێڕینەوە بۆ ناوماڵی خۆمان. دەبێ بۆ جاری دواجار لەگەڵ رۆحی بێگانە لە خۆدی خۆمان ئاشت ببینەوە.

دۆلارەکانتان بۆ پاراستنی دۆلارەکانتان بدەن بە جەنگاوەرەکان

شمشێری جەللاد – سەرۆك و هاولاتی – نابینێ.دەوڵەمەند و هەژار ناناسێ و تازە لەبەر داهات و دەرکەوت و لەبەر شکۆمەندیی گەورەپیاوانی ئابووری و سیاسی و ئیداری، سەرەتا لە سەری ئەوانەوە دەست پێدەکەن. بێگومان دەوڵەمەندان و کەسانی خاوەن وزە و داهاتی زۆر باش، لەوە شارەزان، کە ئەگەر سەربازەکانی وڵات لە کاروانەکانیان پارێزگاری نەکەن، لە سەعاتێکدا هەرەس دێنن. بۆیە دەبێ بۆ خزمەت بە سوپا –دیار و نادیارەکان –ی کورد، هەردەم ئامادە بن و ئەو وتەیەی راکفلێر لە بیر نەکەن، کە بۆ پاراستنی دەسکەوت دەبێ 95% ی سوودەکانیان بدەن. لە وڵاتێکدا کە سەربازەکانی پۆشتەوپەرداخ و تێروتەسەل نەبن، کارەسات روودەدات.

گومانی مەڕ یان بێگومان بوون و باوەڕمەندی: چارەنووسی ئەوانەی دوژمن دەکەنە برابەش!

ئێران و تورکیا سیناریۆی سەیر و سەمەرەیان بەدەستەوەیە و بۆیە دەبێ وریا بین. ئاشوورییەکانی مێژوو (پاشاکانی نێوان دوو رووبار و ئازاکانی مێژوو) تەنیا لەبەر غافلبوون - و قبوولّ نەکردنی ئەو راستییەی کە بۆ مانەوە لەم دنیا شەڕانگێزەدا، دەبێ جەنگاوەرێکی باش بیت و بە تەنیا جەنگاوەر بوونیش بەس نییە، بەڵکوو هەتا ژیان هەیە، دەبێ جەنگاوەر بمێنی!!! –تووشی توانەوە هاتن.

لە راستیدا ئەگەر خۆمان گێل نەکەین، ئەم دراوسێ ناحەزانەی ئێستامان، خواوەندەکانی سیاسەت و فێڵ و تەڵەکەی "رۆژهەڵاتی ناوین"ن و نابێ باوەڕیان پێبکەین .ئەوان لە باشترین حاڵەتیشدا ئێمە بە نۆکەری ئازادکراو لە قەڵەم دەدەن.بۆیە بەردەوام ژێردەستەبوون ئەزموون دەکەینەوە.

پیاوێکی فاشیستی ئێرانچی هەیە ناوی" ئۆرۆد"ە کە دەبێ کورد بیناسن. ئەو کابرایە تێئۆریسییەن و گەڵاڵەڕێژی "ناسیۆنالیزمی (بە ناو) دیمۆکراتیکی ئێرانگەرا"یە و باس لە 20 دەوڵەت و نەتەوەی بندەست و ژێر گاریگەریی باڵادەستیی فارسەکان دەکات، ئەوەی نەتەوایەتی و پانتورکیزمی هەژموونگەرای تورکی سەرەتای سەدەی بیستەم خەونی پێوە دەبینی و لە سەرووی هێڵی ئیمپراتووریای فارسەوە هێڵەکانی خۆیان کێشابوو. ئەو پیاوە باس لە بیست وڵات دەکات کە دەتوانن بە پێی پێوەرەکانی فکری ئێرانی "کیشوەر(قاررە)ی ئێران" وەکو کیشوەرەکانی ئاسیا و ئۆرووپا و ئامریکا و ئافریقا و ئۆسترالیا دروست بکەن.یانی ئەمە پێشکەوتووترین بیرۆکەی ئەوانە کە ئەگەر دان بە سەروەرییەکانی تۆشدا بنێت، نایەڵێ باس لە مێژوو و سەروەرییەکانی خۆت بکەیت و هەموویان بۆخۆی دەدزێ.

ئەم پیاوە پێی وایە ئەوە خاڵێکی یەکلاییکەرەوەیە و وەکو ئەوەی کە نایەوێ بیشارێتەوە باس لە شکۆی مێژوویی ئێران دەکات و لە ناو ئەو وڵاتانەدا، ئێران بە "یوونانی ئۆرووپا" واتە شکۆی هۆشیاریی گەلانی ناوچەکە دادەنێ. هەر لە راستای ئەم بیرۆکەیەدا و بۆ ئەوەی لەگەل جێ نەمێنن، بۆی هەیە تورکیاش بە هەمان شێوە لەسەر ئەو هێڵە ستراتێژیکە بیەوێ ناوچەکانی خوارووی سیبریا و رووسیا تاکوو ئۆقیانووسی هێند، بە برابەشی لە نێوان خۆی و دوژمنە مێژووییەکەیدا دابەش بکات. ئەمەش پیشاندەری هەژموونی تازەی ئەوان لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی ئامریکا و هاوپەیمانانیدا بێت، کە بەرانبەر بە کورد لەگەڵیاندا ناڕاستەوخۆ، کۆك و هاودەنگە... تەنیا بەو مەرجەی بهێڵن، بە ئاسوودەیی لە ناوچەکەدا هەناسە بدەن. بەڵام خۆ جەنابانی ئێرانی و تورانی دەزانن، لە ئەستەمبووڵ مافیا حوکم دەکات و دەتوانین بە ماوەی حەوتوویەك سیاسەتی وڵات و ئابوورییە لەرزۆکەکەی بڕووخێنین، ئەگەر مەبەستمان تێکدان بێت (!!) لە تاران-یش شوێنێك هەیە کە "بازاڕی مردووەکان"ی پێدەڵێن و ئەوانەی لەوێن بۆ پارە هەموو شت ئەکەن: تەنانەت تەقینەوە و خۆتەقاندنەوەش! با جەنابی ئۆردووگان و ئەحمەدینژاد وریا بن... کورد ئێستا سامانی هەیە!

خەیاڵی رۆژئاوا و ئەجەلی گورگ

لە سیاسەتدا هەموو شت مومکینە: کێ نالێ، ئامریکا... ئێران و تورکیا هاننادات، کوەیت -ێکیتر داگیر بکەن و ئەوانیش بە خەیاڵی ئاسوودەوە لەگەڵ لاواز کردنیاندا، سووریاش بڕووخێنن ؟! کێ نالێ ئەم شەڕە، پەرەپێدانی ئەو هەنگاوە گرنگەیە کە

ئامانجی چاکسازییەکی گەورە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا؟! خۆ لەوانەشە ئەجەلی دیکتاتۆرەکان هاتبێ!
یان بۆ نەڵێین: بە پێی ئەو ویکچوونانەی نێوان دوودەوڵەتی یاخی لە سوپای ئێستای ئێران و تورکیا (دەوڵەتی ئەحمەدینژاد و ئۆردووگان) ئەو دوو حکوومەتە دەتوانن بڵێن: هێرشی ئەم دواییيانە سەرەڕۆیی سوپا بووە و دەوڵەت دەستووری نەداوە و... تا ئەو کاتەش کار لە کار ترازابێت!
ئیتر ئێمەش دەتوانین بۆ پاراستنی خۆمان و دەسکەوتەکانمان بڵێین "ئەوانەی لەشەڕی دژی داگیرکاردا بەشدارییان کرد، ئەمریان لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە وەرنەگرتووە و خۆیان و بە شێوەیەکی خۆڕسك و زۆر مەدەنییانە تاکو چیاکان ڕۆیشتوون و دواتر خۆیان ئاشکرا کردووە" ئەمەش بە لێدوانێکی حکوومی چارەسەر دەکرێت. خۆ قسەی پیاوی سەرکەوتووش ڕێی زیاتری تێدەچێت، کە بە راستەقینەی وەربگرن!

کەروێشکەکان باڵیان هەیە...!

کیسەڵەکان دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە و نووستوون، بەڵام نەوەی عەجوول و سەربزێوی ئەوان ئەوەیان ناوێ. بە بێ ئەوەی هێزەکانی کۆن زانیبێتیان –نەوەیەك بە ئەوپەڕی ڕێزەوە بۆ رابردوویان، ئارام ئارام –لە پاڵیانەوە تێدەپەڕێ و بە جێیان دێڵێ.

شۆڕشێکی نائایدۆلۆژیك –نا ئیسلامی و نا مارکسی – بەرێوەیە. ئەمە شۆڕشی شەرم نەکردنە لە خەبات لە پێناوی رزگاریدا... شۆڕشێکە بۆ وەئاگاهێنانەوەی ئەوانەی نووستوون و

پێیان وایە هەتاهەتایە دوژمن لێیان دەگەڕێ بخۆن و بخەون، یان گەشە بکەن!

رۆژئاواییەکان بەم بابەتە هەستیارەیان زانیوە و لەسەر نەوەی تازەی کورد سەرمایەگوزاریی زۆر دەکەن - ئەوان دەیانەوێ بە ستایلی خۆیان ئەم نەوە پەروەردە نەکراوە بنیات بنێن و ئەمەش شەڕێکی تازە بۆ ئێمە دروست دەکات -ئەگەرچی لەسەر کەسایەتییەکانی کۆنیش کە توانیویانە لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا جێگایان هەبێت، حەسێب دەکەن. لە هەمانکاتیشدا نایانەوێ سەرکردەی گەلی و گەنج وخاوەن وزە... بوونی هەبێت، چونکا بەو ئاراستەیەیدا کە ئەوان دەیانەوێ، کۆمەڵگا نابات! ئیتر ئێمە و چارەنووسی تازە و جەنگە تازەکان دەبێ دەست و پەنجە لێك هەڵسووین و ئیرادەیەکی تازە بنیات بنێین. ئەوەش دەزانین "رۆژگارە کە پاڵەوان دروست دەکات "بۆیە دەبێ نەترسێین و بە شانازییەوە بە بەرپرسیارێتییەکانمانەوە خۆ ماندوو بکەین، تا دەبین بە پاڵەوانی رۆژگاری خۆمان!

"ئەم وتارە پێشکەشە بە هەموو ئەو پاڵەوانانەی شەڕ لە پێناوی رزگاریی نیشتمانەکەیاندا بە پیرۆز دادەنێن"

---

(*)و (**) ئەم دوو دێڕە، لە هەواڵێکی ماڵپەڕی "پێنووسەکاندا" مانشێتِ و چەند دێڕ خوارتر بوون.

http://www.penusakan.com/index.php?option=com_content&view=article&id=1003:2011-08-18-09-49-=46&catid=39:hawal&Itemid

# ناسیونالیسم علیه پان ایرانیسم: آغاز یک قرن نوزدهم جدید!

(شرحی بر احوال مغرضانه ی "پان ایرانیسم")
(بخش اول)

## ملیت در مقابل امت

ایرانگرایان بر این باورند, که خسی بر در پادشاه ایشانیم!

اساسا تحمیل اهداف و خواسته ها و فرهنگ و منافع یک ملت بر ملل و تنوعات دیگر را, که با انکار این تنوعات ملی و مذهبی همراه باشد, فاشیسم و یا ناسیونالیسم عظمت طلبانه میخوانند.
اینان هم میپندارند, بعد از افول جمهوری تا سر استخوان "ملی – مذهبی" ی پان ایرانیسم آخوندی, بار دیگر روزگار بدیشان روی خوش نشان داده و دگرباره فر و شکوه و جلال سیستم پادشاهی کهنشان را به آنان بر میگرداند... البته از نوع سکولارش!
البته اگر چنین تصور شود که دوران کهن تحمیق دول کبار(و در حقیقت تحمیق خویش) بعلل باج و خراجهای گوناگونی که بدربار ایشان میفرستادند تا از خطاهایشان چشم بپوشند, هنوز هم به روال قدیم پابرجاست, قواعد بازی "استراتژیستهای" امروز را نشناخته اند.یعنی اگر به خیال خویش میتوانند بمانند جد پدریشان با دنیای امروز معامله کنند, خویشتن را به سخره گرفته اند.
گربه های فربه دربار و شیران آبدیده ی سرشت!

"آنگاه که شما, خسته از اعمال شنیعتان شبانه تا صبح میمیرید, سپاهی از جنس آتش تا صبح شعله میکشد. این یعنی بیداری جادوشدگان و... خواهید دید دامنتان را آتش میزند"

مدارک تحصیلی زیادی اخذ نمودید تا از خجالت عالیجنابانتان درآیید, اما مبارزات ما برای آزادی خویش از یوغ شما ما را درسهایی به ژرفای قداست و کرامت انسانی میداد که در کتابهای شما یافت نمیشوند, زیرا آنانیکه هدفی متعالی دارند, تواناییهای باورنکردنی و مساعدتهای فرا – محفلی و انرژیهای کلان از دل طبیعت و سرشت انسانی و مبارزات حقه ی خویش میگیرند, که با تئوری بافیهای کلان در هم نمیریزند.

آیا هنوز هم بر این باورید که ما "خران و گاوان و دلقکان" دربار شماییم؟

ارومیه وتبریز و اهواز و هزاران بار شورش در کردستان و نارضایتی ترکمانان و جنگهای چریکی و مبارزات بلوچها... چه حوادثی را به شما یادآوری مینایند؟

آیا سرکوب بحرین و ترور "پیشه وری" و اعدام "پیشوا قاضی" و سرکوب هر آنچه در ترکمنستان جنوبی (تحت ستم ایران) و قیام شمالیها و سیاهکل و اختناق شدید در اهواز و به زیر چوبه ی دار کشیدن مبارزان (بلوچستان غربی زیر چکمه ی ایران) از شاهکارهای دمکراتیک صد سال حکومت ثان ایرانیستها (با همه ی طیفهای وسیعش از راست و میانه و چپ و...) و افتخارات ایشان نبوده است؟

گربه های اعلا حضرت چه جوابی دارند که بدهند؟

حرف دل ارومیه ایها : اگر شاه هم آذری باشد اگر پایتخت هم تبریز باشد, هنوز هم قبولتان نداریم!

بهیچ وجه انتظار اینرا نداشته باشید که "پان آذریسم" و "پانکوردیسم" در غرب و "پان عربیسم" در جنوب و "پان بلوچیسم" در شرق و جنوب شرق و "پان تورکمنیسم" در شمال شرقی, کهن دیار شما و کهن زندان ما را از هم شقه نکنند!؟

باور تمامی ملیتهای فوق, باورهایی انسانی بودند: نرم و آرام و... به ناگاه سیستم آموزشی مدرن شما ما را به جنگاورانی بر علیه همدیگر تبدیل نمود, تا شما حکومت کنید!

قدیمها ما کردها را از خانواده ی دیوان البته با شاهکارهای ادبیی که برایش خلق نموده بودند, معرفی مینمودند. ترکها و ترکنمها را وحشیان و دیو صفتان و عربها را سوسمار خور و رام نشدنی و بلوچها را اشباحی در بیابان میشناساندند. همین صفات غیر قابل هضم امروزیها, برای دیروزیها مشکل آفرین بود.

کردها را قابلیت این نمیدیدند که با ایشان معاشرت نمود: غارتگر و جلاد و خونخوار و غیر قابل اعتماد میباید مینمودند. ترکها را حمقا و چارپایانی میدیدند که در شاه حکایتهایشان (7) نفرایشان را به دربار روس میفرستادند تا درازگوشی بستانند و دست آخر از تزار روس نامه ی پشیمانی از معامله دریافت مینمودند. هنوز هم کرامت یک ملت را به بازی میگیرند و گویش فارسی آنها را جوک و مایه ی خنده ی مجالس عیاشیشان میدانند.

ترکمنهای مظلوم را طوری سرکوب نموده اند که یارای نفس کشیدن ندارند, هیچ راه گریزی برایشان باقی نگذاشته اند. اینان فراموش شدگانی اند که مگر مای تحت ستم بیگانه از ایشان نامی ببریم. روزبه روز آنانرا در حلقه ی تنگ محاصره ی ایزوله نمودن و تفریسشان از وطن و شهرهای قشنگشان میرانند .

"عرب"های جنوب ایران را طوری تحت آرایش (تنبیه و بایکوت و انفال) قرار داده اند, که گویی این آیات را خداوند برای ایشان و سرکوب ایشان, به ایرانگرایان عطا نموده است.

"بلوچ"ها را طوری بیخانمان و فلج نموده اند, که حتی یک پروژه ی کاری بزرگ و درامدزا و یک سرزمین خوش و بایر نیز ندارند. سرزمینشان را برای خویش تصاحب نموده و آنرا به جاده ی ابریشم مافیای مخدرات, جهت تجارت با مافیای اروپا و شمال و اعمال سیاستهای مردم ستیز پخش مواد سوبسیددار نموده اند.

اگر بگوییم این اعمال مربوط به جمهوری اسلامیست و آقایان کبار قبلی و ثان ایرانیستها از این جمله نیستند قضاوت صحیحی ننموده ایم. زیرا سیاستهای ایشان در راستای اعتلای سیاستهای ثان ایرانیست"ی بوده است. در حقیقت "ثان ایرانیسم" بنیادگرای مذهبی آخوند خمینی, هیچی از بنیادگرایی فاشیستی آریامهریها کم نداشت و الحق و انصافا اینان دو نیمه ی جدا از هم "پان ایرانیسم" با گرایشات راست مذهبی و راست سکولار بودند و جنگ شاهان عمامه بسر و بدون عمامه, ما را یک قرن از آزادی و استقلال ملیمان دور نگهداشته است.

# ناسیونالیسم علیه پان ایرانیسم

بخش دوم

کارگری که متهم به دزدی بود و همیشه فرغونش خالی بود, بعد از مدتی کشف شد که خود فرغون را میدزدید و چون چیزی که میزدید جلو دید بود نمیفهمیدند.
آنان حقیقت آشکار جلو چشم‌شان را نمي‌ديدند، درست همان‌طور که بیشترتحلیل‌گران و سیاسیون زمان ما, وطن دزدی انسانی و دمکراتیک"پان ایرانیستها "را نمیبینند, که زیر عناوین مختلف (حق تعیین سرنوشت با حفظ تمامیت ارضی ایران و تقبیح هر نوع از انفکاک و انشقاق امپراطوریشان) خویشتن و نیاتشان را استتار نموده اند!
حیله گری سلطه گران ایران در طول تاریخ صدمات زیادی به ما وارد کرده است. ما همیشه از روشنفکران خویش این انتظار را داشته ایم که بصورت تئوریزه شده و منسجم, این وظیفه ی ملی خویش را به انجام برسانند.ولی تا بحال چنین چیزی وجود نداشته و اگر چنین نیتی موجود بوده, آنرا با برچسبهای بیشرمی و نمک نشناسی و ارتجاعی بودن این تفکر و تجزیه طلبی و ... از راه خویش به بیراهه و کجراهه برده اند و در این راه نیز خود کوردها را جهت انجام مأموریتشان به کار گمارده اند.

خط اصلی کجاست!

یک پژوهشگر مرکز " موشه دایان " اسراییلی بنام پروفسور "

عوفره بينجو " ميگويد : " كردها نبايد از داشتن اهداف بزرگ هراسى به خود راه بدهند و بايستى تشكيل دولت مستقل كردستان هدف اصلى همه كردها باشد "اين نيز دلايل زيادى دارد كه يک محقق اسرائيلى اين حرف را به زبان ميراند .حتما ما تا بحال زيادى به آنان – ناسيوناليسم حاكم - سخت نگرفته ايم يا آنان را هميشه برتر از خويش نگريسته ايم و بايد از اين پس مواظب باشيم, فكر نسلهاى آتيمان را خراب نكنيم.

تقريبا در نسل پيشين و در ميان بيشتر سياسيون كورد – غير از ناسيوناليستهايى كه بجز كورد و استقلال و رهايى از يوغ متجاوزين چيزى را قبول ننموده بودند و همين نيز سبب شد, آنانى كه براى مصالحه با جمهورى اسلامى به پاى ميز مذاكره نشستند استقلال طلب نباشند - ما را متقاعد كرده بودند كه خودمختارى يا فدراليزم و سرورى پان ايرانيسم) ايدئولوژى والاتباران و خوانين محلى اشان) تنها راه چاره براى أينده ى ملل تحت ستم ايران است. ولى حالا وضعيت فرق نموده است. خوانين محليشان ديگر در عشرتكده هايشان نيز امنيت ندارند. بحران شرعيت ايدئولوژى آنان, پا فراتر نهاده و جنگ داخليى نيز بر آدمكهاى ايشان تحميل نموده است. آدمكهايى كه گاهگاهى با سخنانى فكاهى ما را به وجد ميآورند كه بشدت به ريش اربابانشان بخنديم. اربابانى كه در داخل و خارج كمر به نابودى ما بسته اند و اين خوانين بيچاره زيادى از اين مصالحات غافلند يا برايشان فرقى ندارد ,چون اگر فرقى داشت, داد و بيداد ملت بر آنان تاثير داشت!

سرخپوستان أمريكا ضرب المثل قابل تأملى دارند كه بويش به مشام سلطه جويان نرسيده بود:

بدون درد چيزى زاده نميشود

دانه وقتى رشد ميكند كه بتركد.

و این همان فرمولی بود که با وجود درد فراوان ما را برای یک حمله به خود و ساختار فکریی که خویشتن ترسوی کهنمان را بر آن بنا نهاده بودیم آماده مینمود.خویشتنی که از نسل بسیار متواضع قبل از ما برایمان باقی مانده بود که درد زیادی کشیده بود و ما وظیفه داشتیم... پاره اش کنیم تا رشد ملیت باوری و خویشتن باوریمان اعتلا یابد.

فرو - ریزش ترس از گفتن : "من کوردم پس هستم"!

هارپاک که از آستیاک (آژیدهاک) دل آزرده شد, حکومت ماد را به کوروش فروخت و آستیاک در مقابل فقط یک جمله به هارپاک گفت: "که بیشرم خودفروش!... حداقل تاج و تخت ماد را به شخصی از مادها میفروختی, کار بدی کردی, نرخ این ملت خیلی گران بود, چرا اینقدر ارزانفروشش نمودی و با این کاری که تو کردی بجز نفرین و ننگ چیزی برای خویش بجا نگذاشتی. من شاید با تو بدی کرده باشم آنهم خودت باعثش بودی که فرمانهای مرا اجرا ننمودی, ببین عاقبت کوروش نوه ی دختری من کار خودش را کرد, ولی کشور و مردم ماد چه تقصیری دارند که آنانرا تحت سلطه ی پارس نمودی که آنان خود زیردستان ما بودند..."زیرا در آن عصر پارسها جزئی از امپراطوری ماد بودند و "هارپاک" وزیر, این اختلاف را در بین امپراتوری بزرگ ماد قرار داد. کوروش که خود نوه ی – در تاریخ پارس فراموش شده ی - آستیاک آخرین پادشاه مخلوع مادها بود, با کودتای زیرکانه و خیانت به پدر بزرگش (جد مادری) کرسی اصیل دودمان ماد را ربود و با تصاحب این کرسی مجبور شد, جهت شرعیت دادن به

کردار خویش, اصالت مادی را نیز بمثابه سنتی پارسی در آورد که مدام در حال تعرض است .
متاسفانه این نصیحت تاریخی امپراتورمان آستیاک (آژیدهاک) را به فراموشی سپرده ایم و بیشتر سفرا و کبرای احزاب کوردی وآنانی که راه به جایی دارند همان سنت دیرینه ی هارپاک وزیر را به اجرا در میاورند.
یکی از وظایف جنبش "پانکوردیسم مادستانی انسان – مدار" اینست که برای حفظ حرمت و جایگاه انسانی اکثریت قاطع ملل تحت ستم امپراتوری ایرانی ایشان, باید کاری کرد که در محافل بین المللی "پان ایرانیستها "جایگاه و حرمت نداشته باشند.این حرف را جدی بگیرید, زیرا به زیان انسانیت و اعتلای بیشتر حقوق بشر در خاورمیانه, یعنی خاستگاه حقوق بشر و دمکراسی در جهان است.و جداٌ باید یک سنت دیرینه را زنده نمود که خواستگاهش همان گهرواژه های پایانی امپراتورمان بود که آنانی که بمانند هارپاک با بیگانگان و متعرضین "پان ایرانیسم"یعنی نوادگان خائن کوروش موش – نه یک حرف کم و بیش - روابط تنگاتنگ و دوستی دارند مورد نفرین ملت خویش (کورد) قرار بگیرند. و آنانی که ساده لوحانه میپندارند که اینان از ما بهترانند, خویشتن را به غل و زنجیر کشیده اند و حقوق اعضای گروه و حزب و دسته ی خویش را پایمال نموده اند. زیرا اینان هیچوقت کورد و ملل تحت ستمشان را با دید یک شهروند درجه یک, که باید جبران خسارات وارده برای آنان یک حق مسلم و قانونی فرض شود را نمیپذیرند و برای سیاسیون کهن کورد جای بسی تاسف است که این واقعیت را نمیپذیرند که از ما بهترانی وجود ندارد و ما خود بهترینیم!
"رابرت دال "رهبر "حزب جمهوری خلق اسلواکی" میگوید : یکی از دلایل انشعاب دو ملت چک و اسلواک, کم انگاری ملت اسلواک

از جانب چکیها بود و به یک جمله ی مشهور اشاره مینماید که برای ما کوردها خیلی لازم است که از آن مطلع باشیم. "دال" میگوید"... من خیال میکنم که بعد از انشعاب دو ملت, من چک و پراگ و کافکا را از دست دادم ..." ولی نمیداند که با این جمله ی شایسته ما را درس میدهد که اگر شما نفعی در زیر دست بودن و برادر کوچکی نداشتید پس چرا چک را بر وطن اصلی خویش ترجیح میدهید؟!... و اتفاقا برخی از این نوع رهبران سیاسی که سهمی و دینی بر گردن تهران دارند, احساس ناخرسندی و بغز, گلویشان را میفشارد که آیا میتوانیم بار دیگر به نیاوران و زیارت اعلیحضرت شرفیاب شویم؟!

سرخ و سیاه و تاجدارشان یکیست!

سالیان درازیست, تمامی خاور میانه را به بازی گرفته اند و مدعیند: منشور حقوق بشر داریم.اصالت داریم و باید بمانند ملل سربلند و آزاد به جایگاه اصلی خویش دست یازیم.یک مشت اراجیف و بازیهای کلامی احمقانه, که به خیال خویش دنیا را با آن گول زده اند و نمیدانند فقط به سرو دست و پای خویش شیره مالیده اند.

یک متن حقیرانه : از جانب تازه بدوران رسیده ها

)متن مورد اشاره را بدون اختلاص و دستکاری عینا نقل میکنم تا اصول تاریخ نویسی اهل قلم ملت متمدن فارس برای ملتی که زیر یوغ چکمه هایشان له شده است را بر ما روشن شود(
متن زیر همانیست که بدان اشاره رفت:

مفهوم واژەی کرد و قوم "کرد"
http://azargoshnasp.net/
نگارنده با پژوهش‌های گسترده روی این موضوع(و متون تاریخی و قول محققان برجسته) بر این باور است که نام کرد تنها و تنها در معنی اصلی آن یک معنی اجتماعی داشته است و برای ایرانی‌زبانان که یک نوع شیوەی زندگی خاصی داشتند. هرچند چند منبع کهن حتی اقوام غیرایرانی(مانند عرب) را نیز "کرد" دانسته‌اند.
خوانندگان می توانند به ادبیات کلاسیک فارسی نیز رجوع کرد.
شاعران و نویسندگان پارسی گوی در قرن های اول اسلام واژهء کُرد را به معنای چوپان و شبان به کار برده اند.
رودکی گوید:
از بخت و کیان خود بگذشتم و پَردَختم / چون کُرد بماندستم تنها من و این باهو (باهو به معنای چوبدستی شبانان.(
در اسرار التوحید نیز آمده است :کُرد بود و گوسفند دار. در گویش طبری امروز هنوز واژهء کُرد به همین معنا به کار می رود .عرب های سورستان (عراق و سوریه امروز) کُرد نامیده می شدند.
واژهٔ کرد در دوران تاریخی پس از حمله اعراب به ایران به معنای رمه گردانان و کوچنشینان فلات ایران بزرگ به کار رفته است و هرگز معنی زبانی خاص یا قوم خاص یا فرهنگی خاص را نمی‌دهد. چنانکه امروز هم این واژه هنوز معنی زبانی خاص یا گروهی خاص را نمی‌دهد و در واقع زبان‌هایی وجود دارند که نامشان کردی است. برای نمونه زبانهای سورانی و کرمانجی نه یک گویش از هم بلکه دو زبان متفاوت در حد تفاوت انگلیسی و آلمانی شناخته می‌شوند.

در این راستا به چند سند محکم نگاه می‌کنیم.
حمزه اصفهانی مینویسد : « كانت الفرس تسمی الدیلم الاكراد طبرستان كما كانت تسمی العرب اكراد سورستان » (تاریخ سنی ملوک الارض)
یعنی پارسیان (ایرانیان)، دیلمیان (یکی از گروه‌های مهم ایرانی‌زبان) را کردهای طبرستان میدانستند – چنانکه اعراب را کردهای سورستان.
در لغتنامه دهخدا نیز آمده است:
توسعاً بمناسبت چادرنشینی این طایفه بطور مطلق بر چادرنشینان اطلاق می شود .بدوی . بقول حمزه اصفهانی ایرانیان قدیم (فرس ) دیلمیان را اکراد طبرستان مینامیدند و اعراب را کردان سورستان میخواندند. (فرهنگ فارسی معین:(
از رخت و کیای خویش من رفتم و پردختم
چون کرد بماندستم تنها من و این باهو.
رودکی.
بینیت همی بینم چون خانه کردان
آراسته همواره به شیراز و به رُخبین.
عماره.
در بیابان بدید قومی کرد
کرده از موی هر یکی کولا.
بارانی (از حاشیه فرهنگ اسدی نخجوانی)
چو سیلاب خواب آمد و هر دو برد
چه بر تخت سلطان چه بر دشت کرد.
سعدی.
بخارا خوشتر از لوکر خداوندا همی دانی
ولیکن کرد نشکیبد ازین دوغ بیابانی.

غزالی لوکری.
پروفسور مینورسکی می‌نویسد:
V. Minorsky, Encyclopedia of Islam: “We thus find that about the period of the Arab conquest a single ethnic term Kurd (plur. Akrād ) was beginning to be applied to an amalgamation of Iranian or iranicised tribes., “Kurds” in Encyclopaedia of Islam”. Edited by: P. Bearman , Th. Bianquis , C.E. Bosworth , E. van Donzel and W.P. Heinrichs. Brill, 2007. Brill Online. accessed 2007.
ترجمه:
در زمان اعراب، لغت قومی کرد برای تیره‌های قبایل گوناگون ایرانی‌تبار و ایرانی‌شده بکار میرفت.
دکتر پرویز خانلری می‌نویسد:
نام کردی عاده به زبان مردمی اطلاق میشود که در سرزمین کوهستانی واقع در مغرب فلات ایران زندگی میکنند. قسمتی از این ناحیه اکنون جزء کشور ایران است و قسمتی در کشور ترکیه و قسمتی دیگر از جمله کشور عراق شمرده میشود .در خارج از این منطقه نیز اقلیتهای کرد وجود دارند که از آن جمله گروهی در شمال خراسان و گروههایی در جمهوریهای ارمنستان ، گرجستان و آذربایجان و عده¬ی کمی نیز در ترکمنستان به این گویشها سخن میگویند. در سوریه نیز یک اقلیت کرد زبان از چند قرن پیش به وجود آمده است.
زبان یا گویش کردی همهی این نواحی یکسان نیست. حتی تردید است در این کلمه « کرد » به قوم واحدی که دارای مختصات نژادی یا ایلی با گویش معینی باشند اطلاق شده باشد. در بسیاری از

منابع تاریخی که به زبان عربی در قرنهای نخستین اسلام تألیف یافته ، این کلمه را معادل کلمه « شبان » و « چوپان » بکار بردهاند.

ابن حوقل کوچ (قفص (کرمان را « صنف من الاکراد » میداند و حال آنکه مقدسی (احسن التقاسیم) زبان ایشان را شبیه زبان مردم سند شمرده است.

یاقوت حموی مردمان ساسون را « الاکراد السناسنه « میخواند (معجم البلدان(

حمزه اصفهانی مینویسد : « کانت الفرس تسمی الدیلم الاکراد طبرستان کما کانت تسمی العرب اکراد سورستان » (تاریخ سنی ملوک الارض(

در کارنامه‌ی اردشیر بابکان (پاپکان) هم کردان به معنی شبانان آمده است ، نه نام و نژاد یا قبیله. در گویش طبری امروز نیز کلمه‌ی کرد به معنی چوپان و شبان است. (واژه نامه طبری، صادق کیا، ص ۱۶۶)

زبانها و گویش‌های ایران. منبع: کتاب تاریخ زبان فارسی نویسنده: دکتر پرویز ناتل خانلری

محققان امروزی غربی نیز این نظر را دارند.

دکتر مارتین وان بروینسن، پژوهشگر آلمانی و کردشناس معروف می‌نویسد:

Martin van Bruinessen, “The ethnic identity of the Kurds”, in: Ethnic groups in the Republic of Turkey, compiled and edited by Peter Alford Andrews with Rüdiger Benninghaus [=Beihefte zum Tübinger Atlas des Vorderen Orients, Reihe B, Nr.60]. Wiesbaden: Dr. Ludwich Reichert, 1989, pp. 613-

21. excerpt: “The ethnic label “Kurd” is first encountered in Arabic sources from the first centuries of the Islamic era; it seemed to refer to a specific variety of pastoral nomadism, and possibly to a set of political units, rather than to a linguistic group: once or twice, “Arabic Kurds” are mentioned. By the 10th century, the term appears to denote nomadic and/or transhumant groups speaking an Iranian language and mainly inhabiting the mountainous areas to the South of Lake Van and Lake Urmia, with some offshoots in the Caucasus…If there was a Kurdish speaking subjected peasantry at that time, the term was not yet used to include them.”

ترجمه:

نام قومی “کرد” که در منابع قرن اول اسلام دیده میشود بر یک پدیده رمه‌گرایی و شاید واحدهای سیاسی نامیده میشد و نه یک گروه زبانی. چندین بار حتی“ کردهای عرب” در منابع نامبرده شدند. اما در پایان قرن دهم میلادی، این نام برای گروه‌های متعدد رمه‌گران و کوچگران ایرانی‌زبان بکار میرفته است که از دریاچه وان تا دریاچه ارومیه و مناطقی از قفقاز زندگی میکردند.. اگر در آن زمان روستانشینی بودند که به زبان‌های کردی امروز تکلم می‌کردند، هنوز نام “کرد” در آن زمان شامل آنها نمی‌شد.

پروفسور ولادمیر ایوانف نیز می‌گوید:

Wladimir Iwanov:”The term Kurd in the middle ages was applied to all nomads of Iranian

origin".(Wladimir Ivanon, "The Gabrdi dialect spoken by the Zoroastrians of Persia", Published by G. Bardim 1940. pg 42(

ترجمه: نام کرد در قرن‌های میانه (کم و بیش از قرن پنجم میلادی تا شانزدهم میلادی) نامی بود که بر همه‌ی رمه‌گران و کوچگران ایرانی نامگزاری می‌شد.

پروفسور دایوید مکنزی که تز خود را روی زبان‌های کردی نوشته است میگیود:

David Mackenzie: "If we take a leap forward to the Arab conquest we find that the name Kurd has taken a new meaning becoming practically synonmous with 'nomad', if nothing more pejorative" D.N. Mackenzie, "The Origin of Kurdish", Transactions of Philological Society, 1961, pp 68-86

ترجمه: اگر به حدود دوران گسترش امپراتوری اعراب نگاه کنیم، خواهیم یافت که عنوان کرد با رمه‌گر و کوچگر دارای یک معنی است.

پروفسور ریچارد فرای، ایران‌شناس نامی:

Richard Frye,"The Golden age of Persia", Phoneix Press, 1975. Second Impression December 2003. pp 111: "Tribes always have been a feature of Persian history, but the sources are extremly scant in reference to them since they did not 'make' history. The general designation 'Kurd' is found in many Arabic sources, as well as in Pahlavi book on the deeds of Ardashir the first Sassanian ruler, for all

nomads no matter whether they were linguistically connected to the Kurds of today or not.
The population of Luristan, for example, was considered to be Kurdish, as were tribes in Kuhistan and Baluchis in Kirman”

ترجمه:
قبایل همیشه بخشی از تاریخ ایران بودند هرچند منابع در مورد آنها کم است زیرا آنها خود تاریخساز نبودند. عنوان فراگیر و عامیانه “کرد” که در بسیاری از کتاب‌های عربی و حتی پهلوی (کارنامک اردشیر پاپکان) دیده میشود نامی بود که فراگیرنده‌ی همه‌ی کوچگران و چادرنشنیان میبود حتی اگر با مردمانی که امروز نام “کرد” دارند از پیوند زبانی نبودند. برای نمونه، برخی از منابع مردمان لرستان را کرد نامیدند و همچنین قبایل کوهستان و حتی بلوچان کرمان.
بنابراین واژه‌ی “کرد” در متون پارسی تنها به معنی چادرنشینان و رمه‌گران بوده است و زبان یا قوم خاصی را منظور نبوده است. بلکه یک نوع شیوه‌ی زندگی بوده است.
برای همین در کارنامک اردشیر پاپکان (که شاهنامه نیز از آن استفاده کرده است)، دکتر آساطوریان میگوید:

The earliest occurrence of this term in written sources is attested in
the form of kurt (kwrt-) in the Middle Persian treatise (Karnamak Artax-shir Pabakan), compiled presumably in the second half of the 6th century A.D. It occurs four times in the text (Kn. I, 6; VIII, 1; IX 1, 2) in plural form, kurtan, twice in

conjunction with shah "chieftain, ruler" (kurtan shah), once with shupanan "shepherds" (kurtan shupanan), and only once in a bare form, without a supplement. It is clear that kurt in all the contexts has a distinct social sense, "nomad, tent-dweller". It could equally be an attribute for any Iranian ethnic group having similar characteristics. To look for a particular ethnic sense here would be a futile exercise.

برای شرح کامل در این موضوع مقاله زیر معرفی میشود:
http://www.azargoshnasp.net/Pasokhbehanirani/prolegomena-to-study-kurds.pdf
G. Asatrian, Prolegomena to the Study of the Kurds, Iran and the Caucasus, Vol.13, pp.1-58, 2009

در مقاله‌ی بالا نشان داده میشود که زبانهای مادی با زبانهایی که امروز کردی شناخته میشوند فرق دارد و بیشتر زبانهای مادی نزدیک به تاتی آذربایجان و زبانهای مرکزی اصفهان هستند.
بنابراین از لحاظ تاریخی نمیتوان کرد را بجز ایرانی‌زبان معرفی کرد. امروز هم زبانهایی مانند کلهری/زازایی/هورامی با سایر زبان‌های ایرانی مانند (لری و دری و گیلکی) بیشتر قرابت دارند تا با سورانی/کرمانجی .تفاوت سورانی و کرمانجی نیز همانقدر است که تفاوت گیلکی و کلهری. بنابراین به اندیشه‌ی ما مردمانی که به نام کرد شناخته میشوند به معنی ایرانی‌زبانان تنها معنی میدهند و بنابراین ایرانی هستند و شاخه‌ای از قوم ایرانی.
بنابراین، آنچه امروز مردم کرد شناخته میشود تنها و تنها به معنی ایرانی‌زبانان و ایرانی درست است و ایجاد شکاف بین این مردمان

و سایر ایرانی‌زبان تنها به نفع کسانی هست که میخواهند تمدن بزرگ ایرانی را شاخه‌شاخه کنند و از بین ببرند. همچنین با تعریف نادرست و شاخه‌شاخه کردن قوم ایرانی به چند گروه متخاصم تنها و تنها گروه‌های اعراب و ترکان منطقه از آن بهره میبرند.

http://www.casedl.com/ftopicp-545.html#545

وبسایت: کردانه

# خومەینی دوێنێ لە پابۆسی پێشەوا بوو!

کۆماری ئیسلامی بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەتی رزیوی خۆی لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، بەرانبەر بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگای ئێمە ، خەریکی پیلان دانانە.
هەر لەو چوارچێوەیەشدا یادی مەرگی سەرکردەی جەلادی خۆیان - خومەینی - لە هەولێرو سلێمانی کردووە و ئاژاوەیەکیشیان بۆ ماڵی کورد دروست کرد.
لە میدیاکاندا بیرورِای وەك یەك ، لە ئیدانەکردنی ئەم کرداردا، دەیانگوت : تکایە حکوومەتی هەرێم جارێکیتر ئەو بۆنە و رێورەسمانە لە هۆڵی پێشەوا بەرِێوە مەبەن و بە زووترین کاتیش ناوی هۆڵی پێشەوا بگۆرِن!
لێکدانەوەیەکی زۆر ساکار! کەس شتێکی جیاوازی نەگوت.
من پێموایە ئەگەر ئێمە دەستەو دامێنی ئەوان بین و لە رۆژی 10ی خاکەلێوەدا یادی پێشەوا لە هۆڵی خومەینی بکەینەوە، ئەوا تاوانێکی گەورەمان کردووە، کەچی ئێمە بە زۆر شتی پشتی پەردەمان نەزانیووە: ئەوان هاتن و بۆ کەرامەتی رزیوو لەدەستچوویان لە سەماحەتی بەرزی پێشەوای کورد پارِانەوە " ئەی پاکترین سەرکردەی رۆژهەڵاتی ناوین! ئەی مەسیحی لەخاچدراوی کورد! تکات لێدەکەین... تۆزقاڵێك لە ویژدان و شەرافەتی ئینسانیی خۆتمان بۆ پیرۆزی بدەرێ... بۆ ئەوەی کەسایەتییەکانی خۆمانی پێ تیمار بکەین.!؟ یادی کۆمارە رزیوەکەمان بە کۆمارە هەتاهەتایی و پیرۆزەکەت بەرز راگرین!..."

کەچی ئێمە دەرفەتی زۆرمان پێیان نەدا، زیاتر لە کورد داوای لێبوردن بکەن.
لێگەڕێن با یادی سیمبولەکانیان لای ئێمە بکەنەوە. پێموایە لە لای خۆیان ئەگەر بە زۆری شمشێر نەبێت، ناهێڵن گۆرەکانیشیان بمێنێ.وای بۆ ئەچم لای خۆیان روویان نییە، باس لە کەرامەت و رێز و گەورەیی جەللادەکەیان بکەن.ئەوەی هەزاران کەڵە پیاوی کوردی لە رۆحی خۆیدا بە زیندوویی لە چاڵ کرد.
لێگەڕێن خۆیشیان زانیویانە ئێمە چین و خۆیان چین؟ ئەوان بە هاتنیان بۆ هۆڵی پێشەوا دەیانویست داوای لێبوردنمان لێبکەن. داوای متمانە و شەرعییەتمان لێبکەن. ئەوان داوایان کرد : ئەوەندەی نمە بارانێك لە دەریای کەرامەتی پێشەوا بە خۆیان و رێبەرەکەیان ببەخشین!؟
من پێموایە پێشەوا هێندە گەورەیە کە بەو یادکردنەوەو شتە ساکارانە لە قورسایی کەسایەتیی بەرز و پیرۆزیان دانەبەزێ! ئیتر پێویستیشمان بە گۆڕینی ناوی هۆڵەکەیان نییە. بە پێچەوانەوە دەبێ ناوی خیابانی باڵوێزخانەکەیان بە بابەتێکی پێوەندار بە پێشەواوە گرێ بدەین. ناوی بنێین "کۆمار" ، بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك بە بینینی ناوی کۆمارەکەمان وەبیری جینایەتەکانی سی ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتیان بکەونەوە، کە چۆن ئەو هەمووە خەونە پاراوو رەنگین و جوانەی میللەتی ئێمەیان بە زیندوویی لەگۆڕ ناوە. چەندەها پێشەوای دیکەی جێگر و رۆڵە و هاوخەبات و هاوخوێنی "پێشەوا" یان لە خاچداوە. دە بی ناوی ژمارەی درگاکەشیان (11) بێت. بۆ ئەوەی بیرەوەریی تەمەنی کورتی کۆماری دیمۆکراتیکی پێشەوای کوردان ، ببێ بە مایەی شەرمی تەمەنی کۆماری تیرۆر و تۆقاندنەکەیان. چونکا لە ماوەی ئەو یازدە مانگەدا کەسێك بە دەستی دەسەڵاتی کۆمار ، خوێن لە گوێچکەی نەهات.

ئیتر پێموایە بەسیان بێت. کەچی رستەیەکم ماوە و دەبێ بیڵێم :
تکایە ورەتان لەدەست مەدەن، هەمیشە گوناهباران دەچنە پابۆسی مورشید و ئیمام و پێغەمبەر و رابەر و پیاوچاك و شوێنە پیرۆزەکان.
لێگەڕێن با لەسەر دەستی پێشەوای ئێمە تۆبەی مەرگ دادەن. چونکا تۆبەی گورگ مەرگە و ... بەڵام لێیانگەڕێن دوایین یادکردنەوەیانە!؟ لێیانگەڕێن...

..........................................................

http://kuldp.org/dreje.php?id=236

# کاتێك کورد سەربەخۆ دەبێت، ئیسرائیل دراوسێی ئوروپایە!




لە هەموو سەدەیەکدا ستراتێژیای جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، کەچی ستراتێژیستە جیهانییەکان بۆ سەدەی بیست و یەك زۆر بۆشایی پێشبینی نەکراوو زۆر کێشەو ئاڵۆزی و زۆر ئیمکانی گەورەی دەربازبوونی مرۆڤایەتی لە قەیرانی (خۆ- بەرتەسککردنەوە)یان داناوە. بوونی ئەم ئەگەر و گومانانە پێمان دەڵێن: فکری مرۆڤ بەرەو دەرباز بوونێکی هەتاهەتایی هەنگاو دەنێت. یان خۆکوژییەکی گەورەی شێتانە بە چەکی سامناکی ئەوڕۆژی مرۆڤ بەرەو لێواری

مەرگ دەبات، ئەوەی زۆر کەسایەتیی ئاینی جوولەکە و مەسیح و ... باسی دەکەن، یان چەکەکان فڕێ ئەدرێن و پارێزگاری کردن لە چەمکەکانی (مرۆڤ و کەرامە تی و ژینگەکەی (دەبێ بە گرنگترین بابەتەکانی کۆتایی مێژووی جەنگی ئینسان لەگەڵ هاورەگەزەکانی . یانی شۆڕشی داهاتوومان شۆڕشی بەخۆداچوونەوەی مرۆڤایەتی و گەشەی رۆحی مرۆڤدۆستانەیەتی. ئەوەی لە ناخی فەلسەفەی پۆست مۆدێرندا زیندووە.

ئیتر لەم راستایەدایە زۆر ئەگەری پێشبینی نەکراو لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناویندا روو دەدەن.

بەرأی من ناسیۆنە کۆنەکان شیتەڵ دەکرێنەوە و بە هەڵلاجیکردنی ئەوان لایەنی بەهێزی دیکە سەر هەڵدەدەن.

ناسیۆنالیستی ئیسلامی – عەرەبی و دنیا بینیی ئەو جیهانەو جیهانی ئیسلامیش بەگشتی ئاڵوگۆری بەسەردا دێت.یانی وایلێدێت ، لایەنی هەژموونیك و پاوانخوازانەی خۆی لەدەست دەدات. ئەوەی لە شۆڕشەکانی ئەم دواییانەدا بەشێکیمان وەبەرچاو کەوت. عەلمانییەتی ترساوی بەلاڕێداچووی ئەم ناوچەیەی - کە بە پێگە و مەیدانی شەڕی خوناوەندەکان بەناوبانگە – ئیمکانی دەربازبوونی خۆی لە قەیرانەکان ئەدۆزێتەوە .

بە چوونەسەرەوەی ئاستی هۆشیاریی گەردوونی و ناوچەیی ، خۆرهەلاتی ناوین بۆ یەکەمجار نەوەیەك بەخۆوە دەبینێ کە نایەوێ لەسەر هێڵەکانی پلانە شەڕخوازانەکەی رابردووی باوکانی ، بنیاتی فکریی خۆی و دنیابینیی خۆی ساز بدات.ئەگەرچی ئەمەش مەودایەکی چارەکەی سەدەیی پێویستە، بەڵام ئاراستەکان ئەوەمان بۆ باس دەکەن و تەنگژەکانیش بۆ ماوەیی و کاتی دەبن. دێمۆکراسیی لیبراڵ لە ناوچەکەدا خوازیاری زۆر ئەبێت، چونکا زۆربەی حکوومەتە تووتالیتێر و تەنانەت پرۆگرامە سوننەتییەکانی

نــــاخی کۆمەڵگـــایش ئیمکـــانی گەشـــەیان لە (تـــاك تـــا کۆمەڵگـــا) ئەســـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتاندووە.

بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی چالاکەوە ، خواستەکانی جەمـــاوەر لەنـــاو یەکتـــردا پەنگیـــان خـــواردووە و ئەمەش ئەو پتانسییەلەیە کە داهاتوویەکی پڕگەشـە بە مزگێنی بۆ ناوچەکە لەگەڵ خۆیـــــــــــــــــــدا دێنێـــــــــــــــــــت.

دیکتــاتۆرییەتی لایەنە ستراتیژیستەکانی نــاوچەکە هەرەس دێنــێ و حکوومەتەکـانی وەك موبـارەك کە باڵیـان بە رۆژئـاواوە بەنـد بـوو، دەڕووخێن، کەچی ئەوانەی جێگایان دەگرنەوە، لەمان باشتر لە گەڵ رۆژئـاوا و دەوروبەردا هەڵسـوکەوت دەکەن . کەرامەتـی ئینسـانیی خۆیـــان و ئەوانیـــدیکەش نـــاهێننە ژێـــر پرســـیارەوە!

حکوومەتەکـانی سـووریا و تورکیـا دەگـۆڕدرێن. ئەمە پێشبینی یەکـی سـەلماوە کە تــا 2016 ئەو دەرفەتە بە تورکیـا دراوە، خـۆی لەگەڵ تایبەتمەنـــدی و پرەنســـیپەکانی ئورووپـــادا بگـــونجێنێ.

لەملاتـــرەوە ئـۆردۆنی هاشـمی لەوانەیە لەگەڵ فەلەسـتیندا تووشـی کۆمەڵێك کێشـە ببـنەوە.ئەو باجەی رۆژئـاوا لە نەبوونی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی فەلەستینیدا – بەخۆڕایی و بۆ ڕاگرتنـی سنوورەکانی نێـوان ئیسـرائیل و خـۆی- بە ئـۆردۆنی دەدا، ئیـدی خەرجـی ئەوە دەکرێـت، نەوەیەکـی دێمـۆکراتتر و کـاراتر لە ئۆردۆنـدا بێـنە سـەر کار.یـــانی تەواوی ئەو باجـــانە خەرجـــی دابەزانـــدنی بەهاکـــانی دێمۆکراسـی و پاراسـتنی ئەزموونەکـانی مرۆڤـایەتی لەو نـاوچەیەدا دەکرێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت.

بە نەمـانی سـووریای شـەڕانگێز، هەمـوو نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بەرەو ڕووی دەروازەیەکـی ئـاوەڵا دەبـنەوە، ئەویـش دەروازەی جیهـانگیری و بەهاکـانی جیهـانگیرییە. سـووریا سـوڵتانی شـەڕی نـاوچەکە، پشـتی ئێـران و ئاژاوەچییەکـانی تـاران، گۆڕەپـانی

یاریی ستراتێژیستە ناوچەیی و جیهانییەکان ، ئەگەر هەرەسی هێنا، جاددەیەکی تیجاریی گەورە بۆ ئورووپا دروست دەبێت. ئافریقا و ئاسیا و لە هەموو گرنگتر شوێنەوارە گرنگەکانی سەرەتاکانی ژیانی ئینسان کە ناوچەی نێوان دووروبار تاکو رووباری ئۆردۆن و دەوروبەرەکانیەتی، ئیتر ناوچەی ململانێی شەڕی سوپا سامناکەکان نامێنن. پێموایە مرۆڤ لەدەستی ئەو هەڵلا و گرژییەی بۆ پارووبەك نان وەرێی خستووە، خۆی دەرباز ئەکات.ئەمەیە ئێمەی کورد بەرەو وەدیهاتنی خواستە مێژووییەکانمان رادەماڵێ.

لە نەمانی سووریا دا ، ئێران تووشی گرژی و ئاڵۆزی دەبێت. ئەو هێزەی بۆ ئاژاوەی دەرەکی کەڵکی لێوەر دەگرت، لە ناوخۆدا مۆڵی دەدات و ئەمەش لەبەر حەواندنەوەی جیهانی دەوروبەر نییە و لەبەر ئەوەش نییە کە ئێران دەستی لە پاوانخوازی و فراوانخوەازیی مێژوویی خۆی هەڵگرتووە ، تەنیا لە ترسی ئەوەیە کە مەبا دەسەڵات تووشی نوشوستی و هەرەسهێنان ببێتەوە.

بە مۆڵگرتن و پەنگخواردنەوەی هێزەکانی ئێران لە نێوخۆدا، ئاڵۆزییەکی تازە دروست دەبێت.سوپاسالارەکان دەتوانن لە کودەتایەکدا حکوومەتێکی تازە دروست بکەن و ئەگەری ئەوەش هەیە، ئەمە ببێتە هەوێنی شەڕێکی نێوخۆ ، کە ئاسەوارەکانی لە ئێستاوە خۆی پیشانداوە. لێرەدایە کورد و مافەکانی دێنەوە بەر باس و ...لە لێکدانەوی تازەی ناوچەکەدا قورسایی و سەنگێکی بۆ دادەنرێت.

لەگەڵ ئەوەیدا حکوومەتی عێراقیش تووشی کێشە هاتووە، بەڵام لە نیزامی دێمۆکراسیدا ئەوانە بە سەر هەموو تەنگژەو ئاڵۆزییەکانیدا، کاتی دەبن و تێدەپەڕن. هەر ئێستا کێشەکان ئەوە دروستی کردوون، کە شیعەکان لەسەر ئەوە کۆك نین، ناوچەی فێدراڵی عێراقی شیعە

دروست بکەن و سوننەکانیش بەو شێوەیە رازی نابن، چونکا بەندەر و ناوچە نەوتییەکان زۆربەیان لە ناوچە شیعە و کوردییەکاندان و ئەوان لە برسا دەمرن، ئەگەر بەو شێوەیە رازی بین.شیعەکانیش لە راستیدا بە هۆی کاریگەریی هەژموونی ئێران بەسەریانەوە تووشی چەشنە هەلپەرستی و خۆبەزلزانییەکی مێژوویی بوونەتەوەو دەیانەوێ بۆ یەکەمینجار دەسەلاتی عێراق بۆخۆیان ، کە زۆرینەن، قەبزە بکەن.

"ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئازاد نەیتوانی یارمەتی زۆرینەی هەژارانی بدات، ئەوا ناتوانێت، کەمینەیەك لە دەوڵەمەندەکانی رزگار بکات"(1(

ئەمە ئەو کێشەیەیة کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێیزانیوە و کەچی دەسەلاتی بەغداد خۆی لە ئاستیدا کوێر کردووە. بە ڕای من ئەم کێشەیەش هێندە ئاڵۆزی بۆ حکوومەتی مالیکی و حکوومەتی ناوەندی دروست دەکات، کە مەجال و دەرفەتی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەرەخسێنێ و کورد لە عێراقدا بە مافەکانی دەگەیەنێ تەنیا بەو مەرجەی هەژاریی کوردستان بەو شێوەیەی ئێستا پلانی بۆ دادەنێ،، بنبڕ بکرێَت

## چاخی یەکیەتیی کوردان چاخی هاوپەیمانی لەگەڵ پاڵەوانە گەورەکانە(!؟)

پێش لەوەی ئێمە ئەم باسە دەست پێبکەین، دەبێ ئامازە بە دوو هۆکاری سەرەکیی یەکنەگرتنی ماڵی کورد بکەین.

-1کۆك نەبوونی زلهێزەکان لەسەر ئەوەی کورد دەتوانێ راگرێکی باشی بالانسی هێز لە ناوچەکەدا بێت.

-2بوونی دەسەڵاتی دراوسێ ناحەزەکانمان، کە هەر کام بەشێك لە خاك و تەنانەت رۆحی نەتەوەییمان لێ چڕیبووین. ستراتیژیای جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. ئەو زلهێزانەی پاڵپشتییان لە دیکتاتۆرەکان دەکرد، ئێستا پاڵپشتی خۆیان بۆ شۆڕشی دژە دیکتاتۆریی خۆڕسکی ناخی کۆمەڵگا گەنجی ناوچەکە ناشارنەوە.

لە دوایین وتەکانی ئۆباما وە بگرە تاکو پلانی ستراتیژیکی دەوڵەتی ئامریکا بۆ سەدەی بیست و یەك و هاوپەیمانانیان، باس لەوە دەکەن، کەدنیا دەبێ ئەو قەیرانەی ئێستا تووشی هاتووە -بە یارمەتی زلهێزەکان - تێپەڕێنێ.یانی ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەو گەلانەی وەکو کورد، کە دووبارە خواستەکانیان بڵێنەوەو تووشی گێژاوەکەی جاران نەبنەوە..

"سەنتەری ناشناڵ ریڤیو "ی ئامریکایی کە سەنترێکی نزیك لە بۆچوونەکانی ئیسرائیلییەکانە و دانیال بایبس توێژینەوەیەکی تازەی لەسەر کورد لە تورکیادا بۆ نووسیوە، باسی لە خواستەکانی تورکیای لە رۆژهەڵاتی ناویندا کردووە و باسی ئەوەی کردووە، کە دەبێ ئەو خواستانەی تورکیا سنووردا بکرێن و پاڵپشتیی خۆی بۆ مافەکانی کورد لە تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە.(2)

کورد ئەوڕۆ گەورەترین دەرفەتی لەبەردەستدایە، کە بتوانێ بەبێ ئەوەی رێگرێکە بەهێزی ناو ریزەکانی خۆی تووشی کارەساتی بکاتەوە، کۆنفرانسە ساڵانەکانی ناوماڵی خۆی گرێبدات. کورد دەتوانێت وەکو لووتکەی وڵاتانی عەرەبی، لووتکەی وڵاتانی کوردی – لە غیابی سەربەخۆیی و ... لە بێدەوڵەتیدا – ببەستێ و تەنانەت کار بۆ کاراکردنی نەتەوایەتییەکی تەندروست بکات. هاوپەیمانان و دۆستانی خۆی دەستنیشان بکات. لەگەڵ وڵاتانی وەك ئیسڕائیلدا کە بەرزترین دەسەڵاتی ئابووری و دێمۆکراسیی

ناوچەکەن، زۆر بە ڕاشکاوی هاوپەیمانێتی بکات و یەکەمین سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەروکوەزیرانی کورد بۆ ئیسرائیل بە سەرەتایەکی جوان بۆ بووژاندنەوەی سەروەرییە ترساوەکانی کورد دەزانم.
لێرەدایە کە بە دوور لە فشاری دراوسێکان پێگەیەکی تازە و پانتاییەکی تازە و دەروازەیەکی نوێ لە پێوەندییەکانی نێوخۆمان و لە پێوەندیمان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، بە بێ دەمارگرژی نواندنەکانی رابردوو، بەرەو ماڵی کورد تا تاکی کورد ئاواڵە دەکرێت.
*********************************************

1- وتەیەکی جان ئێف کێنێدی

2- ی نیسانی 2011 (ئاك نیوز) 28

توێژەرێکی ئەمریکایی داوای سنووردارکردنی خواستەکانی تورکیا و پاڵپشتیکردنی کورد دەکات

# ئەگەر هەمـــوو کـــورد یەکـــدەنگ بـــین

ساڵی 2012 شـەقێکی گەورە بە دیـواری زینـدانی رەنجـی خۆمـان ئەدەین. ئەگەر ئیرادەکانمان یەکبخەین کاری سەرنجڕاکێش ئەکەین . دەتـوانین مـاڵ و سـامان و کەرامەتـی کـورد تـێکەڵ بە کەرامەتـی جیهـانی بکەیـن، تەنیـا بە یەك شـێواز ئەویـش: بـوونی خۆمـان و کەرامەتـی ئینسـانیی خۆمـان لەیەك ئامـانجی هاوبەشـدا کـۆبکەینەوە. کورد بە هەموو شێوەیەك لە جەنـگ خـۆی لائەدات.کەچی هەتا بڵێی حەزی لە شەڕی دوژمن بەزاندن و شـەڕلە پێناوی ئـازادکردنی خـۆی لە بەنـدی داگیرکاریـدایە.گۆڕانکارییە جەوهەرییەکـانی کوردسـتان دەبـێ بە خـاڵێکی جەوهەری وەربگـرین و بەبەردەوام بەهێزیـان بکەین.

لە حـاڵی ئێسـتادا دەبـێ یەك ئامانجمـان هەبێـت: نەترسـین لەوەی بەپیـر داواکـارییە گەورەکـانەوە بچین.گەورەتـرین و رەواتـرین داخوازی مێژوویـی کوردیش بریتییە لە گەیشتن بە ئـازادیی تەواو و ئـازادکردنی نیشـتمانەکەی لە بندەسـتەیی. تەنیـا رێگاچـارەی ئـێمە یەکخسـتنی هەڵوێستەکانمانە و دەبـێ ئەو داوا دواخـراوەی سـەرۆکی هەرێمـیش بکەیـنەوە بە رۆژەڤ کە هیـوای وابـوو: کوردسـتان لەم بەهـارەدا سـەربەخۆیی خـۆی بەدەسـت بێنـێ و ناوچەدابڕاوەکـانیش چیتـر لە چەرمەسـەرێ و نەهـامەتیی تیـرۆر و تەعریبـی تـازە بپـارێزرێن.وەرن بـا سـەربەخۆیی کوردسـتان لەم کاتەیـدا کە مـاڵی دوژمـن پڕبـووە لە ئـاژاوە ، رابگەیـەنین و پاڵپشـتیی خۆمـان بـۆ داوا نەتەوەییەکەی سەرۆك بـارزانی دەرببڕین. ئەوە نییە ئۆبامـا لە وتـارە مێژووییەکەی ئەمڕۆیدا بە تەواوی هێزەوە وتـی :ئێمە رێز لە داوا و

ئیرادەی خەڵك دەگرین. دەبا خەڵکی کوردیش ئەو ڕێزە مێژووییەی ئۆباما بۆ خۆیان بەدەست بێن!

.........................................................................

http://kuldp.org/dreje.php?id=182

# بانگەوازی لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن




زۆرم پێناخۆشە باس لە ئاشتی ئەکەی، چونکا نانی ئێمە لەشەڕدایە. "قسەی سیاسییەکی کورد لە دانیشتنێکی دوو قۆڵیدا"
بۆ هەموو پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بۆ هەموو سەرۆك پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بۆ هەموو تاکە سەربزێوو رۆشنبیر و ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان
بۆ جەماوەری کوردستان ، چاودێرانی راستەقینە

لەگەڵ سڵاوی سەر گرتنی ئامانج و پێکەوە ژیان
لەم چەند رۆژەی رابردوودا چەندین رووداوی لێکچوو و دژبەیەکیش لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا روویاندا و ئەمەش

هەم بووه هۆی نیگەرانی و هەم خۆشحالیشیان کردین. دوو رووداوی دڵخۆشکەریان " هەوڵی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ رۆژهەڵات" و " یەکگرتنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی ناو ریزەکانی (کۆمەڵە) و هێزەکانی دیکەی کوردستان" بوون. هەر لە هەمانکاتیشدا شەڕی تەبلیغیی لایەنە گەورەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی کورد بە دژی یەکتر ، نیگەرانی کردین. نیگەرانی ئەوە بووین کە مەبا هەوڵی کۆمەڵێك چالاکی سیاسیی کورد کە ماوەیەکە دڵخۆش و سەرقاڵی سەرگرتنی ئامانجێکی گەورەی گەلی کورد و کۆمەڵگای خەباتکاری کوردستانن خراپ ببێ. "پارتی لیبراڵ دێموکراتی کوردستان" لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بە خزمەتکاری هەموو خزمەتکارێکی ئامانجەکانی گەل دادەنێ، داواکارە کە بایەخ بە کۆمەڵێك پرسی چارەنووسساز بدەین و لەوە بگەڕێین کە زامەکانمان قووڵتر و ئاسوودەیی زیاتریش بۆ ماڵی دوژمن بە مزگێنی دەبات.

لە راستیدا ئێمە بە بێ ئەوەی نکوولی لە رابردوو و کەسایەتیی هیچ لایەنێکی گەورەو بچووکی ناوگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بکەین، پێمانوایە دەبێ رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

1- واز لەو رابردووە بێنین برینەکانمان قووڵ ئەکەنەوەو رابردوویەك وەبیری گەل بێنینەوە کە کەسایەتیی کورد و شوناسی ئینسانیی خۆمانی پێوە بەرز راگرین.

2- دەبێ هیچ بیانوویەکمان بۆ دوورکەوتنە لە سەرگرتنی ئامانجە مێژوویی یەکانمان نەبێ و بانگەشەی لێبوردن و پێکەوە هەڵکردن بکەین.

3- بۆ ئەوەی رێز لە کەرامەتی خۆمان بگرین، دەبێ هێزەکانی خۆمان بۆ نەمرکردنی هەوڵەکانمان و گەشبینکردنی کۆمەڵگای دڵساردی رۆژهەڵات لە ئاکاری شۆڕشگێڕیی پارتەکانیان بکەین بە

هـونەری کەسـایەتیی کـوردی و پـارتی کـوردیی ئەم سـەردەمە. سەرۆك و پارت و کەسایەتییەك سەرکەوتووە کە بتوانێ خاڵەکانی لێکنزیکبوونەوەی لایەنەکان لە کرداری سیاسیی خۆیدا پەیڕەو بکات.

4- برەو پێدان بە سیاسەتی(براوە – براوە) لە جێگای) بردنەوە – دۆڕان) کە دەبێتە هۆی ئەوە هێزەکانمان بێجگە لەوەی لە یەکڕیزدا نەوەستن، روو لە یەکتر بۆ دژایەتیی یەکتر، زۆربەی هێزەکانمان بەفیڕۆ بدەن.

5- دامەزراندنی" مەجلیسی شارەزایان و هەڵسووڕاوانی گەل لە رۆژهەڵات" یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئێمەیە و لە ئێستاشدا زۆربەی جەماوەری کورد داوای ئەوە دەکەن، بۆ ئەوەی پێش " دامەزراندنی بەرەی رۆژهەڵات" ئەرکە سەرەتاییەکان و ئاسانکارییەکان جێبەجێ بکەن.

6- بە پرۆسەکردنی "ئاشتی هەمیشەیی بۆ ماڵی کورد" ئەرکی هەنووکەیی ئێمەیە.

تکاتان لێدەکەم ، لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانتاندا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و لە هەمانکاتیشدا رێبەرانەی خۆتان بنوێنن.

خزمەتکاری بەرژەوندییەکانی ماڵی کورد
سکرتێری: پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان
8/5/2011

# ئێمە بۆچوونمان وایە کە، بە هێرشکردنەسەر ئازادییەکانی خەڵك هیچ ئازادییەك بەرهەم نەهاتووە

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکانی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان

بەرپرسانی ئاسایش و ئەمنییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

ماوەیەکە بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردستانەوە ، کۆمەڵێك کەس لە فەیسبووك و ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کەوتوونەتە گیانی کۆمەڵێك لە چالاکانی سیاسیی کوردستان و ... لەو چوارچێوەیەیدا کە خۆیان و پلانەکانیان دەروەستی هەستی بەرپرسیارانەو نەتەوەیی نووسەر و رووناکبیر و سیاسییە خاوەن هەڵوێستە رەواکانی پارچەکانیتر و تەنانەت باشووری کوردستانیش نەهاتوون ( کە نەیانویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و پێشبینی ئەوەیان کردبوو، کە راگرتنی دۆخی ئارامی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی لەهەموو شت گرنگترە) ئێستا خەریکی جنێودان و قسەوقسەڵۆك ناردن و پەیامی ناشیرین و بێویژدانانەو تەنانەت تەهدید بە راونان و کوشت و بڕ کردنن.

من وەکو " سکرتێری پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان " بۆ رای گشتی کوردستان و لایەنە ئەمنی و پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ رایدەگەیەنم ، کە ئەگەر ئاگاداریمان لێ نەکەن و پشتگیری سیاسی و مەعنەویمان بۆ زیاتر نەکەن، لەوانەیە ببین بە قوربانیی دەستی تیرۆری ئەو کەسانەی، لە پێشکەوتووترین

ئامرازەکانی پێوەندیگرتن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی خراپدا کەڵك وەردەگرن.
لە راستیدا ئێمە بۆچوونمان وایە کە، بە هێرشکردنەسەر ئازادییەکانی خەڵك هیچ ئازادییەك بەرهەم نەهاتووە و دوژمنانی سەرەکیی گەلەکەمان لە هەموو دەرفەتێك بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی پارچەکانیتر و تیرۆری کەسەکانیان کەڵك وەردەگرن و داواکارین لە ئاستی ئەو تەهدیدانەیدا بەرەڕووی من و پارتەکەمان بووەتەوە بێدەنگ مەبن.

**سکرتێری " پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان "**
**4/5/2011**

# بانگەوازێك بۆ پێکهێنانی "یەکیەتیی نەتەوە و پێکهاتە ئەنفالکراوەکانی دنیا"

ئـەنفال : تـاوانی ناسـیۆنالیزمی باڵادەسـت، تـاوان بـە دژی مرۆڤایـەتی لـە مێـژوی میللەتانـدا زۆرجـار شـاڵاوی کۆمـەڵکوژی رویداوە و نەتەوەیەك بەرپەلاماری کوشتن و کۆکوژی و ئەشکنجەو ئازاری بەربڵاو بوونەتەوە.

نەتـەوەی کـوردیش یـەکێك لـەو میللەتانەیە کە وەکو (جوولەکەو ئەرمەنـەکان) بـەر پـەلاماری نەتـەوەی باڵادەسـت کـەوتوون و حکوومەتــە داگیرکارەکــانی کوردســتان بــە هــەموو شــێوەیەك لــە سڕینەوەی ناسنامەی کورددا نەوەستاون.

لــە بــاکوری کوردســتان و لــە کــاتی ســەرهەڵدانی شۆڕشــە مەزنــەکانی (شـێخ سـەعید و سـەید رەزا) دا و سـەرکوتی ئـەو جووڵانەوەیـە لـە لایـەن تورکـە تـازە بـە دەسـەڵات گەیشـتووە گەنجەکانــەوە، بــە پێــی ئامــار ، لــە ماوەیــەکی کورتــدا 70هــەزار کوردیـان لـە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا بـە زینـدوویی و ئەشـکنجەدراوی و بریندراوی ناشت و بە شانازیشەوە بە "گۆڕی کوردان" ناویان لێبرد.

لـە رۆژهـەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژییـەکانی (قـاڕنێ و قـەڵاتان) و ئێعـدامی لاوان و خـەباتگێڕان و جـودابیران هـەتا ئێسـتاش بەردەوامە و لـە رۆژئـاوایش ئاسیمیلاسیۆن بـە ئاستێك گەیشتووە کە پاش سـەدەیەك لـە دەسـەڵاتی حکوومـەتی سوریا، تـازە لـەژێر فشـاری رێپێوان و خۆبەکوشتدانی جەماوەردا ،دەسەڵاتی سووریا بـاس لـەوە دەکەن کە بە هێندێك لە کوردە بێناسنامەکان پێناسی بـاری شارستانی دەدەیـن. یـانی لـە سـوریا زۆر بـە فـەرمی دان بـەوەدا دەنـرێ کـە کۆکـوژی و نەتـەوەکوژیی حکـوومی و ئـەو جینایەتـەی بـەردەوام

بەدژی کوردان کراوە، ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بەڵام ئەوەی کە ڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی ناو پارلمانی عێراق نەیانتوانی نکوولی لێبکەن، ئەنفالی کورد لە سالانی دەسەلاتداریی بەعسییەکاندا بوو. لە ماوەیەکی کورتدا (180 هەزار ) تاکی کورد بە بێ هیچ تاوانێك بەرەو ڕووی کوشتوبڕ و ڕاگواستن بۆ ناو گۆڕبەکۆمەڵەکان و ڕاگواستن بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق بوونەوە و ئەم کارەساتەش هێندە قورس بوو، کە ویژدانی مرۆڤایەتیی لە ئاستی ئەم کارەساتە مرۆییەدا هەژاند.

ئێستاش ئەگەرچی هیچکام لە مافە بنەڕەتییەکانی هەموو نەتەوەی کورد (بێجگە لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە ئەوانیش بە شەڕ و کێشەی زۆرەوە و بە هۆی لاوازیی دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندییەوە بە هێندێك لە مافە سەرەتاییەکانیان گەیشتون و لە خەباتیشیاندا بۆ ئازادی و وەرگرتنەوەی مافەکانیان بەردەوامن) نەدراوەو کورد بەرەوڕووی مەترسیی سڕینەوەی ڕەگەزی و نەتەوەیی بە هەموو شێوەیەك بووەتەوە، کەچی خەباتی کورد بە ئاستێکی بەرینتر لە جاران گەیشتوە و ڕای گشتیی جیهانیش ناتوانن نکووڵی لەوە بکەن،کە کورد نەتەوەیەکی بندەستەو دەبێ بە ئازادی و خاك و نیشتمانی خۆی بگات.

لەم قۆناغەدا ئێمە دەبێ هاوپەیمانییەکی گەورەش دروست بکەین کە بریتی بێت لەو نەتەوەو ڕەگەز و ئایینزا و کەمە نەتەوەو لایەنانەی کە بە تەوای لەو کارەساتە گرنگە مێژوییە تێگەیشتون، چونکا خۆیان بەرەوڕوی شالاوی ئەنفال و قڕکردن بونەتەوە. نەتەوەکانی جوولەکە و ئەرمەن و بەهاییەکان و مەسیحییەکانی ناوجەرگەی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین و زۆر پێکهاتەی دیکە دەتوانن لەگەڵ کورددا هاوخەم و هاوپەیمان بن و

"یەکیەتیی نەتەوە و پێکهاتە ئەنفالکراوەکان" دروست بکەن.
جارێکیتر بە ناوی پارتەکەمانەوە ، سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی کوردستان و ویژدانی وەئاگای جیهانی دەکەین و خوازیاری ئەوەین ئەنفالی کورد بە کۆمەڵکوژی و کارەساتێکی مێژوویی لە دنیای مۆدێرندا بناسرێ و رای گشتیی جیهانی پشتگیری ئەم داوایەی کوردان بکەن.

..........................................................

http://kuldp.org/dreje.php?id=52

# ڕێکخستنی فێستیڤاڵێك بۆ "ئەنفال"

ئەنفال: ناسنامەی گەلێك ... کە خواستی ژیانی هەیە!
زیندووڕاگرتنی ئەنفال و کارکردن بۆ چەسپاندنی وەك : مێژووی گەلێکی ستەملێکراو، لەم سەردەمەدا ئەرکێکی زۆر ئاستەم نییە.تەنیا شێلگیری و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاوو کۆکردنەوەی رای گشتی جیهانی و کۆدەنگییەکی هەمووانی دەوێ.
بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەنفال بکرێ بە بابەتێکی هەستیار لە پلانی نەتەوەییماندا و بۆ ناساندنی نەهامەتییەکانمان بە دنیای دەرەوە ، ئەم دۆسیە گرنگەی ژیانی کوردان بکرێ بە بەشێك لە وانەی کلتووری کوردی لە هەزارەی سێهەمدا.
لە راستیدا دۆسیەیەکی وەکو ئەنفال بووە هۆی گرێنتی کردنی ژیانی جوولەکەکان لە دنیادا و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوانی لەدەست ئەو هەموو هێرشە جیهانییە پاراست.
لەو راستایەشدا کورد دەبێ دۆسیەی ئەنفال بە شێوەیەك بەرز بکاتەوە کە جیاوازییەکان و سەروەرییەکانی خۆی لە ناو گەلانی دنیادا پێ پشتڕاست بکاتەوە.
چەسپاندنی مۆرکی ئەنفال بە نێوچاوانی گەلێکەوە، پیشاندەری ئەو راستییەیە، لەو ناوچە و جوغرافیایەیدا ئەوی لێدەژی،هیچ چەشنە ئازادییەکی ئینسانی بوونی نییە و مرۆڤ لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەش کراوەو ئەو گەلەش بۆی هەیە لە ترسی توانەوەی بەکۆمەڵ پەنا بباتە بەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پارێزەرەکانی ماف و کەرامەتی مرۆڤ.

گەلی کوردیش دەبێ لەو راستایەدا هەنگاوی پتەو هەڵگرێ و بە پێکهێنانی سیمینار و کۆڕبەستنی نێودەوڵەتی و فرەڕەگەز و ...بە داواکردن لە باڵوێز و نوێنەر و کەسایەتیی گەلانی دیکەی دنیا، کە لە سەربەستیدا ژیان بەسەر دەبەن، سەرنجیان بۆ لای ئەو دۆسیە کارەساتبارە راکێشن.

هەرێمی کوردستان شوێنێکی لەبارە بۆ بەرزکردنەوەی داوا نەتەوەییەکانی گەلی کورد و بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و پارلمانی کوردستان دەتوانن کەڵك لە دەسەڵاتی خۆیان وەربگرن و یەکەمین فێستیڤاڵی جیهانیی "یادەوەریی ئەنفالی کورد" ساز بدەن.

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن دەستەیەکی بەڕێوەبەر لە نەتەوە و لایەنە بەر پەلامارەکان دروست بکەن و وەکو کۆڕێکی نێودەوڵەتی ، بانگەشە بۆ خواستە هاوبەشەکان بکەن.

داواکردن لە کۆمپانیا جیهانییەکانی فیلم و میدیا و کەسایەتی و رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دەتوانن ئاسانکاری بۆ بەڕێوەچوونی باشتری پڕۆژەکە بکەن.لەم راستایەشدا دەبێ کەڵك لە ئەزموونی گەلانی وەك "جوولەکەکان" و "ئەرمەنییەکان" وەربگیردرێ و بە بێ ئەوەی دەمارگیرییە ئایینییەکان تێکەڵ بەو پرسە هەستیارە(ئەنفال) بکرێ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان هەنگاوی هەمەلایەنە و بەپێز هەڵبگرین.

ئیسرائیلییەکان بۆ تاپۆکردنی ئەنفال لەسەر ئەڵمانییەکان هێندە تێکۆشان، کە بۆ هەتاهەتایە کەس ناوێرێ بە چاوی بێڕێزییەوە سەیری جوولەکەیەك بکات و ئێمەی کوردیش دەبێ ویژدانی جیهانی وا ختووکە بدەین، کە کەس نەوێرێ باسی کورد و مافەکانی بە نەزانی و بێڕێزییەوە بکات.ئیتر لەم راستایەشدا دەتوانین پێشبینی

ئەوە بکەیـن: مەلاکـانی ئێـران و تـورکە فاشیسـتەکان،   بەعسـییە سووری و عێراقییەکانیش وەکو برایانی هیتلەر وەسف بکرێن.

.........................................................................

http://kuldp.org/dreje.php?id=57

# رای پادشاه و دین چنین است!؟
# ساکت بمانید یا بمیرید! این نظر جمع اضداد است

نظر جنبش سبز و سرانش به نسبت حل مسئله ی ملیتها و اقلیتهایی که اکثریت جمعیت ایرانند: "یا در این کشور مثل مهمان بمانید و زندگی کنید و یا می توانید خاک ایران را ترک نمائید" این یک نظریه نوین در باب حل مسئله ملتها در قرن اعتلای حقوق انسان است.

مواضع و سخنان محمد صادقی، عضو شورای مرکزی سازمان دانش آموختگان ادوار تحکیم وحدت ، که در حقیقت وحدت را جهت حفظ امپراتوری روبه زوال خویش اینچنین میبنند ...در حالی که مچ بند سبز به دست بسته بود؛ پس از پایان سخنرانی مدعوین و در بخش پرسش و پاسخ، ضمن رد ستم ملی و قومی در ایران، ۳ بار خطاب به نمایندگان اقلیت های ملی و مذهبی در ایران – آنهم در یک محفل جهانی و در یک پانل فرعی سازمان ملل- اظهار داشتند: "یا در این کشور مثل مهمان بمانید و زندگی کنید و یا می توانید خاک ایران را ترک نمائید".

این پیامی بزرگوارانه است خطاب به آنانی که ایران را ایران نمودند! خطاب به آنانیکه نمیدانستند پیام و پلاتفورمی تازه در راه است که میخواهد درس عبرتی به ما بدهد و به ما بیاموزد : راه شما از این سبز و خاکستریها جداست

توافق میان پادشاه و دین

"پیام سبز امید ایران" ( یا شاید "سبز سکولار"شاهنشاه هم ) همان وجه توافق شاه مطرود و خدایان کنونی فلسفه و حکمت سیاسی ماکیاولیستی دوران حاضر ,بالاخره سیمای شیطانی خویش را آشکار نمودند. آنان دم از یک بازگشت مجدد و یک توافق تازه زدند: خداوندگار کهن ایران زمین و خدایان کنونی بر این باورند, که نباید بجز یک زبان و یک فرهنگ و یک ملیت و یک دین و یک خدا ...زمزمه دیگری در میان باشد... و عاقبت فتوا صادر نمودند: این حکم جدید ما ایرانبانانیست که از کثیربودن بیزاریم! پان ایرانیست و سبزها به ما چنین گفتند! توافق دو نسل دیکتاتوری تمامیت خواه در عصر انحلال قوانین و حکومتهای توتالیتر... توافق میان آنانی که خواهان حفظ تمامیت ارضی و رفع دلنگرانیهای رجال دین کنونی اند... جهت بقاء قدرت اقلیت حاکم, که 2500 سالست بر اریکه قدرتند, ترفندی زالمانه است که در این قرن هوشیاری ملل تحت ستم. راه به ترکستان هم نمیبرد, زیرا ترکستان نیز برای کجراهان مملکت ممنوعه ایست که دیگر نماینده و فعال حقوق بشری دارد و نمیگزارد راه کجتان و کجرویهایتان را به مملکت ایشان ببرید.

آرنه گلی، نماینده ترکمن ها یکی از سخنرانان این جلسه گفت: "هویت ملی و تاریخی ترکمن ها را در ایران دارند از بین می بردند." وی افزود که رژیم جمهوری اسلامی، با تغییر نام شهرها، روستاها و همچنین ممنوع کردن اسامی ترکمنی برای کودکان و نوزادان سعی در آسیمیلاسیون و پاک کردن هویت ترکمن ها را دارد. ما در اینجا هستیم تا بگوییم که کوچاندن افراد از مناطق فارس نشین به ترکمن صحرا برای برهم زدن بالانس جمعیتی در این استان بکار می ورد.

داود آزادفر، روزنامەنگار و فعال سیاسی کورد در سخنان خویش روی ۲ موضوع انگشت گذاشت: 1- نقض حقوق بشر در کردستان 2 -پروسەی اعدام در جمهوری اسلامی ایران

علی مرندی، از حزب عرب احواز، از دیگر سخنرانان پانل امروز بود. مرندی گدف از شرکت در جلسات سازمان ملل را نشان دادن وضعیت اسفبار حقوق بشر در خوزستان عنوان کردند وی گفت خواست ما در ایران تدریس زبان مادری، بلوگیری از تغییر دموگرافی در احواز و توقف اعدام های با و بدون محاکمه عنوان کردند.

نمایندگان مردم بلوچستان هم در جلسەی فوق شرکت داشتند. ناصر محتشمی، پایمال کردن حقوق سیاسی، اقتصادی و فرهنگی مردم بلوچستان و رساندن صدای آنان به مجامع بین المللی را از مهمترین دلایل حضور هیات مردم بلوچستان در سازمان ملل برشمرد.

محتشمی، سخنان محمد صادقی را تفکراتی عقب افتاده، راسیستی و همخوان با سیاست های جمهوری اسلامی دانست.

آقای ماشاالله رزمی، مفسر تلویزیون "گوناز" به زبان فرانسوی به ایراد سخنرانی پرداختند. وی دلیل این اقدام را چنین برشمرد: "به زبانی که آنها ما را آسیمیله می کنند، نمی خواهم حرف بزنم وی هم مثل قریب به اتفاق سخنرانان به موارد نقض حقوق بشر در آذربایجان، توهین به ترک های آذری، زندانی کردن دگراندیشان و فعالان محیط زیست در آذربایجان اشاره کرد.

بنظر بنده این وسط فقط کسانی زیان خواهند دید که از نیت آیات سبز عظام و و پیام نفیس تازه اشان خبر نداشتند: حفظ نظام البته که حفظ نظام! آن شعار راستین اهل بیت و بیت سلطان و ... اما حفظ آن برای چه؟ برای کی؟

البته که ما نمیدانستیم و حالا این آیت جدید هویدا شد : ابن شاه و پسران خلف خداوند (پاپهای قم) با یکدیگر بیعت نموده اند که مملکت نگه دار باشند و با هر شیوه ی ممکنی که بتوانند این کار را انجام بدهند: کوچاندن... آسیمیله کردن ... تخریب فرهنگ و جمعیت بومی و تخریب اصالتهای تاریخی-محلی. آنچه را خود نظاره گر آنیم!؟ و این نماد ایرانیست که اینان در جهت حفظ عظمت تاریخیش میکوشند. ایرانی که تاریخش و فلسفه اش را این تفکرات زیبای رهایی بخش احاطه نموده است: زنده بگور نمودن هر آنچه این امپراتوری مرده را ملامت میکند. زنده بگور نمودن مایی که جزئی از این اقلیت 70% همیشه زنده ایم. اکثریت جمعیتی که حق زندگی ندارند.

حالا فقط یک سوال اساسی مطرح است: جنبش امید سبزهای ایران چه آلترناتیوی برای آینده ی ایران دارد؟ هولوکاستی دیگر؟ یا آسیمیلاسیون 70 %ایرانیان کنونی ؟ یا هیچکدام؟ آن هیچکدامی که ما میخواهیم: نقش تاریخی نجات اکثریت ایرانیان را ایفا خواهد نمود. انحلال ایران و تجزیه و در اصل حل مسئله ی ملی به شیوه ای بسیار امروزین.

پس امیدوارم این جنبش سبز جدید همیشه پیامکهای بیدار کننده ی اینچنینی برای ما ارسال بفرماید .

آقای (محمد صادقی، عضو شورای مرکزی سازمان دانش آموختگان ادوار تحکیم وحدت) واقعا گل کاشتین. ما را بیدارتر نمودین. لطفا از این کامنتها در فیس بووک هم برای ما غیر بومیها و غیر خودیها بگزارید!؟

..............................................................

منبع سخنان ایراد شده : سایت به یانی

# ساڵی 2012 : کۆتایی جیهان، یان دەسپێکی ژیان لە جیهانێکی تازەتردا !؟

ئەم بابەتەم پێش سەرهەڵدانەکانی میسر نووسیوە و لە ماڵپەڕەکانی هەڵویست و رۆژنامە و ... دا بڵاو بووەوە . پێموابوو هێشتا تازەیە و پێویستە لە فەیسبووکیش بڵاو ببێتەوە.



وابزانم خەونەکانن، پڕۆژەکان دروست ئەکەن.ئەگەر ئەم پڕۆژانە بەرین بن، ئەوە مانای ئەوەیە: خەونە دیتراوەکانی رابردوو زۆر گەورە بوون.

1- روونبینی یەکان

ئاماژەیەکی کۆنی "مایا"کان لە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر و ئاماژەی پێش بینیی هێندییەکان و تەنانەت ساڵی کۆنی چینی یش لەگەڵ پێشبینییەکانی" نۆستراداموس" پیاوە زەبەلاحەکەی ناو دنیای پێشگۆیی کەران، باس لە کۆتایی جیهان ئەکەن

ئەوان پێیانوابووە کە دنیا چەندین جار بە کارەساتەکانی لافاو و سەهۆڵبەندان و ... هتد، لەناو چووەو دووبارە و بۆ جارێکیتر سەر لە نوێ ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە سەریهەڵداوەتەوە.

تەنانەت لە دەسنووسێکی کۆنی جوولەکەکانیشدا ئاماژەیەکی لەم چەشنە هەیە و بە هەموویشیانەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە ساڵی 2012 کۆتایی بە ژیانی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی دێت.

لەوەیدا کە بە چ شێواز و هۆکارو ئامرازێک ژیان لەسەر زەوی تەواو دەبێ هیچ شتێک نەزانراوەو هەموو بیرورا جیاوازەکانیش ئەگەر دەربڕی شتێک بن، تەنیا لە گریمانەیەک زیاتر هیچ ناڵێن و ئەویش ئەگەرەکانی نزیکبوونەوەو کەوتنە خوارەوەی ئەو تەنە ئاسمانییانەیە بۆسەر عەرز، کە رێژەیەکی زۆریان لە "کاکێشانی رێگای شیری"دا کە زەوی ئێمە بەشێکی بچووکە لە ئەو،خەریکی جموجۆڵ و هاتوچۆن. یان لەوانەیە بە هۆی تەقینەوەکانی ناوەوەی خۆر، رێژەیەکی زۆری وزەو گەرما بگاتە سەر زەوی و دنیا بە جارێک بسووتێنێ.

بەڵام خۆ ئەگەری ئەوەیش لە ئارادا هەیە کە زەوی بە تەقینەوەیەکی شێتانەی چەکە ناوکییەکان لەنێو بچێ، کە لە ئێستادا لە هەموو ساتێک زیاتر مەترسیی ئەوە بۆ سەر شارستانییەتی مرۆڤ بوونی

هەیە.چونکا هیچ متمانەیەک لە نێوان کۆمەڵگای ئاشتیخوازی جیهانی و حکوومەتە شەیتانییەکانی وەک "کۆماری ئیسلامی" و "کۆریای باکوور" و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک" القاعیدە"دا نەماوەو شەڕی نهێنی و درێژخایەنی جیهانیی سێهەم، کە شەڕی یەکلاییبوونەوەی مرۆڤایەتی لەگەڵ دڕندەیی و ناهۆشیاری و توندوتیژیدایە،هێدی هێدی شکڵی گرتووە.

لە قامووسی چەند هەزار ساڵەی گەشەی شارستانییەتی مرۆڤدا هەمیشە گرێبەستێکی نادیار لەناو هێزە گەورەکاندا بۆ پاراستنی زەوی هەبووە، یانی لانیکەم ئەگەر ژیانی رکابەرەکانیان بۆ گرنگ نەبووە بە هۆی گرنگیدان بە ژیانی خۆیانەوە، سەیارەی زەوییان وەکو دایک سەیر کردووە کە ئامێزی ئەو جێگای ئارامیی مرۆڤ و خۆیان و ئازیزەکانیانە.بەڵام چیدی ئەو لانکەی ئارامی و دڵنیاییە وەکو جاران ناتوانێ منداڵەکانی دڵخۆش بکات، لە کاتێکدا بە بوونی مەترسیی گەورەی وەکو ئێرانێکی پڕچەک و رێکخراوەکانی دەوروبەری (کە هەموویان دەتوانن هەڵگری بۆمبێکی گەورەی پڕ مەترسی بن و لە ناوچە هەستیارەکانی وەکو عێراق و فەلەستین و پاکستان و ئەفغانستان و تەنانەت کوردستانیش بیانتەقێننەوە) خەریکین بەو ئەنجامە ئەگەین کە یان دەبێ تەسلیمی دەسەڵاتە شوومەکان ببین، یان دەبێ هەموو مرۆڤایەتی فیدای پاوانخوازیی کۆمارە شێتەکەی " ئیسلامیی ئێران " بکەین و لێی بگەڕێین.

بە پێی پێوەرەکانی ناو "تۆماری جەنگ"ی جوولەکەکان کە دوو هەزارو چەندسەد ساڵ لەمەوبەر باسی کۆتایی دنیای کردووە، ئێمە دەبێ بیر لە پلانێکی یەکلاییکەرەوە بکەینەوە.ئەمەیش لەوانەیە گرێبەستێکی مەعنەوی لە نێوان مرۆڤی چاکەخوازی شارستانیدا بووبێ کە هەر چەند ماوە جارێک، شەڕی گەورەی بۆ گەسک دانی

ماڵی خۆی لە رۆحە گەندەڵ و دەسەڵاتە شوومەکان رێکخستبێ و ئەم شەڕەی 2012 یش دوایین شەڕی گەورەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بێت و نەزمی نوێی جیهانێکی بێ شەڕ و توندوتیژی بێتە ئاراوە.

خۆ لەوانەیە ئەمجارەیان مەبەست لە (لەناوچوونی مرۆڤ و هەسارەی زەوی (شتێکیتر بێت : شەڕی مەعنەویی مرۆڤ بۆ ئەستاندنەوەی کەرامەتی خۆی لەدەست مەبەست و چەمکە نامرۆڤایەتییەکان، کە ساڵانێکی زۆرە بە ئایینەکانیەوە بگرە هەتا قوتابخانە فەلسەفی و فکرییەکانی ، بانگەشەی بۆ ئەکەن کە ئایینێکی تازەی جیهانی دروست ببێ و رێگا لە گەندەڵییەکانی رۆحی مرۆڤ بگرێت.

خۆ لەوانەیە مەبەست، لەدایکبوونەوەی شارستانییەتێکی تازەی بەرپرس و هەستیار بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی دەروون هەسارەیی بێت، ئەوەی ئێمەی کورد ساڵانێکە خۆزگەی بۆ دەخوازین و بۆی هەیە هیچ کاولکارییەکیش لە ئارادا نەبێت. بەڵام دیسانەوە دەبێ بەرامبەر بە چارەنووسی تاکەکانمان و کۆمەڵگا و وڵات و کیشوەر (قارە) و زەویی دایکیش هەستیار و بەرپرس بین، ئەوەی دنیای داهاتووی مرۆڤایەتی یاساکانی خۆی لەسەر گەڵاڵە دەکات و ئاڵوگۆڕەکانی ناو پارلمانەکانی بە پێی ئەم دەستوورە دەبێت.ئەو یاسایەی مافی ژیان بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات و دەسەڵاتە کاولکارەکانیش رەتدەکاتەوەو شەرمەزاریان دەکات.

یانی تۆ بڵێی ئەم ساڵە(2012) ساڵی سفری دەسپێکی پێشکەوتنە ئینسانییە یەکدەنگ و جیهانی یەکان نەبێت؟ ئیتر مرۆڤ پێ بنێتە دنیایەکی جیاوازەوە و رۆژێک نەوەکانی ئێمە لەسەر ئەم هەسارەیەدا بە بێ شەڕکردن و ماندووبوونەکانی رابردوو، خاوەنی

ماف و بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان بن؟! یان نا ... شەڕانگێزیی مرۆڤ کاری لە کار ترازاندووە

تێبینی : ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم بابەتەی دەوڵەمەند کردووە، باسێکی کەنالی دەنگوڕەنگی ئامریکا بوو، لە سەر پێشگۆییەکانی نۆسترادامۆس و کۆتایی جیهان

2-لێکدانەوەی سیاسی

ستراتێژیی جیهانی خەریکە جووڵەیەکی یەکدەنگ بەرانبەر بە بابەتە چارەنووسسازەکان دروست ئەکات، ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێ، هەموو گرووپ و ڕێکخراوو دەستە سیاسییە گەورەکانی دنیا، کە لە دابەشبوونی بەرژەوەندیی جیهانیدا (پاش شەڕی دووهەمی دنیا) چەشنە ناکۆکییەکی نادیاریان لەنێودا هەبوو، ئێستا هەست بە مەترسییەکی گەورەی گەردوونیی دیکە دەکەن : مەترسیی مەرگی ژیان بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی.

ئەمەیش وادەکات زۆربەی هاوسەنگی و نۆرمە سیاسی و ستراتێژیکەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت.

بۆ یەکەمینجار لە کێشەیەکی سیاسیی گەورەی ئابووریدا لە ئامریکا، کە بەرۆک بە دەوڵەتی دیمۆکراتەکان دەگرێت، کۆماریخوازان بە راشکاوی هاوکارییان دەکەن و دەنگ بە پڕۆژەکانیان دەدەن. رووسیا بۆ یەکەمجار دان بە سەرەڕۆیی خۆیدا دەنێ و دەنگی تێکەڵ بە رۆژئاوا دەکات.یانی هێدی هێدی دان بەوەدا دەنێ کە تێکەڵبوونی ئەو لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیدا و بوونی بە ئەندامی

"یەکیەتیی ئەورووپا" لەوە باشترە، کە لە شێوە دزیوو نامۆکەی جارانیدا بمێنێتەوە. چین ئەورۆ ناتوانێ بەرگری لە سەرەرۆیی هاوپەیمانە پاڵدەستەکەی خۆی (واتە کۆریای باکوور) بکات. تۆ بڵێی زلهێزەکان بۆنی مەرگیان نەکردبێ؟... بۆنی مەرگی خێر و شەڕ! مەرگی هەسارەی ژیان؟

پاش 11ی سێپتامبری 2001 و رووخانی تاوەرە زەبەلاحەکانی بازرگانیی جیهانی، ئالوگۆڕێکی سەیر وەک شۆک و مووچڕکێکی بەهێز جەستەی زلهێزە لووت بەرزەکەی خاوەن (ئایدۆلۆژیای کۆتایی مێژوو)ی لەرزاند. ئامریکا کە خۆی بەوە دڵخۆشکردبوو، پاش کۆتایی هاتن بە شەڕی سارد و سەرکەوتنی ئەو بەسەر رکابەرە گەورەکەیدا، ئیدی هیچ رکابەرێکی جیهانی تا کۆتایی سەدەی 21 ناتوانێ شان لە شانی ئەو بدات و دنیا دەتوانێ بە پێی خواستەکانی خۆی و هاوپەیمانانی دابەش بکات، سەرەتا لە ناو جەرگەی خاکی خۆیدا و پاشانیش لە هەموو ئەو شوێنانەیدا کە بۆنی بەرژەوەندی ئەوی لێدەهات، بەرەورووی پەلامار بووەوە. بەمەیش تەواوی تواناکانی ئەوو خەونە گەورەکانی هاتنە ژێر پرسیارەوەو کەوتە ناو شەڕێکی قووڵەوە کە رووخانی دیکتاتۆرەکانی (ئەفغانستان و عێراقی) لێکەوتەوەو تاکو ئێستایش هەر درێژە بە سڕینەوەی ئاسەواری ئەو شەڕە و بنبڕکردنی تیرۆریستان دەدات.ئەو شەڕەی پاش حەوت ساڵ تووشی کارەساتێکی ئابووریی وەهای کرد، لە 2008 دا دەستی یارمەتیی بۆ چین و عەرەبستان راکێشا: دوو دیکتاتۆر و دوو لایەن کە بە پێی ستراتیژیای پاش شەڕی سارد و پێش 11ی سێپتامبر دەبوایە بە دەردی سۆڤییەت بچووبایەن.سەعوود دەبوو بە سێ وڵاتی بچووک و چین یش دەبوایە دێمۆکراسی و بازاڕی ئازاد و رووخانی سیستەمی سۆسیالیستی

تاقی بکاتەوە.کەچی ئەمانە نەقەومان و کێشەی دنیایش ئاڵۆزتر لە هەموو ساتەکانی تەمەنی مرۆڤ و شارستانییەتەکەی خۆی نواند.یانی دەتوانین بڵێین: قۆناغی 11ساڵەی 2001 تا 2012 قۆناغی بێ نەزمی و بشێویی جیهانی بوو.

ئیتر ئەمجارەیان ئەرکی مێژوویی کەوتە سەرشانی سێ دەوڵەت کە هەرگیز کۆمەڵگای جیهانی وای نەدەبینی پێشهاتی وەها بێتە ئاراوە.دەوڵەتی چین لەوانەیە کۆریای باکوور و شوێنە ناوکییەکانی لاواز و تەنانەت چەک بکات. رووسیایش ئەرکی بۆردمانکردنی ئەو پێگەو بنیاتە ناوکییانەی بکەوێتە ئەستۆ، کە بە دەستی پسپۆڕەکانی ئەو لە ئێراندا دامەزراون. ئەرکی تورکیایش وەک لایەنێکی ریفۆرمخوازی رۆژهەڵاتی کە لە هەمانکاتیشدا لایەنی بەرپرس لە خاوکردنەوەی هەڵوێستی شەڕانگێزانەی دەوڵەتی ئێران و رکێفکردن و تۆقاندنی لە پەلاماری رۆژئاوایە، زیاتر دیار ئەکەوێ.سێ وڵات کە هەموومان تا ئێستا چاوەڕوانی دارمانیانین، ئەرکی جیهانی و پێشەنگ بوونیان لە چارەکردنی کێشەیەکی گەورەدا پێدەسپێردرێ.ئیتر بەو پێیە بڕوین ئەرک و رێکخستنەجیهانییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت.

لە پێناوی رێگریکردن لە هەر چەشنە رووداوێکی گەورە کە بتوانێ دەسکەوتەکانی شارستانییەتی مرۆڤ بخاتە مەترسییەوە، ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە رێکخراوێکی گەورەی جیهانیی خاوەن یاسای بەرگری، لە کاتی هەستیاردا لەدایک ببێ:" ئەنجومەنی هاوکاریی ئاسایشی جیهانی"

ئەم شوورایە دەتوانێ ئیمکاناتی مرۆڤایەتی لەسەر یەک دابنێ و کۆی هەموو تواناکان بکات بە چەکی بەرگریی بەهێز، لەبەرانبەر

ڕوودانـــی کارەســـاتی گەورەی وەک: کەوتــنە خـــوارەوەی ئەســـتێرە پـــرواوە ئاســـمانییەکان، تەنە وێڵەکـــانی نێـــو بۆشـــایی گەردوون، ڕووداوی تەقینەوەی ناوکی و شـەڕە سارۆخی بەهێزی ملهۆڕەکانی وەک : کۆریـای بـاکوور و ئێـران لەگەڵ دنیـادا و بەرگریکـردن لە کەوتـنەوەی کارەسـات لە لافـاوە سـامناکەکان، کە بەم دوایـی یـانە ڕێژەیـان ئێجگـار زۆر بـووەو ئەنجـامی هەرەوەزیـی جیهـانی و دۆزینـەوەی ڕێگاچـارەی تەواو بـۆ نەخۆشـییە کوشـندەکانی وەک : هەژاری و هەژاریـی مەعریفـی و ئایـدز و قاچـاخی مـرۆڤ و بازرگانیکردن بە ژنـان و منداڵانەوەو قاچاخی مـاددە هۆشبەرەکان و بەرەنگـاریکردنی تیرۆریزمـی نێـودەوڵەتی و هەوڵـدان بـۆ دێمـۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگـا مافخوراوەکـان، کە کوردستانی ئـێمە نمـوونەیەکی زینـدووی ئەو وڵاتـانەیە و ئێسـتا لە بەشـی باشـووریدا دەتـوانێ هەم لە دێمۆکراسـی و مـافە بنەڕەتییەکـانی مرۆڤ تێبگـات و هەم بتـوانێ خـۆی بە جـوانی ئیدارە بکـات و گەشـەی ئـاوەدانییش لەم وڵاتەدا بەرچـاوە. خـۆ لەوانەیە بـۆ بە مـۆدێلکردنی " حکـوومەتی هەرێمی کوردستان" و دێمۆکراسـی و گەشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئـابووری و کلتـوورییەکەی، پاڵپشـتی جیهـانی دروسـت ببـێ : "ڕێکخراوی جیهانیی مافەکـانی مرۆڤ" لقێکـی گەورەی سـەربازیی بۆ دابنرێ، کە لە کاتە ناسەکاندا پێش بە کەوتنەوەی کارەساتی وەک هەڵەبـجە و کۆسـۆڤۆ و باشـووری سـوودان و کـۆڕەوە گەورەکـان و ئەنفـال و ژینۆسـایدی گەلان بگـرێ ـ کە نمـوونە بەرچـاوەکەی ئەمدواییەی ژینۆسایدی "کۆنگـۆی کینشـازا"یە، کە بـۆ مـاوەی سـێ ساڵ (98 تـا 2001) (سـێ ملیۆن مـرۆڤ تێیدا مـاڵوێران بوون یان کـوژران (جـدال دو تـوحش : ژیلبـر اشـکار، ێ31 - ) و لە کوژانـدنەوەی ئـاگری شـەڕە نـاوخۆو تایبفییەکانـدا ( کە لە ئەفریقـا نموونەیـان زۆرن) ڕۆڵـی کـاریگەر و یەکلاییکەرەوەی هەبـێ. ئیتر

دەتوانین باس لە سوپایەکی فرەرەگەزی جیهانی بکەین کە بتوانێ بە پێی فۆرم و یاسایەکی تایبەت کە هیچ وڵاتێک نەتوانێ لە قازانجی خۆیدا بەکاری بهێنێ و ئەم رێکخراوەیش خاوەنی مافی ویتۆی جیهانی بێت، درێژە بە ئەرک و ئەنجامدانی بەرپرسیارێتیی خۆی بدات.دیارە "ناتۆ"یش دەتوانێ هێزێکی لەم چەشنە بێت و ئەرک و ئامانجی خۆی بگۆڕێ.

لەوانەیە هێزەکانی ناتۆ بە هاتنی رووسیا بۆ ناو ریزی وڵاتانی "یەکیەتیی ئورووپا" و هاوکاریی "چین" لەگەڵ ئامریکادا، ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆیان بگۆڕن.ئیدی "ناتۆ"هاوکاری "رێکخراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ " بێت و ئاستی بەرپرسیارێتیی ئەو رێکخراوە جیهانییە بگۆڕێ و ناوەرۆکێکی تازەی پێبدات.یانی ببێت بە " رێکخراوی جیهانیی پاڵپشت و بەرپرسیار لە مافەکانی مرۆڤ"... و بەرهەڵستکاری پێشێلکاریی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بکەوێتە ئەستۆی ئەوەوە. خۆی لەراستیدا کۆتاییهێنان بە رەنج و ئازارەکانی مرۆڤ ئەرکی نیزامی ئازادیخواری جیهانییە و بۆیەیش دەبێ ئاستی ئازادییە گشتییەکان لە جیهاندا بەرفراوان بکرێن.بەڵام بۆ پێشگرتن لە گەندەڵیی جیهانی و دابەزاندنی ئاستی بە قاچاخبردنی چەکوچۆڵ و ئەو ماددانەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن، رێکخراوی " ئەنجومەنی هاوکاریی ئاسایشی جیهانی "دەبێ رێکخراوی "بەرەنگاریی گەندەڵی جیهانی" پێک بێنێ کە لە گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابوورییەوە بگرە، تا کۆمپانیا و گرووپە سیاسی و مەدەنییەکان بکۆڵێتەوە کە بە ناوی خزمەتکردنەوە، زیان بە بەرژەوەندییە جیهانییەکانی مرۆڤ دەگەیەنن.ئیتر بۆی هەیە دنیا لەم هەنگاوە هەستیارو تازەیەیدا بەرەورووی جەنگی گەورە ببێتەوە.بەڵام دەبێ باجی نەزانکارییەکانی رابردووی خۆی بدات.

## رووسیا و چین... بەخێربێن بۆ ناو بازنەی هاوکاریی جیهانی!

رووسیا بە هاتنی بۆ ناو ریزەکانی وڵاتانی "یەکیەتیی ئورووپا" لە تەنیایی و بێزاریی خۆی رزگار دەبێ. سنوورەکانی رووس و جادە و شارو لادێکانی بەرەوڕووی هێرشی یەک ملیارد نەفەری ئورووپا و گەشتیارانی دەبنەوە.ئەمەیش خۆشییەکی تازە بە گەلی رووس دەبەخشێ کە تا ئەم رێکەوتە تاقییان نەکردووەتەوەو پێشکەوتنەکانی رووسیا و لاچوونی تەنگژەکانی سەر هاوڵاتیانی دەبنە هۆی وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی جیهانیی زیاترو رۆڵی رووسیا لە بەشداریکردن لە دیپلۆماسیی جیهانیدا زیاتر دەکات.ئیتر رووسیا منەتی بە مافیای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هاوشێوەکانی نامێنێ. پیشەسازی فڕۆکەوانیی رووخاوی رووس گیانێکی تازەی بەبەردادێتەوە و ئازادییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوخۆی وڵاتیش زیاتر گەشە دەکات.ئەمانەیش رۆڵی پۆزێتیڤی جیهانیی رووسیا وەک نزیکترین هاودەستی وڵاتە دیکتاتۆرەکان کە ئەوانیش لە رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە نزیکن، زیاتر دەکات، هەر بۆیەیش لەوانەیە لە دەسکەوتەکانی "ناتۆ"لە بواری نیزامیدا کەڵک وەربگرێ و بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا، رووسیا و ناتۆ هاوکاریی یەکتر بکەن و ئەمەیش دەسپێکی قۆناغێکی تازە دەبێ کە فۆرمی دوو جەمسەریبوونی دنیا بە تەواوەت دادەڕمێنێ.

نزیکبوونەوەی رووسیا لە بەریتانیا و فەرانسە و ئاڵمانیا، پیشەسازیی رزیوی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ و ئاستی سەرمایەی رووس لەو وڵاتانەدا زیاد دەکات.ئاستی گوزەرانی خەڵکی رووسیا دەچێتە سەرەوە و هێندێک لە داخوازییەکانی خەڵک وەڵامی ئەرێنی پێدەدرێتەوە.ناتۆیش بە هاوکاریی رووسیا قۆناغی تازەی کاری

خـۆی دەسـت پێـدەکات و رۆڵــی خـۆی لە (کـوتکی بەرژەوەنـدی پـارێزی رۆژئـاوا) وە دەگـۆڕێ بەرەو ئاراسـتەیەکی جیـاواز، کە ئەویـش خزمەتکـردن بە ئامـانجە سـەرەکییەکانی مرۆڤـایەتییە.

دیـارە بـا ئەوەشـمان گـوتبێ : مەرج نییە ئەم رووداوانە هەمـووی لە ساڵی یـان تـا سـاڵی (2012) روودەن، بەڵام ئەو رێـکەوتە دەتـوانێ پێشـاندەری کارەسـات و دەسپێکی قۆنـاغێکی تـازەی کـارو پڕۆژەی هەمەلایەنەی جیهانی بێت کە کـار لەسـەر گۆڕینی دنیـا لەسـەر یاسـا و رێسایەکی ئینسانیتر بکەن.

پـاش رووسـیا، دێینە سـەر زەبەلاحە چاوچنۆکەکەی تـازەی دنیـا، کە بە هـیچ شـتێک تێرنـابێ و ئامـادەیە دنیـا بە جارێـک هەڵلووشـێ.چارەکێکی حەشـیمەت و داهـاتی دنیـا لە گیرفانەکـانی ئەودان.بەڵام بە هەمـوو شـێوازێک ئازادییەکـانی گەلانـی نـاوخۆی قۆرخ کـردووەو خەڵکـی وڵاتەکەی وەکـو حەزیـایەکی سـامناک بە دەرمـانی سـەرکوت خەواندووە.هێنـدە دەسـەڵاتەکەی تەشـەنەی سەندووە کە توانیویەتی مافی ویتۆی جیهانی و تەنانەت نەچوون بۆ هێندێک رێوڕەسمی جیهـانیی وەک (خەڵاتـی ئاشـتیی نۆبێلی 2010) بـۆ خـۆی بەڕەوا بزانـێ و دەستەبەریشـی بکـات.ئەم زەبەلاحە پڕ مەترسییە وڵاتی "چین" ی کۆمۆنیستە.

لە کاتێکـدا دنیـا بەرەوپیـری کرانەوەیەکـی تـازەو ئاشـتییەکی جیهـانیی تـازە دەڕوات، چـین دەتـوانێ گەورەتـرین رێگـری ئەم ساڵانەی دوایی بێت کە دنیای پێشکەوتنخواز دەیەوێ، هەسارەیەک بۆ ئازادی و ژیان دروست بکات.

بەهۆی شـەڕی ساردەوەو لاچوونی زوومـی کامێراکـان لەسـەر چین و نەرمـی نواندن بەرانبەر بەو دەوڵەتەو خەریکبوونی رۆژئـاوا بە پڕۆژەکـانی" یەکیەتیـی سـۆڤییەت"ەوە ، چـین هەمـوو تواناکـانی

خـــۆی لە چــاوی میـــدیا و ئاژانســـە   هەواڵگرییەکـــانی دنیـــا شـــاردوەتەوە.چین ئەورۆ نهێنـــی و مەتەڵێکـــی نەزانـــراوە و دۆزینەوەیشی ئاسان نییە.

چـین لەگەڵ گەشـەکردنێکی ئـابووریی خێـرا  بەرەوڕوو بـووە و دەتـوانێ فشـاریش بـۆ سـەر ئـابووریی جیهـانی دروسـت بکـات. بە بەکارنەهێنـــانی دراوە باوەکـــانی وەک : دۆلار و یـــۆرۆ، دەتـــوانێ مەترســی بــۆ ســەر   ئــابووریی ســەرمایەداری پێــک بێنــێ و بە ڕەچـاونەکردنی ڕێوشـوێنە جیهانییەکـان ،   دەتـوانێ تێکنۆلۆژیـای کاولکاری خۆی بە ئێران و کۆریای باکوور بفرۆشێ. کەچی لەگەڵ گەشەی تێکنۆلۆژیا و بـاری دارایی خەڵکەکەیدا، ئاستی چاوەڕوانیی کۆمەڵگـا لە دەســەڵات زۆرتــر دەکــات. سیاســەتە لیبراڵییەکــان لەو وڵاتەدا  لایەنگریـان لە هەمـوو کاتێـک زیـاتر دەبێـت، چونکـا چینـی نێونجیی کۆمەڵگا ڕێژەیـان زۆرتـر بـووەو تەنـانەت بە پێی هەواڵەکان ئاستی داهاتی سەرانەی ژنـانی چینـی پلەی یەکەمـی لە دنیـادا مسۆگەر کــردووە و توانــای دارایــی ژنــانیش دەتــوانێ   دیــواری پێــوەرە پیاوســالارییە یاســایی یەکــانی ئەو وڵاتە بخــاتە لەرزین،تەنــانەت نەبـوونی ئـازادیی تاکەکـان و گرووپەسـەرکوتکراوو نەتەوە جیـاوازە بێ مافەکانیش گرفتی نێوخۆیی بۆ چین بەرهەمدێنن.

چین نـاتوانێ هەم لەیەک کاتدا ستانداردی جیهـانیی ڕکـابەریکردن لە بازاردابەیڕەو بکات و هەم "تـاک"ە پسپۆڕە کانی خۆی لە ئـازادی بێبەش بکـات. چونکـا مرۆڤ لە ئازادیدا دەتوانێ جیـاوازی بخـولقێنێ و ئەنجـامی بەرهەمە جیاوازەکــان و بــوونی ڕکــابەریکردن دەبێــتە هــۆی   پێشــکەوتن. بەڵام لە شـێوازی تـازەی جیهانیـدا کە بـیەوێ پەیڕەوی ئاکـارە ئینسانییەکان بکـات و یـارمەتی و سوبسید پێشـکەش بە کۆمەڵگا دارماوو هەژارەکـان بکـات، ئیتـر چین نـاتوانێ شتومەکی هەرزانـی خـۆی بخـاتە بـازاڕی ئەم وڵاتـانەوەو  چاوەڕوانیی ئەوەیش

بکات خەڵکی دەوڵەمەند، شتومەکی پۆخڵ بکڕن. لە راستیدا چین لە هەزارەی سێیەمدا بەرگەی ئەو دوو بابەتە دژبەیەکە ناگرێ و لەوانەیە بێجگە لەو مەترسییانەی باسمان کرد، تەقینەوەی یەک ملیارد و سێسەد ملیۆنیی حەشیمەتی چین، گرفتی گەورەی دنیایەکی پڕکارەسات بێت.یانی ئازاد بوونی ئەو رێژەیە لە زیندانی کۆمۆنیزمی چینی، دنیا تووشی قەیران دەکات.

لە بەشی نیوەی باشووری گۆی زەویدا، بە تایبەت لە ئافریقا ئێمە پێویستمان بە خزمەتگوزاری و فریاگوزاری زیاتر هەیە.پێویستیمان بە هەڵمەتێکی جیهانی بۆ نەهێشتنی بەدخۆراکی و لەناوچوونی سروشت هەیە.هەرەوەزییەکی جیهانی بۆ) چاندنی گەنم لە ئافریقا) دا گەرچی لەوانەیە قسەیەکی بێمانا بێت،کەچی دەتوانین بە هۆی ئەو دەستەواژەیەوە، ڕای گشتی جیهانیی بەرەو لای ئەو کارەساتە مرۆیییانەی لەوێ روو ئەدەن رابکێشین.

ئەوەی "ژیلبێر ئاشکار" لە بارەی ئافریقاوە دەیڵێ، بەڕای زۆر کەس کە لە بێئاگاییدا خەوتوون، حیکایەتێکە بۆ فرۆشتن. بەڵام وایش نییە، چونکا ئێمەی کوردیش لەو دۆخەداین و تازە خەریکین هێندێک لەو حیکایەتانەمان دەسەلمێنین: حیکایەتی کوشتنی نەتەوەیەک کە وەکو ئاسن بەرگری کرد.

"نەخۆشی ئایدز تا ئێستا 28ملیۆن کەسی ئافریقایی تووش کردووەو( یەک لە هەزار) یشیان تاکو ئێستا چارەسەر نەکراون.تەنیا لە ساڵی 2001 دا (دووملیۆن و سێسەد هەزار نەفەر) بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە لە ئافریقا مردن.یانی هەر لەم ساڵەدا هەموو رۆژێک 10 ئەوەندەی رێژەی قوربانییانی کارەساتەکەی 11ی سێپتامبر دەمرن...ئەمەیش لە ماوەی دەساڵدا دەکاتە حەشیمەتی وڵاتێکی وەک فەرانسە" (لا - 31 ی هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ئێمە دەتوانین پێش لەوەی ماددە خۆراکییەکانمان ماوەیان بەسەر بچێت، بەرەو وڵاتانی برسییان بنێرین. وزەی دەرمانەکانمان باشتر بکەین و ماوەیان درێژتر بکەین و بەشێکی داهاتی لێکۆڵینەوە بایۆلۆژییەکانمان بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئازارەکانی ئافریقا تەرخان بکەین.لە نەمانی هەژاری و دڵنیاییدایە کە بیری خەڵک بۆ لای ئاشتی دەڕوات و توندوتیژییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەناو دەچن.ئیتر بیرۆکەو ئاڵای فەندەمێنتالیزم و تیرۆریزم فەشەل دێنێ.

بەڕای من ئاڵتێرناتیڤی دیکتاتۆرو توندڕەوەکانی دنیا دوو شتن : ئازادی و نان. ئەگەر ئەم دوو گرفتە نەمێنن، قاچاخی مرۆڤ و هێرشی رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوایش نامێنێ.

"تیئۆریی گەشە" کە بە هەڵپەهەڵپ و زۆردارییەوە دەستی پێکرد و کۆلۆنیالیزمی بەرهەمهێنا، لەگەڵ ئەوەیدا پێشکەوتنی پیشەسازی و ئاوەدنیی بەدوای خۆیدا هێنا، کەچی بێڕێزییەکی زۆری بە ژینگەو مرۆڤ کرد.دۆخی سروشتیی ژیانی لەسەر هەسارەی عەرزدا شێواند.لە ماوەی سەدەیەکدا نیوەی زیاتری دارستانەکانی دنیا لەناوچوون. ئێستایش گوێمان لە دەنگی نارەزایی تەنانەت ئەو کەسانەیشە کە سوودیان لەو تیئۆرییە وەرگرت.یانی دنیا خەریکی پیداچوونەوە بە ئاکارەکانی سەردەمی مۆدێرنی خۆیەتی کە سەرەتای قۆناغێکی تازەی شارستانییەتی مرۆڤە.

ئەگەر گوێتان لە بابەتێکی لەم شێوەیە بوو، مەورووژێن : فیلتەرەکانی ئامریکا و ژاپۆن، کەی ئەتوانن گیانی خەڵکی "تاران" رزگار بکەن.شارێک کە دووکەڵ و ماددە کوشندەکانی ناو هەوا خنکاندوویەتی؟... ئەمە سەرەتای پرسیارێکی جیهانییە،کە بۆ بەرگریکردن لە ژینگەی گشتیی مرۆڤ پێویستەو دەبێ بەرەوڕووی میدیا و دەسەڵاتی جیهانیی بکەینەوە.یانی بێینە سەر قەناعەتەکەی

(ە.ج.وێڵز) کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا(1901) وتی:" ئەگەر دنیای ئێمە بەپێی پێوەرە ئێستاییەکانمان ئەخلاقیی نییە، لەسەرمانە بەو پێوەرانەدا بچینەوەو سەرلەنوێ دروستیان بکەینەوە." یانی بەو پێیە بێت، ئێمە سەدەیەکمان لە بەدرەوشتیدا گوزەراند و پاش سەدەیەک بەقسەی "وێڵز" دەکەین.

گەندەڵترین حکوومەتی دنیا"حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران"ە.گەندەڵیی ئەم حکوومەتە تەواوی بۆشاییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێرانی ئاخنیوە.بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی ژیانی خەڵکەکەی دەکات و ئەوەیش بۆ خەڵک پێویست بێ، تەنیا بە شێوەیەکی رۆتینی دەیکات.ئێرانی بێ گوێ دەتوانێ گەورەترین مەترسی بۆسەر ژینگەی جیهانی دروست بکات، ئەوەی ئێستا لە تارانی پایتەختی خۆیدا بەسەر خەڵکەکەی هێناوە.هیچ چەشنە پێوەرێکی نێودەوڵەتی پەیڕەو ناکات و لەگەڵ ئەوەیدا هەوڵی دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی ئەدات، تێکنۆلۆژیاو زانستی پاراستنی ژینگەو دەوروبەری جبەخانەکەی لەبەردەستدا نییە. ئیتر بۆی هەیە قەناعەتی نێودەوڵەتیی جاران بەرانبەر بە دۆسیەکانی خۆی بگۆڕێ.

لێک نزیکبوونەوەی "رووس" و "چین" لە بەرەیەکدا لەگەڵ رۆژئاواییەکان،لە هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بە دۆسیەی ناوکیی ئێران و سزا جیهانییەکان، باس لە هەڵوێستێکی هەمەلایەنە دەکات: دانووستان لەگەڵ ئێراندا سوودی نییە و بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤایەتی لەو هەژدیهایە، پێویستە لە هێلکەدا لەناوبچێ، ئەو هەڵوێستە هاوبەشەی ، خەباتی کوردانی رۆژهەڵاتیش دەخاتە ناو بازنەی گرنگی پێدانی جیهانییەوەو وەکو ئیسرائیلییەکان لێیان دەڕوانن.

لە کتێبی"تۆماری جەنگ"ی یەهوودییەکاندا باس لە ناوچەیەکی

جوغرافیایی ئەکات کە بەشێکی گەورەی پانتایی ئێران و تەنانەت کوردستانیش دەگرێتەوە و لەم رووبەرەدایە کە شەڕی کۆتایی جیهان دەکرێ. تەنانەت لە "چەرخەکانی نەگبەتی"دا، کە باس لە قەیرانە جیهانییە پێشبینی کراوەکان دەکات و هێندێک لە زانایانی ئایینی مەسیحی باسی دەکەن، بە پێچەوانەی کتێبی "تۆماری جەنگ"ەوە باسی کۆتایی نەگبەتی گەورەیان لە (2011) دا کردووە کە لە ساڵی (1988) ەوەو بۆ ماوەی (23) ساڵ درێژەی هەبووە.کە لە کاتی کۆتایی شەڕی) ئێران – عێراق)ەوە تاکو ئەمساڵ درێژەی دەبێ و لەو ماوەیەدا بووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵی خۆتەیارکردن و دۆزینەوەی رێگاچارەی سەپاندنی دەسەڵاتەکەی خۆی داوە، خۆ لەوانەیشە لە 2011 دا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئێران بێت و ناوچەکەیش رووی ئارامی بەخۆیەوە ببینێ، یان لە 2012 دا شەڕی خوێناویی کۆتایی رووبدات و دنیا وەبەر پەلاماری چەکە ناوکییە شاراوەکانی ئێران بکەوێ و ئەو کارەساتە پێشبینی کراوەیش بقەومێنێ. (مكاشفات يوحنا : كليد هفتم)

بەڕای من نەفرەتی جیهانی بوونی هەیە و حکوومەتی ئێران دەتوانێ ئەو حکوومەتە بێت ، بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا(بە تەنیایی و بە بێ هاوپەیمان) وەبەر پەلامارێکی جیهانی بکەوێت.وەبەر پەلاماری گەرای پێکهێنەری" ئەنجومەنی هاوکاریی ئاسایشی جیهانی" بکەوێت.

لێرە بەدواوە لە باکوورەوە (رووسیا و تورکیا و ئورووپا) و لە باشووریشەوە (ئیسرائیل و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و عەرەبەکان) کە لە یەکەم بیرۆکەی جیهانپارێزدا یەکدەنگ دەبن، کە بە هاوکاریی ئامریکا و چین کەلە رۆژهەڵاتەوە دێن، ئەم هێرشە گەورەیە تاقی

دەکەنەوە.هیچ دەرفەتێک بە کۆماری ئیسلامی نادرێت کە چەکەکانی تاقی بکاتەوە و بە لەکارخستنی کەرەستەو ژووری کۆنترۆڵی چەکەکان،لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەم کوودەتا مرۆییە بە ئەنجام دەگەیەنن.بەم رووداوەیش قەناعەتی قۆناغی تازە ئەمە دەبێت : دەست بۆچەک بردن تاکە رێگاچارە نییە، بەڵام دەتوانێ گونجاو بێت... ئیتر لەوانەشە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروشمی جیهانیی(سوپاس بۆ جەنگ) سەربدرێت: جەنگی مرۆڤ لەگەڵ دڕندەیییەکانی دەروونی خۆیدا.

پاش ئەم جەنگە دەسەڵات و پێوەرە جیهانییەکانیش دەگۆڕدرێن.مرۆڤ هەست بەوە دەکات، کە رێز گرتن لە هەموو شتێک پێویستە و هاوار ئەکات: کێ ئەڵێ (رێز) هێز نییە؟

دێمۆکراسیی راستەقینەی گەردوونی، ئەرکی دارشتنەوەی کۆمەڵگا و بنکەو بنیاتەکانی لە ئەستۆ دەگرێ و بەناو دەمارەکانی رێکخستنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هاتوچۆ دەکات.فرەڕەهەندکردنی ئاکاری سیاسی و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ کەمینە – زۆربەکان و دابەشکردنی سامان و ئاسوودەیی بە پێی پێداویستی، دەبێ بە فاکتەری سەرەکیی پرۆگرامی ستراتیژیی جیهانی ، بۆ ساڵانی پاش 2012.

بەڵام پێش ئەمانەی باسمان کرد، ئەگەرێکی پرمەترسیی گەورەیش هەیە کە دەبێ باسی بکەین.لە ناوەندی ئورووپادا شەڕێکی گەورە روودەدات.ئەم شەڕەیش لەگەڵ ئەوەیدا ئاستی ئابووریی یەکیەتییەکە لاواز ئەکات، بەڵام هۆشیارییەکی تازە و یەکیەتییەکی توندوتۆڵتر لە جاران بنیات دەنێتەوە. شەڕ لە نێوان فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و پارێزگارەکانی ئورووپادا روودەدات.ئەمەیش ئاستی هاوکارییە جیهانییەکانی بۆ ئافریقا و وڵاتانی هەژار بۆ ماوەیەک دادەبەزێنێ و ئافریقای برسیش روولە

سنوورەكانی ئوورووپا و ئاسیا دەكەن و ئەم بشێویەیش لە قازانجی توندڕەوە ئیسلامییەكاندا دەبێ. بەڵام ماوەكەیشی كەم دەبێت.ئەم رووداوە یەكگرتنە جیهانییەكە بەهێزتر دەكات.بە نەمانی نان لە رۆژهەڵات و ئەو یاخیبوونە لە رۆژئاوا، كە بەرهەمی رەگەزپەرەستی و راسیسزمی نەتەوەپەرەستە ئوورووپاییەكان و وەڵامی توندی ئیسلامی سەركوتكراو لە رۆژئاوایە، بیرۆكەی "سندووقی قەرزی نێودەوڵەتی" و قەرزدانەكانی بە وڵاتانی هەژار فەشەل دێنێ و "سندووقی نێودەوڵەتی یارمەتیی خۆڕایی " جێگای دەگرێتەوە. مێژووی دوو سەدە جەنگ و سەركەوتنی مۆدێرنیتەی رۆژئاوایی ، دەبێتە بلّقی سەرئاوو، بۆ یەكەمینجار لە مێژوودا پەنابەرێكی زۆری ئوورووپایی روو لە ئوراسیا و رۆژهەڵاتی ناوین و رووسیا دەكەن.لە ماوەی ئەم جەنگەدا ئاسوودەترین وڵاتانی دنیا ،كیشوەرەكانی جنووبی ئامریكا و باشووری ئاسیای ئاشتیخواز دەبێ.چونكا لە ئامریكا و ئوسترالیایش رێژەیەك پەنابەری ئیسلامی، بوونیان هەیە و دەتوانن هێندێک بشێوی دروست بكەن. زۆرترین مەترسییش بۆ سەر ئوورووپا و پاشان خۆرهەڵاتی ناوین دروست دەبێ. زۆربەی ئەم كێشانەیش لە پاشماوەو ئاسەوارەكانی شەڕی ساردن.جەنگێک كە هەموو دەروونی مرۆڤایەتیی پڕ لە رق و قین كرد ومرۆڤایەتیی بۆ شەڕی "كۆتایی جیهان"ئامادە كرد.بۆیەیش پێمەوایە ئەگەری روودانی ئەم جەنگە زۆرە، چونكا شەڕی سارد هێندێک ئاسەواری خراپی بەجێهێشت كە نموونەكانی ئەمانەن:

1- دروستكردنی دەوڵەتە سێنترالّە بەهێز و دیكتاتۆرەكان كە مەترسیی گەورەن بۆسەر ئازادی و مافەكانی هاوڵاتییان.

2- بـوونی چەک و تەقەمەنیـی زۆربەهێـز، کە چەکە ناوکییەکـان نموونەیەکیـــــــــــــــانن.

3- هەمـوو کەس دەتـوانێ چەک بکـڕێ و رووبەڕێکـی پـێ کـاول بکـات.ئێران نمـوونەیەکیەتی.زۆربەی حکوومەتەکـانی جیهـانی سـێهەمیش کە دیکتـاتۆرن دەتـوانن تونـدوتیژی بەرهەم بێـنن.

4- خنکاندنی دێمۆکراسیی جیهانی و نەهێشتنی گەشەی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ ماوەی نیوسەدە (لە کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەمەوە تـا رووخـانی بەرەی سۆڤییەتی) کە دواتـر تەقینـەوەی کۆمەڵگاکـانی لە ئاسـتی وردە کلتوورەکـانەوە تـا نەتەوەو ئـایین و گـــــرووپە جیاوازەکـــــان لــــــێکەوتەوە.

5- هـاتنی شـەپۆلی زانیـارییە بەلێشـاوەکانیش هۆشـیاریی گشـتیی لە کۆمەڵگـا داخراوەکانـدا گەیانـدووەتە ئاسـتێکی بەرزتـر و داخوازەکانیشیان زیاتر بووە. ئیتر پێشگرتن لە ئیرادەی کۆمەڵگا لەم وڵاتـــــانەدا جەنگـــــی نـــــاوخۆیی لێــــــدەکەوێتەوە.

6- دێمۆکراسـیی رۆتینـی کە بەرهەمـی خۆگونجانـدنی وڵاتـانی سۆسیالیسـتیی رووخـاوی پـاش شـەڕی سـارد و لە راسـتیدا کۆمۆنیستەکان لەگەڵ سیاسـەتی رۆژئـاوای سـەرکەوتوودا بـوو، ئێسـتا وەکـو مـۆدێلێکی جێگـرەوەی ئـازادی و دێمۆکراسـیی راسـتەقینەی لێهـاتووە کە لە وڵاتـانی نـادێمۆکراتیکی وەک: ئێران و میسر و ...هتد پەیـــــــــــڕەو دەکــــــــــرێ.

7- چوونەسـەرەوەی ئاسـتی هـاتوچۆ بـۆ دەرەوەی وڵات لە جیهـانی

سێهەمدا و کرانەوەی درگای دنیای مۆدێرن بەسەر زەینی هەژاری مرۆڤی رۆژهەڵاتیدا و دروستبوونی چالاکیی زەینیی بەراوردکاری و رەنگدانەوەی لە ژیاندا بۆ نموونە : 1 -فەندەمێنتالیزم -2 پچڕانی شیرازەی بنەماڵەی رۆژهەڵاتی لە غوربەتدا و دروستبوونی قەیرانی رۆحی بۆ تاکی پەنابەر...

ئیتر کۆمەڵگای جیهانی ناتوانێ رەچاوی ئەو خاڵانە نەکات و ئەمانەش پێوەندییان بە سیستەمی بەڕێوەبەریی هەسارەکەمانەوە هەیە.لە راستیدا هەوڵدان بۆ دروستکردن و دابەزاندنی سیستەمێکی کۆنفێدرالیزە بووی جیهانی لەسەر تێگەیشتن لەو هەولانەی کە زۆربەی پێکهاتەکانی تووشی قەیران کردووە و کەرەستەی خەباتی ئەوانی لە ناتوندوتیژییەوە بۆ شەڕە خوێناوییەکان گۆڕیوە، دەبێ بنەمای فیکریی ستراتێژیستە جیهانییەکانی ئەم سەدە تازەیە بێت.سەدەیەک کە سەرەتاکانی خۆی بە شەڕی خوێناوییەوە دەست پێکرد، دەتوانێ لە دەیەکانی داهاتوویدا هاوسەنگیی هێزو کاراکتەرو بنەماسەرەکییەکانی ئاکارو هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخە هەستیاەکاندا بگۆڕێ. دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات و خۆراک بە شێوەیەکی یەکسان، کۆتایی بە شەڕی ئایدۆلۆژیاکان دێنێت و دنیا بەرەو قۆناغێکی تازە دەبات: قۆناغی دروستبوونی ئایینێکی جیهانی و یاسایەکی مەعنەوی، کە هەموو پێکهاتەکان پەیڕەوی بکەن.

گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ پەراوێزەکان، فشارەکانی سەر سەنتەری ئێستا کەمدەکاتەوە. لە راستیدا ئەرکی میدیای جیهانی و ستراتێژیای جیهانی لەم قۆناغەدا، یەکدەنگ کردنی هێزی چاکەخوازی

جیهانییە، بۆ ئەوەی چاکسازی لە ئاستێکی گەردوونیدا بەڕێوە ببات و زەینی دنیا بۆ سەرکەوتنە جیهانییەکانی دواتر ئامادە بکات.

دروستبوونی "یەکیەتیی کۆنفێدراڵی دڵی دنیا" لە خۆرهەڵاتی ناویندا، دەسپێکێکی باش دەبێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن: ئیتر ناتوانین نەتەوەو ئایدیا و ئایینەکان، بەهۆی جیاوازبوونیانەوە، بفەوتێنین. مرۆڤ دەبێ کۆتایی بە کوشتنی خەونەجیاوازەکان بێنێ و ئارامی و بەختەوەرییەکی سەدساڵە بۆخۆی مسۆگەر بکات.بەم شێوەیەش بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و بەهۆی ئەم شەڕەی دواییەوە، جوولەکەکان و عەرەبەکان تەبایی نێوانیان دەدۆزنەوە. نەتەوە غەیری عەرەبە (بەعەرەبکراوەکان) دەبنە هۆی گەڕانەوەی برا ئارامییەکانی خۆیان بۆ ریزی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوین و کۆتایی بە دژایەتی و شەڕی ئایینی دێنن. فەلەستینییەکانیش لە داهات و دەرکەوتی ئیسرائیلدا بەشدار دەبن و خۆیانی پێ نۆژەن دەکەنەوە. گەڕانەوەی زمانە فەرامۆشکراوەکان و رەسەنایەتییە مێژووییەکان، جیاوازییەکان قووڵتر دەکاتەوەو یەکیەتیی کۆمکاری عەرەبی و ئیسلامی تا رادەی رێکخراوێکی ئاسایی دادەبەزێ.گرفتی ناوچە کێشەدارەکانی دنیا یەکلایی دەکرێنەوە. "بیت المقدس" دەبێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی" ئەنجومەنی هاوکاریی ئاسایشی جیهانی" و شارەکانی "مەککە" و "مەدینە" و "کەربەلا" و "نەجەف" یش لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەبنە ناوچەی نێودەوڵەتی و ئازاد و داهاتەکەیشیان بۆ هەموو ناوچە هەژارەکانی دنیا و رێژەیەکیشی بۆ ئەو شارانە دەبێ.

زیندووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبزمانە ناعەرەبەکان، فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی و توندرەویی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان تووشی شکست دەکات.ئیتر لەم ئاشتی و ئارامییەی دواییندا رۆڵی

کوردەکان لە چارەسەرکردنی ئاڵۆزیی نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەدا دەردەکەوێ.

کورد بە دروستکردنی "وەفدی دیپلۆماسیی سپی" و بە هۆی بوونی ئەزموونێکی دووسەدساڵەی خەبات بۆ ئاشتی و ئازادی، بە ئەنجامێکی باش گەیشتووە کە دەتوانێ ئارامی و دڵنیایی لە ماڵی خۆیەوە بۆ ئەوانیتر بگوازێتەوەو یەکەمین پێگەی گەورەی "یەکیەتیی کۆنفێدرالی رۆژهەڵاتی ناوین" و یەکەم پێتەختی یەکیەتییەکەیش لە دڵی خۆیدا دابمەزرێنێ.ئیتر چارەسەریی کێشەی کوردیش بە تەواوی لەگەڵ ئەم چارەسەرییە جیهانییەدا دەکرێ. یانی هێزی نەیارانی خۆی بۆ چارەسەریی کێشەکانی خۆی بەکار بێنی و ئەمەیش قۆناغێکی تازەی کاری جیهانییە.دیارە چارەسەریی کێشەی کورد، دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئەرێنییە بۆ لابردنی گرفتەکانی وڵاتانی نەیاری کورد و ئەوانیش ئاسوودە دەکات.

کورد دەتوانێ بەم هێزە تازەیەی خۆیەوە وەفدێکی دانوستانکاری جیهانی دروست بکات و لەم هێزەیش بۆ لابردنی کێشەو ناکۆکی و سڕینەوەی ئاسەواری جەنگ لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی دنیای پاشکەوتوودا کەڵک وەربگرێ.یانی کورد دەتوانێ خۆی وەکو نەوەیەکی تازە و نەتەوەیەکی نوێ لە جیهاندا پێناسە بکات، کە بۆ دوایینجار بناغەی ئارامیی جیهانی لەسەر "هزری سپی"ی ئەو دادەمەزرێ.یانی ئەو توانا خنکاوانەی کورد کە پاش ئیمپراتوورییەتی میدیا و بەسەنتەر بوونی لە دنیای کۆندا بۆ ماوەی سەدەو نیوێک، ئیتر دیار نەمابوون و بنەماکانی فکرەی گریکی یان کرد بە جێگرەوەی هزری میدیایی و دنیای مۆدێرنیان لەسەر بنیات نا، دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە.ئیتر لە پەراوێزەکانی سیاسەت و

ستراتیژیای جیهانییەوە کوردی تازەی نەناسراوی خنکاو لە هەناوی بیرۆکەی هەژموونیخوازی دەوروبەریدا، بۆ دواییینجار لەدایک دەبێتەوەو دەست بە خەباتی بێسنووری خۆی دەکات: لە پێناوی ئاشتی و ئارامیی جیهانیدا.

# با سکاڵایەك لەسەر ئەم جینایەتکارانەش تۆمار بکەین!

بە پێی ئەو رەوتەی پێمانوایە لەم سەردەمەدا پێویستە بۆ ناساندن و تەنانەت تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەوانەی لە کوردستاندا و بە شێوەیەکی زۆر زاڵمانە خەریکی ئێعدام و ئەشکنجە کردنی ئازادیخوازانن، پێویست بوو ئەم هەواڵە بڵاو ببێتەوە کە ناوی چوار قازیی خائینی ناوبردووە ، کە لە کوردستاندا زۆر بە راشکاوی بە بێ ترس خەریکی جینایەتن و زۆربەی ئەو حوکمانەی بەسەر ئازادیخوازانی کورددا سەپاوە، لە لایەن ئەم چەند کەسەوە بووە. ئەم هەواڵەش لە چوارچێوەی رۆشنگەریکردنی زیاتر بۆ ناساندنی روخسارە شاراوەکانی رژێم لە کوردستاندایە و درێژەدەری هەوالەکەی دوێنێی بەڕێز" : هاوار بازیان" ە کە خۆفرۆشێکی خەڵکی پاوەی بە رای گشتی کوردستان ناساندبوو.

ناوی چوار قازیی تاوانکاری هاوکاری رژێم لە کوردستاندا ناوەکانی چوار قازیی جینایەتکاری رژێم کە دەستیان لە ئەنجامدانی تاوانەکان و سزادانی هاوولاتییانی کوردی ئێمە لە رۆژهەلاتدا بووە و لە بەڕێوەبردنی حوکمی سێدارەی چالاکانی کورددا ئەوپەڕی هاوکاریی کۆماری ئیسلامییان کردووە، ئەورۆ وەدیار کەوتن. ناو و بەرپرسی بەڕێوەبەری - یاسایی ئەم قازییانە ئەمانەن:

. قازی گەروسی

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی داد لە پارێزگای کوردستان

. قازی جەوهەری

دادســـــتان دادگـــــاه هـــــای عمـــــومی و انقـــــلاب کردســـــتان داواکـــاری گشـــتی لە داداگاکـــانی گشـــتی و شۆڕشـــی پارێزگـــای کوردستان

قازی خەچەرلوو.

قازی بەڕێوەبردنی تاوانەکان لە پارێزگای کوردستان

قازی رۆستەمی .

قـازی _ لێکـۆڵەری کۆمـاری ئیسـلامی لە دادگاکـانی شـۆڕش و ئیدارەی گشتی ئیتلاعاتی پارێزگای کوردستان

هەر لـەم راستایەدا و بۆ روونبوونـەوەی بـەرچاوی رای گشـتی و بـە هیممـەتـی دۆسـتی بـەڕێز کـاك بێهـزاد، دوو قـازیی دیکـەش بـە لیستەی ئەو جینایەتکارانە زیاد بوون:

**قاضـی حسـن بابـایی دادسـتان سـایق دادگـا ه هـای عمـومی و انقلاب کردستان**

**قاضی حسن طیاری قاضی شعبه ی 2 محاکم عمومی و انقلاب کردستان.**

....................................................

سەرچاوەی هەواڵ : بێهزاد خۆشحاڵی facebook

# دەبێ باس لە کامە بەرە بکەین؟

## هاودەنگییەك لەگەڵ کاك"باباشێخی حوسەینی"دا

دامەزراندنی مەڵبەندێکی گەورەتر لە پارت و لایەنەکان،بۆ خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە تامی تاڵی براکوژی و خەونکوژییان چەشتووە، وەکو ئامانجێکی گەورەی نەتەوەیی لێهاتووە و لەمەشدا خەڵك بۆیان هەیە هێزەکانیان بخەنە بەر رەخنە.
برای گەورەمان کاك "باباشێخ حوسەینی"چەند خاڵێکی هێناوەتە بەر باس کە من تێبینیم لەسەر هەندێکیان هەیە ودەقی ورووژاندنی بابەتەکە بەلامەوە پەسند و جێگای بایەخە.
دیارە ئێمەش وەکو خۆمان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتەکەمانەوە بابەتێکی چەند لاپەڕەییمان بە ناوی "گەڵاڵەیەك بۆ چارەسەریی کێشەکانمان "دابوو، کە بە داخەوە تاکو ئێستاش هەر لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا ماوەتەوە و تا ئێستاش نەمانتوانیوە بە هۆی کۆسپەکانی بەردەممانەوە بیخەینە ڕوو.
دیارە هەمیشە کۆدەنگیی لایەنەکانی بەشدار لە مەیدانی سیاسەتدا ئالتێرناتیڤێکی چالاکی دەسەڵاتی هەژموونیخوازە، ئەمەیش دەتوانێ وەکو دەستپێکێکی باش بۆ داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان و وەکو میکانیزمێکی ئازادیخوازانەو شۆڕشگێڕ لە بەرانبەر دەسەڵاتدا، کاری بۆ بکرێ و خوێندنەوەی هەمەلایەنەی بۆ ئەنجام بدرێ.
دروستبوونی هێمای تەبایی نێوان هێزەکانی ئوپوزیسیۆن بە کردەوە و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی گەورەتر لە حیزبدا، دەتوانێ

لە بەرەو پێشچوونی سیاسەتی ئازادیخوازانەو مافخوازانەی گەلی ئێمەدا رۆڵێکی کارا بگێڕێ و رێخۆشکەری تەبایی نێوان ریزەکانی کورد و هەوێنی سڕینەوەی تەمی نێوان باڵەکان، فراکسیۆن و حیزب و گرووپە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت.

ئەمە خواستێکی گشتیی میللی و ڕەوای، تاك بە تاکی ئەو دڵسۆزانەی نیشتمان وخەڵکی هەڵسووڕی کوردستانە، کە نایانهەوێ لە بەرانبەری چارەنووسی رەشی پەرتەوازەبوونی ریزەکانی خەبات و پرش و بڵاویی دەنگەکانیان، خۆیان مت کردبێ و جەنابی "کاك بابا شێخ"یش یەك لەو کەسایەتییانە بووە کە بە پێویستی زانیوە، ئەو خاڵانە بخاتە بەردیدی ئێوەی بەڕێز.

منیش گەڵایەکم هێناوەتە بەردیدی خوێنەرانی رۆژهەڵات، کە خاڵە سەرەکییەکانی ئەمانەن:

## گەڵاڵەی پێشنیاریی "پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان"

خاڵی سەرەکی و دەسپێکی کار ئەوەیە هەموو هێزەکان دان بە بوونی یەکتردا بنێن.ئیتر دەوری دووهەمی چالاکییەکانمان دەست پێدەکات.

1-- کارکردن بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی ئەو لایەنانەی بە جۆرێك ناکۆکییان پێکەوە هەیە، لە نێوخۆو دەرەوەی حیزبەکانیان.

2—دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی قورس لە نێو لایەنەکاندا، بە لە قاودانی سیاسەتی خراپی ئەو لایەنانەی، کە نایانهەوێ لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لەگەڵ دۆستان دابنیشن، کەچی بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دانیشتن بکەن.

3—ئەگەر هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەو یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبە لەتبووەکان زۆری پێویست بوو، بێجگە لەوەی

دەبـــــێ لە هەوڵەکانمانـــــــدا بەردەوام بـــــــین، لە هەوڵـــــــی دروســـتکردنی(بەرە)یەکی چـــالاکی کوردســـتانیدا بـــین، کە لەوانەیە گرفتـی کەمتـر بێ و بە دروستکردنی لایەنـی پێوەندیدار بەو پرس و کێشـەیەوەو بە سـازدانی سـمینار و دەربڕینـی هەڵوێسـتی لایەنەکـان، دەسـت بە کـارو چالاکییەکانمـان بکەیـن و ئازایـانەو هۆشـیارتر لە جاران هەنگاوی بۆ هەڵگرین.لێرەدا تەنیا تۆزێك لە خۆبوردوویی و دابەزیـن لە گوتـاری پوانخـوازانە پێویسـتە، ئەگینـا کـارێکی ئاسـان و مومکینە

4ــــبا ئەو لایەنانەش کە ئامادەی دانیشـتن لەگەڵ لایەنەکـانی دیکە نـابن، هەڵوێسـتی خۆیـان بە زووتـرین کـات دەرببـڕن، تـاکو خەڵکـی کوردسـتانیش بـزانن، کـێ لەگەڵ وەدیهێنـانی خواستەکانی ئەوانـدایە و کـێ نیـیە(!؟)کە خەڵکـی کوردسـتان هەمیشـە پێیوابـووە، دەبـێ ئوپوزیسـیۆن یەکگرتـوو و هاوهەڵوێسـت بـێ و لە یەك ریـزدا بـۆ بە چۆکداهێنانی دوژمن هەوڵ بدەن.

ئەمـانەیش چەنـدین خـاڵی سـەرەکیی هاوبەشـی هەمـوو حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوون:

1- هەموو خوازیاری ڕووخانی حکوومەتی ئاخووندی -ن.

2- هەمووـیـان نایـانهەوێ چیتـر ، هێـزی گەل بە فیـڕۆ بـڕوات و لانـیکەم بە بەیاننـامەیش بێت دەریـانبڕیوە : حەزیـان لە بەهێـز بـوونی جـــوولانەوەی دێمـــۆکراتیکی نەتەوەییـــیە، بە هەر ئایـــدۆلۆژیایەکی حیزبی یەوە کە هەیانە.

3- هەموویـــان هەوڵیـــان بـــۆ ئـــازادی نیشـــتمان، بەکەم و زۆرەوە داوە.

4- لانیکەم هەوڵدان بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی بە ڕەوا دەزانن.

5- میللەت ئەوەی پێسەلماندوون کە سەرەڕۆیی و براکوژی و خستنە پەراوێزی براکانی دیکە، بۆ ئاسودەیی ماڵی خۆیان، لە قامووسی تێگەیشتنی تازەی جەماوەردا، هیچ مانایەکی نییە و ڕەتدەکرێتەوە.

ئەم پێشنیارانەی خوارەوەیش لامانوایە باش بن:

-- دروستبوونی رۆحی( تەبایی نەتەوەیی ) بە کردەوەو لە چوارچێوەی رێکخراوێکی وەکو" کۆنفێدراسیۆنی هێزەکانی ئۆپوزیسیۆنی رۆژهەڵات"

-- بۆیە لە زاراوەی "کۆنفێدراسیۆن" کەڵك وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆیی هیچکام لە قەوارەکان نەخرێتە مەترسییەوە و بە شێوەی دەورەیی و دێمۆکراتیك کاروبارەکان دابەش بکرێن.

-- دامەزراندنی فێدراسیۆنەکانی کار، بۆ چالاککردنەوەی ئەندامانی کارای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دەتوانن شێلگیرانە بۆ خزمەت بە وڵاتەکەیان هەڵسووڕێن.

-- دامەزرانی مەجلیسی ستراتێژیی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەکو هێزێکی نموونەیی کە خاوەنی ئایین نامەیەکی تایبەت، وەکو یاسایەکی ئاڵتێرناتیف ، بە بێ جیاوازیدانان لە نێوان هێزەکاندا بێت. لەم مەجلیسەدا، کە مەجلیسی نوێنەرایەتیی گەل لە رۆژهەڵات دەبێت( لەگەڵ ئەو پەڕی رێز بۆ ڕای گشتی و دەنگی خەڵك ) بێجگە لە نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان، کەسانی نەتەوەیی و رۆشنبیرانی سەربەخۆی نێوخۆ و دەرەوەش دەتوانن خاوەنی دەنگ و پێگەی خۆیان لەم ئۆرگانەدا بن.

با یاساکانی مەجلیسیش ئەم خاڵانەی تێدا بگونجێ:

1-- دێموکراسی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی تاکە حیزب

2-- بەرژەوەندیی گەل، لە سەرووی حیزب و بەرژەوەندیی لایەنەکانەوە بێت.

3-- حیـزب و بەرە دەبـێ لە خزمەتـی وەدیهێنـانی ئامانجەکـانی میللەتدا پێکەوە هاوکاری بکەن.
4ـــدروستکردنی وەفدێکی دیپلۆماتیك لە هێزە سیاسییە دیار و بەرچاوەکـان و ئەو کەسـانەی خـاوەنی پـێگەی بـاش لە دەرەوەی وڵات، بۆ کاری سیاسی و ئەنجامی چالاکیی دیپلۆماتیکن .
5ـــلەبەرچـاوگرتنی هێـزی رێکـخەرەوە و وریـاکەرەوەی کەسایەتی و سەرۆکەکانی کورد لە باشووری کوردستان، کە بەڵێن بوو، لە بەهاری ئەمساڵدا کۆنفرانسی نەتەوەیی گرێ بدەن و کار بۆ کاراکردنی هێزە کوردییەکان بکەن.

..........................................................................

بۆ هەموو پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بۆ هەموو سەرۆك پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بـۆ هەمـوو تـاکە سـەربزێوو رۆشـنبیر و ئازادیخوازەکـانی وڵاتەکەمان
بۆ جەماوەری کوردستان ، چاودێرانی راستەقینە
لەگەڵ سڵاوی سەرکەوتن و پێکەوە ژیان
لەم چەنـد رۆژەی رابـردوودا چەنـدین رووداوی لێکچـوو و دژبەیەکـیش لە گۆڕەپـانی سیاسـیی کوردسـتاندا روویانـدا و ئەمەش هەم بووە هۆی نیگەرانی و هەم خۆشحالیشیان کردین.
دوو رووداوی دڵخۆشـکەریان " هەوڵـی پێکهێنـانی بەرەی کوردسـتانی بـۆ رۆژهەڵات" و " یەکگـرتنەوەی لایەنە ناکۆکەکـانی نـاو ریزەکـانی (کۆمەڵە) و هێزەکـانی دیکەی کوردستان" بـوون. هەر لە هەمانکاتیشـدا شـەڕی تەبلیغیـی لایەنە گەورەکـانی نـاو گۆڕەپـانی سیاسـیی کـورد بە دژی یەکتـر ، نیگەرانـی کـردین. نیگەرانـی ئەوە بووین کە مەبا هەوڵـی کۆمەڵێك چالاکی سیاسیی کورد کە مـاوەیەکە

دڵخۆش و سەرقاڵی سەرگرتنی ئامانجێکی گەورەی گەلی کورد و کۆمەڵگای خەباتکاری کوردستانن خراپ ببێ.

"پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان" لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بە خزمەتکاری هەموو خزمەتکارێکی ئامانجەکانی گەل دادەنێ، داواکارە کە بایەخ بە کۆمەڵێك پرسی چارەنووسساز بدەین و لەوە بگەڕێین کە زامەکانمان قووڵتر و ئاسوودەیی زیاتریش بۆ مالی دوژمن بە مزگێنی دەبات.

لە راستیدا ئێمە بە بێ ئەوەی نکوولی لە رابردوو و کەسایەتیی هیچ لایەنێکە گەورەو بچووکی ناوگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بکەین، پێمانوایە دەبێ رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

1-واز لەو رابردووە بێنین برینەکانمان قووڵ ئەکەنەوەو رابردوویەك وەبیری گەل بێنینەوە کە کەسایەتیی کورد و شوناسی ئینسانیی خۆمانی پێوە بەرز راگرین.

2- دەبێ هیچ بیانوویەکمان بۆ دوورکەوتنە لە سەرگرتنی ئامانجە مێژوویی یەکانمان نەبێ و بانگەشەی لێبوردن و پێکەوە هەڵکردن بکەین.

3- بۆ ئەوەی رێز لە کەرامەتی خۆمان بگرین، دەبێ هێزەکانی خۆمان بۆ نەمرکردنی هەوڵەکانمان و گەشبینکردنی کۆمەڵگای دڵساردی رۆژهەڵات لە ئاکاری شۆڕشگێڕیی پارتەکانیان بکەین بە هونەری کەسایەتیی کوردی و پارتی کوردیی ئەم سەردەمە.

4- برەو پێدان بە سیاسەتی(براوە – براوە) لە جێگای (بردنەوە – دۆڕان) کە دەبێتە هۆی ئەوە هێزەکانمان بێجگە لەوەی لە یەکڕیزدا نەوەستن، روو لە یەکتر بۆ دژایەتیی یەکتر، زۆربەی هێزەکانمان بەفیرۆ بدەن.

5- دامەزراندنی "مەجلیسی شارەزایان و هەڵسووڕاوانی گەل لە رۆژهەڵات" یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکانی ئێمەیە و لە ئێستاشدا

زۆربەی جەماوەری کورد داوای ئەوە دەکەن، بۆ ئەوەی پێش " دامەزراندنی بەرەی رۆژهەڵات" ئەرکە سەرەتاییەکان و ئاسانکارییەکان جێبەجێ بکەن.

6- بە پڕۆسەکردنی "ئاشتی هەمیشەیی بۆماڵی کورد" ئەرکی هەنووکەیی ئێمەیە.

تکاتان لێدەکەم ، لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانتاندا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و لە هەمانکاتیشدا رێبەرانەی خۆتان بنوێنن.

خزمەتکاری بەرژەوندییەکانی ماڵی کورد
سکرتێری"پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان"

# بەرەی چارەسەریی کێشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

فارسەکان ئازاتر بوون ولانیکەم کۆنگرەیەکیان لەو بارەیەوە بۆ نزیکبوونەوە و دروستکردنی کۆدەنگییەك سەبارەت بە داهاتوو پێکهێنا.ئێمەش دەبێ هەرچۆن بووە لایەنەکان بێنینە سەر مێزی دانووستان. چونکا زۆربەمان حازرین لەگەڵ دوژمندا دانووستان بکەین، کەچی نازانم بۆچی لەگەڵ خۆماندا هێندە دڵڕەقین! من هەوڵم داوە شێکارییەك بخەمە بەر دەستی هەموو رای گشتی و دواتر هەوڵەکانیش دەدۆزمەوە.

<u>چۆن کەرامەتی گشتیمان گەشە پێبدەین؟</u>

ئیرادەی گەشەپێدانی گشتی ( General Actualizing Tenedency) کە لە هەموو بوونەوەراندا هەیە و ئیرادەیەکی خۆرسك لە ئۆرگانیزمدایە بۆ گەشەی هەموو تواناکان، بە شێوەیەك کە لە خزمەتی پاراستن و بردنەسەرەوەی ئاستی ئۆرگانیزمدایە..."1...دەتوانرێ وەکو نموونەیەکی خۆبەڕێوەبەری و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا و تەنانەت گەشەپێدانی خەبات و چالاکیی نەتەوەیی و مافخوازانە کەڵکی لێوەربگیردرێ.
گەشەپێدان بە گشتی خاوەنی چوار تایبەتمەندییە و دەکرێ بەو پێیە ئێمەش دۆزی خۆمانی پێ سەربخەین.ئەو چوار تایبەتمەندییەش ئەمانەن:

1- "گەشەپێدان ئۆرگانیزمی یە. یانی ئامادەبوونی بیۆلۆژیکی ، سروشتی و ناوەکی لە تەواوی بوونەوەراندا هەیە.
ئەم بەشە پێمان ئەڵێ: ئەگەر لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکاندا ڕاوەستین، تووشی پارادۆکس دەبینەوە و بەم شێوەیە وەکو لایەنێکی کوێر دەبینرێین.
2- ڕەوتێکی چالاکە "و پێشگرتن لەو چالاکییەش ئەستەمە.ئەمە ئەو تایبەتمەندییەی ژیان و ئۆرگانیزمە، کە ناهێڵێ هیچ دیکتاتۆرییەتێك ئەبەدی بێت و هیچ پاوانخوازییەك هەتا سەر بمێنێ.
ئەوەی لێرەدا وەکو وانەیەك فێرمان دەکات : وانەی دێمۆکراتییەت فرەچەشنی و ئاڵۆزنەکردنی ژیانە لە ئۆرگانەکانی دیکە.
3- لایەنی ئامانجدار و بەرنامە پێدراوی هەیە.
ئەم خاڵە بابەتی سەرەکیی ئۆرگانیزمە. یانی کەس ناتوانێ ئۆرگانیزمی ژیان تێك بدات و دووکەڵەکەی لەچاوی خۆیدا نەبینێ.
4- لایەنی هەڵبژێرراوی هەیە.(2) ئەمە یانی تەنانەت ئۆرگانیزم ئەو دیموکراسییەتەی تێدایە کە ئیجازە بە تاك و کۆ دەدات: یان لەگەڵ تێکداندا بمێنە و خۆیشت بمرە. یان لەگەڵ ژیانی هەتاهەتاییدا بمێنەوە و بژی!
بەڵام لایەنێکی تایبەتی ئینسانیش هەیە، کە لایەنی (خۆ – گەشەپێدان (3) ی پێدەڵێین.
ئەم شێوازەش لەگەڵ کرداری گەشەکردووی سەرکەوتوودا ، پێوەندیی بە چەند لایەنێکەوە هەیە:
1- خۆ- گەشەپێدان دەبێتە هۆی ئاوەڵایی و کرانەوە سەبارەت بە ئەزموونەکان. یانی دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بەرەو پاڵنەرەکان، ناسیاری و تێگەیشتنە تاکەکەسییەکان ئامێز ئاوەڵا بکەین.

2- تاکی (خۆ - گەشەپێدەر) بە شێوەیەکی زیندوو دەژی. واتە بە شێوەیەکی ئیرادی کار دەکات و بە تەواوی لەگەڵ( کات )دا سەروکاری دەبێ.واتە لێرەو لە ئێستادا دەژی.

3- تاکێکی (خۆ - گەشەپێدەر) متمانەی زیاتری بە کرداری ئۆرگانیکی خۆی هەیە و بە شێوەی کەسێك کە پەیامی حەقیقەت (سرووش و ئیلهام) ی پێگەیشتووە، پێش لەوەی زانیارییەکان تاوتوێ بکات، ئەو کار و ئەرکەی پێیوایە دروستە بەڕێوەی دەبات. (4)

لێرەدایە کە تاکەکانی ئێمە ئەو دنیا جاڵجاڵووکەیی و دێمۆکراتیکەی ئێستایان کە لە سیستەمی جیهانیی گەشە کردوودا دۆزیویانەتەوە بۆسیستەمە دواکەوتوو و پیاوسالار و خۆسەپێنە حیزبی یەکانی ئێمە تێك نادەن. زۆربەیان بە بچووکترین دەرفەت باڵ دەگرنەوەو دەفڕن. ئەمە ئێمەی لە قەڵای ئاسنینی خۆماندا بەرەوڕووی پرسیارە قورسەکان کردووەتەوەو بە تەنیاش نەمانتوانیوە وەڵامی بۆ بدۆزینەوە.

ئەمانە هەمووی بۆ ئەوە بوو، کە پێداچوونەوەیەك بە خۆماندا بکەین و ئامانج و پلانەکانمان وەك ئۆرگانیزمێکی هەنووکەیی ئامانجدار بکەین و لە ئێستادا و بەرانبەر بە کاتەکان و تایبەتمەندیی ئەو دەمەی تێیدا دەژین هەڵوێست بگرین.

"برایان ترەیسی" لە یەکێك لە یاساکانی خۆیدا ئەڵێ" هەموو هۆکار و دەرئەنجامەکان فکرین. بیری ئێوە دەبێت بە راستەقینە. فکرەکانی ئێوە خولقێنەرن. ئێوە دەبن بەو شتەی کە زۆرتر لەبارەیەوە بیر دەکەنەوە.بە بەردەوامی لەو ئەو شتانە بیر بکەنەوە کە خوازیاری ئەوانن و لە بیرکردنەوە لەو شتانەش کە خوازیاری نین دووری بکەن."

کەوابوو لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە... ئایا ئێمە تاکو ئێستا بەڕاستی بیرمان لە یەکخستنی هەڵوێستەکانمان و وەسەریەکخستنی هێزەکانمان کردووەتەوە؟ دڵنیام ئەگەریش کرابێتەوە زۆر لاواز و بەرتەسك بووە.چونکە تا ئێستا بە هیچ ئاکامێك نەگەییوین.
پێموایە ئەگەر بەم پرسیارەوە دەست پێبکەین زووتر بە ئاکامێکی لۆژیکی (مەنتقی) دەگەین.
ئایا ئەوەی دەکەین، بۆ کوردە؟
کەوابوو با لەگەڵ داواکانی گەلدا بڕۆین! داواکانی گەل لەم قۆناغەدا چین؟ تاکو ئێستا چۆن ژیاوین؟

"سیاسەتی دۆستانە لە جێگەی سیاسەتی دوژمنکارانە بۆ نێوخۆمان"

"روانینی پۆستمۆدێرن بۆ کاری سیاسی، وەکو شتێك کە ئەتوانێ لە سادەترین و سەرەتاییترین ئاستەکاندا رووبدات"روانگەیەکی تازەو هەنووکەیی¬یە.
پۆست مۆدێرنەکان پێیانوایە بۆ ئەوەی بتوانین لەشێوازی سیاسەتی ئێمڕۆژی تێبگەین،" دەبێ لە گشت کۆمەڵگا وەکو وێنایەکی یەکپارچە نەڕوانین، بە پێچەوانەوە زۆرتر لە جاران، سەرنجی شتە بچووك و لە رواڵەتدا بێبایەخەکانی ژیانی خەڵکی بدەین". بەم شێوە روانینەوە دەتوانین لە ئاستێکی بەرینتردا و بە بەشدارییەکی زیاترەوە ژیانی دووتوێی پەراوێزەکانی کۆمەڵگایش پێناسە بکەین و خۆمان بە مەعریفەی تازە ئاپدەیت بکەین.لەوانەیە ئەم رستەیەی خوارەوە پڕ بە پێستی دۆخەکە بێت:"لە جێگای رۆحی بە هەڵە یەکپارچە وەسفکراوی سەردەمی ئێستا، تۆپەڵێکی گڵۆڵەکراو لە حەزو پەرۆشییەکان و حیکایەتگەلی پەنگ¬خواردوو و دژ بە

یەکتــر دەبینــنەوە. "ئەمەیــش ئەو شــتەیە لە تێگەیشــتنی سیاســەتی کوردیدا ڕەنگدانەوەیەکی -تا ئێستا- محاڵی بووە." (5)

چونکــا ئــێمە لە سیاســەت و کەسایەتیشــماندا داگیرکــارین و حەسێبیش بۆ شتە بچووکەکان ناکەین.

لە کاریزماوە بۆ کەسایەتی و پڕەنسیپی خزمەتگوزار

یەکێــك لەو ڕەوشــتە خراپــانەی ئــێمە ئێســتا و لەو ســەردەمی جیهــانگیری و بەجیهــانیبوونی پڕەنســیپەکانی دێمۆکراســییەدا وەکــو یادگــارێکی ســەردەمی کۆن هێشتوومانەتەوە ، سیاسـەت و کەسـایەتیی لە لــووتکەدا مــانەوەو کاریزمــاتیکە. کەســایەتییەك کە دەمــانەوێ دروستی بکەین و دەنگی پێبدەین دواتر هەموو ئیرادەکانی کۆمەڵگا بـۆ خـۆی وەردەگـرێ و ئەمە لە کاتێکـدایە کە ئیـرادەی کاریزماتیـك ئیرادەیەکــی خۆســەپێن و ئیــرادەی دێمــۆکراتیکیش ئیرادەیەکــی گەورەی ئینساندۆست و بەڕێز و خزمەتگوزارە. یانی لە ئیرادەیەکی کاریزماپەســندەوە تەنیــا دیکتــاتۆرییەت و یەکدەســتکردن و لە ئیرادەیەکـی دێمـۆکراتیکەوە ئـازادی و فرەڕەنگـی و حـورمەتگرتن لە مافەکــان بەرهەم دێــت. کەوابــوو ئــێمە دەبــێ پێــداچوونەوەیەك بە سیاسەت و کەسایەتیی خۆماندا بکەین.

ئۆرگــانیزمی کــار و بەڕێــوەبەری: لە خۆســەپێنی یەوە بــۆ وەڵامدەرەوە

یەکێك لەو فۆرم و نۆرمانەی کە ئێستا لە ڕۆژئـاوادا بـووە بە بـاو ، بەردەوام دروسـتکردنی گۆڕانکـاری و لێپرسـینەوە و بەدواداچـوون و خۆ – فێرکردنەوە و خۆ – داڕشتنەوەی مرۆڤەکانە.

له راستیدا له رۆژئاوا بۆ ئەوەی کەسایەتیت هەبێ دەبێ رەچاوی کۆمەڵە خاڵێك بكەیت، کەچی لای ئێمە نابێ گوێ بدەی بە داواکانی لایەنی بەرانبەر و ئەمەش هەر ئەو (عەقڵی دەسەڵات)ە پێکی هێناوە ، کە تەنانەت ژیانی رۆژئاوا و سیستەمی (دەسەڵاتی عەقڵ) ی ئەوان دێنێتە ژێر پرسیارەوە و خۆی لەوان بە زیاتر دەزانێ. ئەمە یەکەمین پیرۆزییە کە لە ناو ئێمەدا بووە بە پرەنسیپێکی ئەخلاقی و پڕ متمانە و کاری پێدەکرێ و وەك یاسایەکی نەنووسراو پەیڕەو دەکرێ، کەچی ئێمە بۆ ئەوەی لەو بازنەی رەنجەی ئێستامان دەربچین دەبێ ئەو پیرۆزییە بشکێنین.کەوابوو لە حیزبی خۆسەپێن و داگیرکارەوە دەبێ بۆ حیزب و لایەنی خزمەتگوزار بگۆڕدرێین.ئەمە داوای راستەقینەی گەل و زەمەنە.

دەبێ پێداچوونەوەیەك بە کردارو پێوانەکانی خۆماندا بکەین، ئەگەر سەرنەکەوتووین کێ بە تاوانبار بزانین: خۆمان یان دەستی دەرەکی؟

له راستیدا هیچ دەستێکی دەرەکی بە رێژەی تاکێکی سەرکردایەتیی پارتێکی سیاسی کوردی کە ناهێڵێ ئێمە پێکەوە بژین و خەبات بکەین، مەترسیی بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد نییە.

هەموو هەڵسەنگاندنەکانی تاك، لە کرداری ئۆرگانیزمی و پێوەندییە ئینسانییەکانی خۆیەتی.(6)

لێرەدایە کە پێوەندییە ئینسانییەکانمان و پێوانەکانیشمان دەبێ بێنینە ژێرپرسیارەوە.دەبێ گەسکێکی باش لە ناوماڵی پێوەندییەکانمان بدەین. لێرەدایە کە ئەرکی کەسایەتیی گەورەو رێبەر و مامۆستا و رۆشنبیر قورستر دەبێت و ئەوان دەتوانن بە پشوودرێژی و لێبوردەییەوە چارەسەری کێشەکان بکەن.یانی ئەگەر ئەوە نەکەن زۆرتر وەکو کایەی منداڵانە کاروباری سیاسییان کردووە، ئەوە نییە ئامریکا و ئیسڕائیل بەو هەموو سووربوونەیان لەسەر

بەرەپێشبردنی ئامانجەکانیان کەچی باوەڕیان بە دانیشتن تەنانەت لەگەڵ سەختترین دوژمنانیان (قاعیدە و تالیبان و ئێران و...) هەیە. کەچی ئێمە حازر بە دیالۆگ لەگەڵ برایانی خۆماندا نین.

کورد خوازیاری تەبایی نێوان قەوارەکانیەتی !

کورد شەڕی نێوخۆ پەسند ناکات!

کەوابوو ، دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر دوو بەرەی جەنگدا، چ مەبەستێك دەپێکێ؟

ئەمە قەیرانی پارتە شۆڕشگێڕەکانە یان دابەشکردنەوەی جوغرافیا و هێز و شار و کۆمەڵگا بە گشتی؟

ئەمانە چەند پرسیارێکن کە وەڵامیان نەدراوەتەوە.

کە وابو ئێمە چۆن بتوانین لەو گەمارۆ ئەبەدییەی تێیکەوتووین، خۆمان دەرباز بکەین، لە کاتێکدا حازر بە قبووڵکردنی خۆمان نین؟

دیارە هەر ئەمەشە بووەتە هۆکار کە هیچ حەسێبێکیان لە کیسەی تازەی کۆنگرەی فارسەکاندا بۆ ئێمە نەکرد.

لە راستیدا کۆمەڵگا داوای خەباتی یەکگرتووانە لە ئێمە دەکات لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش هەرکامیان هۆکریی خۆیان بۆ لایەنەکان ناشارنەوە. ئەمەش دێمۆکرات بوون و پێشکەوتنی بەرچاوی کۆمەڵگاکەمان وەدیار دەخات کە هێزەکانمان نەیانبینیوە.

ئاراستەی سیاسەتەکانی ئێمە ئاراستەیەکی نادێمۆکراتیکە و ئاراستەی کۆمەڵگاش ئیمڕۆژی و ئەمەش وادەکات کۆمەڵگا بە پیر داواکانمانەوە نەچن. گۆڕینی رەوشتی سیاسیی نا – چارەساز، لە ئێستادا گەورەترین خەمی ئۆپۆزیسیۆنی وەڵامدەرە. کەوابوو دەبێ ئاراستەی خەبات و تەنانەت هاوپەیمانانمان بگۆڕین، کێ دەیەوێ دۆستایەتیمان بکات دەبێ ڕێزی لێبگرین، کێ زیاتر دوژمنی دوژمنمانە دەبێ ببێ بە دۆستی ستراتێژیکمان و لەم خاڵە گرنگە خۆمان نەشارینەوە.

کۆنگرەی سێکۆلارە سەوزەکان و چەند قسەیەك

زانای بەناوبانگ "ئەنیشتەین" دەڵێ "ئەم جیهانە بۆ ژیانکردن زۆر ترسناك بووە، ئەمەیش بە هۆی ئەو کەسانەوە نییە کە بەدکاری ئەکەن، بەڵکو بە هۆی ئەوانەوەیە کە خۆیان دوورەپەرێز ئەگرن و وازیان لێدێنن بەدکاری بکەن" 7
لێرەدایە پرسیارێکی تازە دەخولقێ: ئایا ئێمە بە زۆری لە دوژمنان و نەیارانمان نەگەڕاوین کە بەرانبەر بە ئێمە بەدکاری بکەن؟
چەند رۆژ لەمەوبەر "کاك مستەفای هیجری"وەڵامێکی بۆ کۆنگرەی سێکۆلارە سەوزەکان نارد و نامەیەکی ئاراستە کردن.من هیچ پێداچوونەوەیەك بە رەخنە و پێشنیارەکانی جەنابیاندا ناکەم چونکا مافی خۆیانە لەهەر شوێنێکدا قسە لە سەر چارەنووسی نەتەوەیی ئێمە بۆ داهاتوو بکرێ، هەڵوێستی شیاوی خۆیان دەرببڕن.کێشەکە لێرەدا دێتە ئاراوە کە لە چەند ملیۆن کەسایەتی و کەسی کوردی ئێرانیدا تەنیا یەك تاکە کەس هەڵوێستی پیشانداوەو هەموومانیش پێکەوە هێرش دەکەینە سەر هەڵوێستەکانی جەنابیان. ئایا کێشەکە لە خۆمانەوە نییە کە تاکو ئێستا گوتار و ئۆرگان و پرەنسیپ و ئاکارێکی یەکگرتووی وریایی بەخش و رۆشنکەرەوەمان لە ناوخۆماندا دروست نەکردووە و سەرمان کردووەتە وێزەی یەکتر و ناهێڵین ئەو رەوتەی ، گەل چاوەڕوانی لە ئێمە دەکات گەشە بکات و ئێمەش نوێنەرانمان لە هەموو شوێنە ستراتێژیکەکاندا هەبێ؟
دڵنیام ئەو کۆنگرەیەش ئەگەر بە هەڵوێستی پەرتەوازەی ئێمە بزانێ هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەی نێوان نەتەوەکانی ئێران پێشکەش

ناکات. ئیتر لێرەدایە بەڕای من دەبێ هەموومان بە هەموو ڕەخنەو پێشنیارەکانمانەوە لەو جۆرە کۆنگرانەدا بەشدار بین و بایکۆتکردنی کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و ئۆپۆزیسیۆنی ڕەسەن بە باش نازانم. خۆ لەوانەیە دەنگی ناسازیش لەو کۆنگرانەدا ببیسترێ و دژایەتیی مافەکانیشمان بکرێ، کەچی کۆدەنگیی لایەنەکانمان دەبێتە هۆی سستکردنی بڕیاری لایەنە پاوانخوازەکان.

"شێوازی کردەوەی ئیمە هەمیشە لەگەڵ بنەڕەتیترین بایەخ و باوەڕەکانماندا خۆیان ڕێکدەخەن.

" بەراستی ئەوەی ئەو بایەخانە دەردەخات کە ئێمە بڕوامان پێیانە تەنیا قسەکانی ئێمە نییە، بەڵکو کردەوە و هەڵبژاردنەکانی ئێمە و بە تایبەت ئەو بژاردانەن کە لە کاتی تەنگانە و تووڕبووندا دەریاندەبڕین." **8** یانی ئەگەر باوڕمان بە ئازادی هەڵبژاردن و گەورەیی ماف و کەرامەتی ئینسانیی نەتەوەکەمانە دەبێ باوەڕمان بە دێمۆکراسی و مافەکانی لایەنی بەرانبەریش هەبێ ئەو دێمۆکراسییەش کە ئێمە پەیڕەومان کردوە مەبەستی من نییە، بەڵکو ئەو دێمۆکراسییەی فۆکۆیاما باسی دەکات: "بەڕای من دێمۆکراسی تەنیا دەسەڵاتی زۆرینە نییە، بەڵکو سیستەمێکە کە پابەندە بە فرەیی و بەردەوامبوون و درێژەدان بە هەڵبژاردن."9

ئەگەر ئێمەش باوەڕمان بە گەورەیی زاتی خۆمان و خزمەتکاربوونی سیاسەتەکانمان هەیە، دێینە ناو بەرەیەکی یەکگرتووەوە و دەنگی بەردەوامی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناو هۆڵەکانی بەرە بەدەست دێنین.

لێـــرەدا پـــۆلێن بەنـــدییەکی نـــاو هێزەکـــانیش هەیە کە پێویســـتە ئاماژەیان پێبکەین:

## 1- پارێزگارەکان

- حدکا
- حدك
- پژاك
- کۆمەڵە – کۆمۆنیستەکان
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- رێکخـــراوی خەبـــاتی شۆڕشـــگێڕی کوردســـتان (کـــاك مەلا حامید)
- سپای رزگاری

## 2- رێفۆرمیستە نوێیەکان

- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- یەکیەتی دیمۆکراتی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی سەربەستی کوردستان
- کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدێمۆکرات
- پارتی ئازادی کوردستان - پاك
- پارتی ئازادی و دێمۆکراسی کوردستان - پادك
- یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

- ڕەوتی سۆسیالیستی – کۆمەڵە
- پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان

زۆر بە داخم کە کێشەکانم بەو شێوەیە و بە ڕوونی بینیوە و باس کردووە، کەچی کەس بە شەففافی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ نەگرت. بە داخەوە ئەو دوو ڕەوتە لەناو ئۆپۆزیسیۆندا هەن و دەشتوانین کاری یەکخستنەوە و پێکهێنان دەست پێبکەین، کەچی دەشتوانین لە دوو بەرەی (ریفۆرم و پارێزگار) دا ئێمە کۆببینەوە و کارو بارەکان دەست پێبکەین. ئەمەش دەتوانێ سەرەتایەکی باش بۆ یەکگرتن بێت.

..............................................................

**سەرچاوەکان**

1 و 2 و 3 و 4 و 6 و8: مجموعه مقالاتی از "راجرز" روانشناس شخصیت

5 و 7 : کتێبی "نەوەی سپی: خوێندنەوەیەکی ئێستایی بۆ کورد و حیکایەتە جیاوازەکانی سەردەم" ن: عەلی زیرەك

9: مجموعه مصاحبەهایی با فوکویاما

دڵخۆشت کردم... بەوەی دەیکەم!

# دوايين پەيامی سەرهەنگ "چيای كوردستان" بە ريوايەتی ئينتێرنێت!



رێزدار كاك عه لی

روژتان باش

پيامه كتان ئه ونده جوان و پر خاتره بو ، گه به راستی ماندوی حه ساندمه وه

سوپاس بو خوت و پارتی ليبرال

چيای كوردستان"

ئەمە دەقی نووسراوەكەی جەنابيان بوو كە بە ئەمانەتەوە لای من پارێزراوە.

لە مێژ بوو هەناسەی گەرم و دڵی گەورەو سێبەری كەسايەتييەكی ونكراو، ناوی خەباتكارێكی بەرز و پڕ ورەی شاخ و

دۆڵەکـانی کوردسـتان، تەنیـا ناوێـك "سـەرهەنگ چیـا"م لە زەینـدا هێشـتبووەوە، کە بە شـێوەیەکی زۆر لە ناکـاو، لە ئیمەیڵـی یەکێـك لە دۆسـتاندا نـاوی بەڕێزیـانم بەرچـاوکەوت و بە بـێ ئەوەی دوودڵـی پیشان بدەم ، یـاد و بیرەوەرییەکـانی و شێوەی خەبـاتی شەستەکانیم بۆ نووسـییەوە، ئەوانەی مـن هەڵمگرتبـوون، سـەبارەت بە خەباتکـارێکی گەورە باسـی بـکەم، چەنـد رسـتەیەك بـوون : پـڕ لە ئەمەگ و وەفاداریی نەوەی تازە بۆ نەوەی پێش خۆی.

چەندین ئیمەیڵمـان پێکەوە ئـاڵوگۆڕ کـرد و دوو بابەتیـان بە زمـانی فارسـی بـۆ نـاردم، کە ئێسـتاش هەر لە لام وەکـو تـاکە یادگـاری ئەو هەڵۆ نیشتمانپەروەرە سەربەرزە ماوەتەوە.

**١ ـ آنها کیستند؟**

**٢ ـ قلم فروشان**

دوو بـابەتی رەخنەگـرانەی تونـد و ... لە هەمـووی ئەو شـتانەی تێیاندا بینیم، چەند رستەیەکم بەدڵ هەڵگرت و پەیامێکم بۆ ناردەوە.

" بەرێز و خۆشەویست کاك سەرهەنگ چیا!

ئێمە یەکێك لەو خـاڵانەی لە بەرنامەکەماندا لەبەرچاومـان گرتـووە ، رێزگـرتن لە خەبـات و مانـدوو بـوونی ئەو کەسـانەیە کە بە پێـی بـارودۆخی سیاسیی کۆنی کوردستان تووشـی زیـانی گەورە بـوون و لەو راستایەشدا خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین.

دڵنیـا بن نەوەی تـازەش قسـەی سـاڵی شەستی جەنابتـان وئەو هێزە ئەکتـــــیڤەی قەرار بـــــوو پـــــارتێکی پێشـــــکەوتنخوازی خزمەتگوزارپێشکەش بە گۆڕەپـانی سیاسیی کوردسـتان بـکەن لەبیـر ناکەن(*)

ئـــێمه له راســـتیدا درێـــژەدەری رێگـــای روونـــاكبیران و كەسایەتیگەلی وەك جەنابتانین كە بوونە قوربانیی رێكەوتنی نێوان هێزە دژهوونەكانی رۆژهەڵات كە هەرگیز نەیانهێشت خەڵك پێكەوە بن و خۆیشیان هیچكات یەكیەتی و برایەتییان لە ناو كورددا رەواج نەدا.

ئێمە هەموومان وەك نەوەی تازەی خەبات خزمەتكاری ئامانجە ئینسانییەكانی ئێستا و رابردووی جەنابتانین..

تەمەندرێژ و سەركەوتوو بن"

لە وەڵامی نامەی كۆتاییمدا باسی لەوە كردبوو، كە ماوەیەكە تۆزێك نەخۆشم و دەڕۆم بۆ سەفەر و هیوادارم پاش گەڕانەوەم زۆرتر پێكەوە لەسەر داهاتوو بدوێین.

نەگەڕایەوە بەڵام ژێنراڵە پیرە-هیوادارەكەم ، من پەیامی تۆم بە ئەوپەڕی هەوڵەوە بۆ داهاتووی نەوەكانی كورد نووسییەوە!

ئەو هیوای هاتنە دی ئاوات و خەونەكانی گەلەكەی(بۆ هە تا هە تا) بوو.

ئەگەرچی ئێمە هێزێكی ئەوڕۆیی و سەر بە نەوەیەكی پاش جەنابیان بووین، بەڵام لەبەرانبەر ئیرادەو كەسایەتی و كۆشش و حورمەتی ئەو بەڕێزەدا، رستەیەكمان هەڵبژارد كە پڕ بە پێستی هەموو زەمەنەكان بێت: رێز لە تێكۆشانی هەموو نەتەوەپەرست و وڵاتپارێزێك دەگرین و سەری كڕنووش بۆ ئەو ئیرادە لە بڕان نەهاتووانە دائەنەوێنین، كە هەرگیز لە بەرانبەر دوژمنانی ئازادیی گەلەكەماندا چۆكیان دانەدا.كە مردن وەكو هەڵۆ... لە ئاسمانی دووری... دوور لە وڵاتەوە هەواڵی كۆچی خۆیان دەنێرنەوەو ئیدی نامرن!؟

ڕۆحیان شاد و سەرەخۆشیی خۆم و هاوڕێیانم لە بنەماڵەی بەڕێزی "چیای کوردستان" ئەکەم.

........................................................

کاك چیا دامەزرێنەری "پارتی پێشڕەوی کوردستان" و کەسی یەکەمی ئەو پارتە خنکاوە بوو، کە کەس نازانێ چۆن لە بیرەوەریشدا سڕدرایەوە.

# ئێستا کە کورد هێندە حەزی لە خەباتی چەکداریە، بۆ چەکەکانیشی نوێ ناکاتەوە؟

دنیای ئەمڕۆمان دنیای چەکە هەرزانەکانە. ئەو کەرەستانەی بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەیاراندا پێویستن، بە شێوەیەکی زۆر سەیر قیمەتیان لە خوارەوەیە و هەموو کەس دەتوانێ بەدەستی بێنێ. وڵاتانی پاشکەوتووی جیهانی سێهەم : عەرەبەکان و پاکستانی و بەنگالی و ئافریقاییەکان ، خەریکن خەریکن خۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەگونجێنن.
ئەوان بۆ بەدەسهێنانی مافەکانیان لە تویتێر و فەیسبووك و ... کەڵك وەردەگرن، کە راستەوخۆ لەگەڵ یەکتر گرێیان دەدات.
بەداخەوە زۆربەی رووناکبیران و تەنانەت سیاسییەکانی ئێمەش ئەو شێوازە بە پەسند نازانن و زۆربەشیان کارکردن بە فەیسبووك بە عەیب دەزانن.ئەمەش مەودای نێوان نەوەکانی ئێنتێرنێت و پاشتری زۆر کردووە.تەنانەت پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و دنیابینیی کۆنی هێناوەتە ژێرپرسیارەوەو پێوەر و یاسای تازەی خولقاندوە.
زۆر یەك لە کەسایەتییە سیاسییەکانیش دەستیان کردووە بە خۆگۆڕین، بەڵام تەنیا رواڵەتیان تازەیە. لە ماڵپەڕ و پەیجەکانیاندا نازانن ئیش بکەن و کەسانی گەنج و تازە پێگەیشتوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەندێشەی کۆن بەکار دێنن ودەیانهەوێ هێندێ کاتیش ئەو گەنجانە زمانحاڵی ئەوان بن. ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ کورد ناوەتەوە.

ئەوەی تازە باسی خۆنوێکردنەوە لەگەڵ ئەوەی رابردوودا ناکەن. بە تایبەت ئەوانەی بەرگری لە بیرۆکەی سووتاو ئەکەن، کە لەوانەیە ئەم شەپۆلە نوێیە ئەوانیش لەخۆوە بگلێنێ!؟ ئێمە بەم دواییە بە چاوانی خۆمان بینیمان کە فەیسبووك و تویتێر بوون بە چەکی گەرمی خەڵکانی پێشکەوتنخوازی نادیار و خنکێندراوو... هەر بەو چەکانەش دنیایان لە دیکتاتۆرەکان تاریك کرد.

هەڵاتنی "بن علی" و تەسلیم بوونی "موبارەك"و دیکتاتۆرەکانی داهاتووش: قەززافی و خامنەیی و ئەسەد و ...) بەرهەمی ئەم شۆڕشەی "ئەوەی سپی" ن.

ئەوەیەك کە تەمەنیان و سامانیان و دەسکەوتیان کەم و خۆیان هەموو شتن: داهاتووی وڵات و بەڕێوەبەران و داهاتیش.ئەوانەی پابەندی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی نین و ئایدیای سیاسیی رابردوو پلان و ئامانجی بۆ دیاری نەکردوون.

لە راستیدا ئەوانە "سەرکردە گەنجەکان"ن ، کە مێژووی جیهانیشیان دوولەت کردووە: پێش ئەوان و پاش ئەوان. ئەو شۆڕشانەی ئەمان دەیکەن، بە پارەی ناو خەزێنەی هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی کلاسیك رێکنەخراوە.

بە پارەی رۆژانەی گیرفانی گەنجانی (15 تا 35) تاکو ئێستا کۆڵەکەی دەیان حکوومەتی سامناك لەرزۆك کراوەو بۆی هەیە بە کەمتر لەوەش حکوومەتی خەونەکانی ئێمەی کوردیش (نە تەنیا لەسەر نەخشە تازەکەی گووگڵدا) بەڵکو لەسەر عەرزی راستەقینەی کوردستان بنیات بنرێ.

بە هیوای دانانی "فەیس کورد"ەوە ئەم بابەتەم نووسیوە. بۆ ئەوەی ماڵی کورد بە شێوەیەکی دیمۆکراتیك، کە کەس نەتوانێ مافی ئەویدیکە و دەسەڵات ودەرفەتی بەردەم کەسانیتر خراپ بکات،

شێواز بگرێت. و بۆیە داوام وایە تێزەکانی (ئەفلاتوون و مارکس و فۆکۆ و دریدا و لیۆتار و...) وەلا بنێین.هەموویان لە رابردوودا مەنزڵیان کردووە و کەسیشیان بۆ"کۆتایی جیهان"ی شەڕ و ئاژاوە زەبەلاحەکان و دنیای پاش ئەو، شتێکیان نەنووسیوە.

نووسینەکانیان پێوەندیی بە دنیای "پێش کۆتایی جیهان" ەوە هەیە و بۆ نەوەی ئێستا ناتوانن شتێك بڵێن. چونکا نەوەی ئێستا دەیانەوێ فەلسەفەکانیان لە وشە و رستە بکوژەکان ئازاد بکەن.لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا شاعیر جێگای نابێتەوە و "نەوەی سپی"یش هەموو شاعیرن. ئەوان شێعری ئازادی و بەختیاری بە شێوازێکی دیکە دەهۆننەوە. "مارکس" دنیای کردبوو بە کرێکار و دنیای ئێستاش هەمووی لە کرێکاربوون بێزارن. هەموو دیانەوێ مرۆڤ بن. "نیچە" بە خەونە شێتانە و رستە نایابەکانیەوە ، دنیای پێش خۆی شێواند و زۆر حەقیقەتی گەورەی لەگەڵ خۆیدا رشتە نێو زبڵدانەوە، کە هەموویان داگیرکارییان کردبوو بە پیشە.کەچی "نیچە"ش لەم دواییانەدا مرد(!) و ئەدەبیات و فەلسەفە لە دەستی دەستەبژێرەکانەوە، گواسترایەوە بۆناخی خەمەکانی جەماوەر و ... دنیای تازە و هەوای تازە و فەلسەفەی تازە لە دایك بوو. بۆ دنیای ئەمڕۆ تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن خوێنەر و گوێگریان هەبێ ، کە هەموو چرکە و رۆژ و ساتێك خۆیان ئاپدەیت دەکەنەوە.بە پێی زەرووڕەتەکان گوتارەکانیان دەگۆڕن و جلوبەرگی تازە لەبەر دەکەن و دەروونیان لە رابردوو دەپاڵێون. رابردووی ئێمەش لە راستیدا پڕ لە شکست ونەهامەتی و تووڕبوون لە یەکتر وبێزاربوون و کات کوشتن و خۆکوژی بووە ، ئیتر پێویستە سەعاتی سفر بۆ بەجێهێشتنی رابردوو دیاری بکەین و رابردوویەکی چاکتر (لەم چرکەیەوە کە تێپەڕ دەکات) بە ئێستایەکی پڕ لە جوانی یەوە بنیات بنێین.

# ڕووداوەکانی ئێران چی ئەڵێن؟

لە کاتێکدا دنیا بە قۆناغێکی ئێجگار هەستیاردا تێپەڕ دەکات، کە شۆڕشێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بە دژی سیستەمی داخراوی حکوومی و سیستەمی لاسار هاتووەتە ئاراوە. شۆڕشێکی بێوێنە لە تەمەنی شارستانییەتی مرۆڤدا کە هەموو دنیای بۆ لای گرفتە هەنووکەییەکانی ژیان لە نزمترین ئاستی خۆیدا پەلکێش کردووە . شۆڕشێك کە ئایدۆلۆژیك نییە و باس لە گرفتی لایەنێکی تایبەتیش ناکات. باس لە نەبوونی ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی و قۆرخکرانی ئازادییەکانی مرۆڤ دەکات .
لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا، بۆنی گۆڕانکارییەکان هەموو وڵاتی تەنیوەتەوە. دەسەڵات هەتا توانیویەتی ئازادییەکانی قۆرخ کردووە و نارەزایەتییەکانیش خەریکە کۆمەڵگا بەرەو تەقینەوە دەبات .
"دروستکردنی قەیران" و "سەرقاڵکردنی خەڵك" و "دروستکردنی دەستی دەرەکی" و لە نائاگاییدا هێشتنەوەی خەڵك ، ئیتر ئەو تێئۆرییانە نین، بەشی فریاگوزاریی سەرۆکایەتیی ئێران بە دەرخواردی خەڵکی بدات. تەنیا یەك چارە بۆ رژیم ماوەتەوە : بەجێهێشتنی دەسەڵات و هەڵهاتن بۆ دەرەوەی ئێران، بەڵام هیچ وڵات و دوورگەو شوێنێك لە جیهاندا نەماوە ، ئۆباڵی جینایەتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بگرێتە ئەستۆی خۆی. دادگا جیهانییەکان قۆڵیان بۆ سەپاندنی سزاکانیان بەسەر جینایەتکاراندا هەڵماڵیوەو ئەو ڕووداوانەی دوایینی "لیبی" و سزاکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش بۆ سەر "قەززافی" هێندەی دیکە

کۆمـــاری ئیســـلامیی تووشـــی قەیـــران و دڵەڕاوکـــێ کـــردووە. تەواوی سـەرکردە خـاوەن دەنـگە نارازییەکـانی نـاوخۆش تووشـی گـرتن و سـزادان بـوونەتەوە. هەموویـان بە تـۆمەتی خزمەتکـردن بە بێگـانە گیـراون یـان دەگیـرێن. "سـوپای پاسداران" تەواوی دەسـەڵاتی ئەمنـی و سیاسـیی قـۆرخکردووە و ئـابووریی وڵاتیشـی تووشـی گێـژاو کـردووە. لە راسـتیدا " کۆریـای بـاکوور" ئەو نموونـەیە دەبێـت، کە کۆمـاری ئیسـلامی داوای دەکـات: خـاوەنی چەکـی کۆمەڵکـوژ و مەترسـیدار بـۆ سـەر ژیـانی مرۆڤـایەتی و کەڵەگـایەك لە نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوینـدا، کە سـەرۆکایەتیی کۆمەڵگـای ئیسـلامی و نـــــاوچەی رۆژهەڵاتـــــــی نـــــــاوین بکـــــــات.

هەمـوو ئەو کەسـانەش بڕیـاری رێبەریـی وڵات بەڕێـوە نەبەن، یـان سەرکێشـی بـکەن، وەکـو "مووسـەوی" و "کەڕوبـی" و تەنـانەت "رەفسـەنجانی"ی کۆڵەکەی نیزامیـان لـێ بەسـەر دێـت. دادگاکـان ئیتر چرکەیەك بێکـار نـابن و خەریکە زیندانەکانیش پڕ دەبن و داواکـاری گشـتی فەرمـوویەتی ، پێویسـتمان بە زینـدانی زیـاترە. یـان لەوانەیە پەتـی سـێدارەی زیـاتر هەڵواسـن، ئەمەش چارەسـەرییەکی کەم خەرجتـــــــــــــــــــــــــــــــــرە!؟

لە راسـتیدا بە نەمـانی مۆرەی مـاری رژیـم) رەفسـەنجانی) و لابردنـی لە گۆڕەپـانی سیاسـیی وڵاتـدا و دەرکەوتنـی ئەو مـۆرە نهێنییـانەی کە "شـوورای نهێنـی رێبەریـی" وڵاتیـان پێکهێنـا بـوو ( واعیـز تەبەسـی و حەبیـب عەسـکەر ئەولادی و محمـد یەزدی و مەهـدەوی کەنـی و ...) قۆنـاغی دەرکەوتنـی سـیمای راسـتەقینەی نیزامـی ویـلایەت خـۆی پیشـــان ئەدات. خزمەتکـــار و گزیرەکـــانی مـــاڵی رێـــبەری کەمـدەکرێنەوەو بـازنەی دەسـەڵاتیش خـۆی لە قەیرانـی" چاکسـازی" دەربـــاز ئەکـــات. بـــاڵی ریفـــۆرمیش بەرەو نەمـــان دەڕوات و لە هەڵبژاردنێکـی داهـاتوودا – ئەگەر تەمەنـی حکـوومەت بڕبکـات –

یەکدەستکردن ئامانجی دەسەڵاتدارانە و ئەگەریش کەسانێکی بێجگە لە خۆیان بببەن تەنیا بۆ گاڵتە پێکردنە. قۆناغی تازە لە ئێراندا قۆناغی "مەرگی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراوی ناوخۆیی" و کوشتنی هەر چەشنە دەنگێکی ناساز لەگەڵ خواستی "ویلایەت" دایە. یانی لەم قۆناغەدا ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەیی دەبێ ئاڵتێرناتیڤی بەهێز و کارا بۆ رژیم دروست بکەن، بۆ ئەوەی زووتر بە چۆکیدا بێنن و گەلانی ئێران کەمتر تووشی زەرەر ببنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ دانووستانەکان لە نزمترین ئاستەکانەوە بۆ بەرزترین ئاستەکان دەست پێبکات. کورد دەبێ لەم قۆناغەدا بەرپرسیارانەتر هەڵسوکەوت بکات. "مەجلیسی ڕێبەریی کاتی"بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان پێك بێنێ و جەماوەری کوردستانیش بەو کردارە بەرپرسیارانەی خۆی دڵگەرم بکات. دەبێ ڕای جەماوەری کوردستان –بە تێئۆریزە کردنی داخوازەکانیان– بۆلای خۆی رابکێشێ و بۆ ئەو مەبەستەش پێگەیەکی جەماوەری و تەلەفزیۆنێکی میللی و پێگەی ئینتێرنێتی تایبەت بە بەرەی کوردی دابمەزرێ، کە لە میدیای حیزبی جیابکرێتەوە. دڵنیام ئەم کردارەی ئێمە دەبێتە هۆی دڵگەرمیی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش کە هەمیشە وەك پێشڕەوی خۆیان لە خەباتی خەڵکی کوردستانیان ڕوانیوە. لەم قۆناغەی دواییندا دەبێ خۆمان و هێزەکانیشمان بۆ پێشوازیکردن لە نەوەی تازەی خەبات ئامادە بکەین و تەنانەت بە دروستکردنی "سوپای میلیی کوردستان "و "بەرەی دانووستانکاری کورد" زیانەکانی رابردوومان قەرەبوو بکەینەوە .یانی دەبێ کۆدەنگییەك دروست بکەین و داهاتووی خۆمان بە جوانترین شێواز بنەخشێنین.

ڕێکەوتی نووسین: پێش مانگی شوبات

# ڕۆژی دیالۆگی نیشتمانی




ڕۆژ و یادە مێژووییەکان ئەو ڕۆژانەن کە خواستەکان و شادییەکانی ژیانیان دروست کردووە. ئێمەی کورد بە داخەوە ڕۆژی شیرینی نەتەوەییمان کەمە و ڕۆژە ناخۆشەکانیشمان زیاترە لە دانەدانەی ڕۆژەکانی ساڵ. لە ڕاستیدا بۆی هەیە بۆ جارێکیش ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، کێن ئەوانەی ئەم ڕۆژانەیان بەسەر مێژوومانردا سەپاندووە : دوژمنان یان خۆمان؟ خۆ لەوانەیە لە ڕۆژێکدا منی هاوڵاتیی کورد بە هۆی کێشەیەکی بچووکی خۆمەوە، یان بە هۆی ئەوەوە تۆڵە لە کەسێك بکەمەوە ،

کارەساتێکی نەتەوەیـیم خولقانـدبێ و دوور نیـیە لەم رووداوانەمـان زۆر بن و بەڵام بۆ جارێکیش پرسیارمان لەخۆمـان نەکـردووە، بۆ دەبـێ لەبەرانـبەر ئەو هەڵە گەورانەی منـی تاکـدا حکـوومەت و دەسـەڵات و حیـزب بەرپرسـیار بـن؟

لە راستیدا ئەم پرسیارە منـی هاندا دوو شریتی تەکنۆلۆژیـای فکرتـان پـێ بناسـێنم کە ئامریکاییەکـان وەك گەورەتـرین و هۆشـیارترین نەتەوەی گۆی عەرز، تەنیا بە مۆسیقا دایاننـاوە و باسـی دارشتنەوەو لەخەو هەڵساندنی نەست و دەروونـی مرۆڤ دەکـات و ناویـان لێنـاوە: خۆمـان بـۆ سـەرکەوتنە مەزنەکـان پرۆگرامسـازی بکەیـن! ئەوان وەکو نەتەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار، بەردەوام پرۆگرامـی نەستی خۆیـان نـوێ دەکەنەوەو بەرەوپیری خواستەکانیان ئەچـن و دروێنەیان ئەکەن، چونکا لە زەینـی خۆیاندا پێشکەوتن و دەسکەوتیان گەڵاڵە کـردوە. ئەوان نەتەوەیەکـن چـاوی خۆیـان لە ئاسـتی بەرپرسـیارێتییەکاندا نـانووقێنن. ئەوان سـەرکەوتن و هۆشـیاری دەچێـنن و بەبەردەوامـیش خاوەنـداریێتیی ئەکەن.

لە ئامریکـایەکی 500 ساڵ مێـژوودا، کە لەبەرانبەر مێژووی چەنـد هەزارساڵەی ژیـانی کوردەکاندا هیچ نییە، هێنـدە بۆنە و یـادکرنـەوەی سـەرکەوتنەکان و شـادییەکان nژیـان هەیە، یەك بە هەزاری ئەو رێـژەیە رۆژی نـاخۆشdان نیـیە. لە راسـتیدا ئەوان وڵاتـی ژیـان و وەدیهـاتنی خەونەکـانی مرۆڤیـان دروستکردووە و بۆیەیش هیچکـات خەڵکی ئامریکامـان نەدیوە، بەو رێژەی لە وڵاتـانی دیکە هەیە داوای ئیقـامەی وڵاتێکـی دیـکەی کردبێـت،

ئـێمەی کـوردیش بە(نـا گوتنەکانمـان بە سـەرکەوتن) ئیشـی زۆر خراپمـان کـردووە. خراپەمـان لەگەڵ خۆمـان کـردووە. مێژوومـان بەسـەر خۆمانـدا رووخانـدووە و ژیانمـان بە ئـاوەژوویش رادەسـتی نەوەی تـازە کـردووە.

"میکێل ئانژ" ی هونەرمەند لە شوێنێکدا خەریکی جوولاندنی بەردێکی گەورە بوو کە نەیدەتوانی بە باوەش بیبات و بە دەست و قاچ خەریکی تلاندنی بوو تا بیگەیەنێ بە کارگەی پەیکەرتاشییەکەی خۆی. دۆستێکی لەو کاتەدا پێیدەگات و بە پێکەنینەوە لێی دەپرسێ :
ئەوە چی ئەکەیت لەو بەردە؟
"میکێل ئانژ"لە وەڵامدا ئەڵێ : فریشتەیەکی زۆر جوان لە ناو دڵی ئەم بەردەدایەو من تێدەکۆشم لە ناخی ئەو بەردەوە دەریبێنم. دۆستەکەی تێر پێی پێدەکەنێ و بە جێی دێڵێ. پاش چەند مانگ بە سەردان دەچێتە کارگەکەی ئەوو چاوی بە شتێك دەکەوێ تووشی سەرسورمانی دەکات .
دەبینێ پەیکەرەی فریشتەیەك بە باڵی کراوەوە لەسەر سەکۆیەك وەستاوە.لە "مێکل ئانژ" دەپرسێ: کێ ئەمەی بۆ هێناوی ؟
"میکێل ئانژ"ئەڵێ: ئەمە فریشتەی ناو دڵی ئەو بەردە بوو، کەچی کۆمەڵێك لەمپەڕ لە بەردەمیدا بوو نەیدەهێشت خۆی پیشان بدات. بەڵام فریشتەی ناو دڵی حکوومەتی کوردستانیش ئەگەر نەیتوانیوە بە تەواوەت دەربکەوێ و خۆی پیشان بدات، ئەوە لە راستیدا خەتای هەموومانە و هەموان لێی بەرپرسیارین .
ئیتر لەم قۆناغەدا دەبێ لە جێگای داواکردنی شکاندنی بەردەکە، کە فریشتەکەشمان لەکیس دەدات، با پێکەوە داوا و پلاتفۆرمەکانمان لەسەر یەك دابنێین و فریشتەیەك و رۆژێکی مێژوویش بخولقێنین. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم داوای ئەوە ئەکەم " رۆژی نەتەوەیی دیالۆگی نیشتمانی" دروست بکەین و هەموو ساڵێکیش یادی بکەینەوە و دەست لە لادان لە یاساکانی خۆمان کە باوەڕمان پێیەتی و خوێنیشمان بۆی داوە هەڵگرین. دە با ئەو لادانانە نەفرین بکەین کە بەرهەمیان دەکاتە توندو تیژی و خوێنڕشتن و پێشێلکردنی بەها ئینسانییەکان و بەفیڕۆدانی سەرمایەو دەسکەوتەکانی ماڵی کورد.

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژی جوان و ڕۆژی شادی و مێژوویەکی شارستانییانە بە ئاکاری شارستانییانەوە بۆ خۆمان دروست بکەین.ئەو ئاکارانەی دەبنە پێناسەی تۆ لای گەلانی زیندووی جیهان.

## ناسیۆنالیزم و پرسیار!



چ بکەین ناسیۆنالیزمی کورد و مۆدیرنە پێکەوە گرێ بدەین؟ کەی دەتوانین بەرەو پوختبوون هەنگاو هەڵبگرین؟ ناسیۆنالیزمی کرچ و کاڵی ئێمە کەی دەتوانێ ببێت بە شوناسێکی گشتگیر، کە هەموو نەتەوە وەك یەك پەیکەرە سەیر بکات؟ ناسیۆنالیزمی سیاسیی کورد بۆچی بەناوی ئایدۆلۆژیا لاوازکەرەکانی خۆیەوە هەڵواسیوە؟

گەورەترین ئایدۆلۆژیا سەرکوتکارو دژبەرەکانی ناسیۆنالیزمی کورد ( سۆسالیزم و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی) ن .
بۆچی نەتەوایەتیی کورد هەڵوێستی لەبەرانبەر ئەم دوو مەعریفە لاوازکەرەوەی خۆیدا نییە و بە شانازیشەوە ملکەچبوونی خۆی بۆ ئەوان دووپات ئەکاتەوە؟
ئایا ئێمە هێندەی بە تەکنۆلۆژیا و ئامراز و بەرهەمەکانی مۆدێرنەوە خۆمان هەڵدەکێشین توانیومانە مەعریفەو رۆحی مۆدێرنیتە لە ناخی خۆمانەوە تا کۆمەڵگا پەرە پێبدەین؟
ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کە پێویستە لەم سەردەمی بیرکردنەوەیەدا (لە خۆمان و چارەنووسی خۆمان و خۆدەربازکردنمان لە قەیران بەرەورووی خۆمانی بکەینەوە!
ئێوەی بەڕێز ڕاتان چییە؟

..............................................................

وەرگیراو لە فەیسبووکی خۆم

# تاکە ڕێگا، بۆ کورد

"تاکە ڕێگای بەردەستی ئێمە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆمان بریتییە لە فراوانخوازی"ئەمە وتەی (جان لویس گادێز)ی ستراتیژیستی ئەمریکاییە.
پرسیارەکە لێرەدایە: تۆ بڵێی کورد بە پاڕانەوە ئەبەدییەکەیەوە چی بکات؟!
ئەگەر دەیەوێ ببێ بە دۆستی ئامریکا،چ ڕێگایەکمان لە پێشدایە؟ خۆ دەبێ هەڵمەتەکانی ئەوانیش تاقی بکەینەوە!؟
ئیسڕاییلیە¬یەکان تەنانەت لە ئاسەواری دینی و پیرۆزییەکانیشیاندا چەشنە هەڵمەتێکی فراوانخوازی بوونی هەیە. ئەوان بەم هەڵمەتەوە مێژوویەکیان بۆ خۆیان لە ناو ئەو هەمووە دوژمنەدا دروستکردووە: مێژووی هەرمان، کە مێژووی مانەوە و گرێنتیی نەوەکانیان بۆ هەتا هەتایە.ئەوان تەنانەت خواوەندیشیان بێجگە لەوەی لە نەتەوەکانی دیکە دابڕاند و لە ماڵۆچکەیەکی بچووکدا پەیماننامەیەکی مۆرکراویشیان لەگەڵ مۆر کرد و شاردیانەوە، گرێنتیی ئەوەیشیان لە خواوەند وەرگرت، نابێ دەست لە ئێمە بۆ ئەوانیدی بەربدەی.
ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ: بۆ مانەوەمان پێویستە لە پلاندانان و دروستکردنی کاراکتەری ڕۆحی و نەتەوەیی بەهێزدا هۆشیار و هاوهەنگاو بین. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە فراوانخوازی لە دووتوێی کاڵایەکی بچوکی وەکو ساردییەکدا خۆی بە ناو هەناوی هەمووماندا دەکا، وەستان و لە جموجۆڵ¬کەوتنی نەتەوەیەك بە

مانـــایی مردنـــی ئەو نەتەوەیە. باســـکردن لە کـــۆمەڵە بابەتێـــك زۆر گرنگن کەچی لە بیرەوەری ئێمەدا بێبایەخ کراون. ئێمە لە دۆخێکدا راگیـراوین کە بە زەوقـی کەسـانی دەرەوەی بـازنەی ناسـیاریی ئـێمە بـووەو شـیکاریی باسەکانیشـمان بەو ناسـیارییەوە کـردووە. هەر ئێسـتایش خەریکـی دارشـتنی چەشـنە پلانێکـی دژبەیەکـین کە لە نـاوخۆدا هێزەکانمـان کـز دەکـات و لە دەرەوەی بـازنەیش حەسـێبێکی ئەوتۆمـان لەسـەر نـاکەن. بە رای مـن دەبـێ ناوەنـدێکی سـەرتر لە حیـزب و گرووپەکـان لە ناومانـدا بە قەنـاعەتەوە سـەرهەڵبدات، کە تەنیا دەمارێك تێیدا ئـاوبخواتەوە: دەماری بەرینکردنەوەی دەسـەڵات و هەژموونی نەتەوەیی!

ئەگەر خوازیـاری ئەوەیـن ژیانمـان بگـۆڕین، لە نەتەوەیەکـی ملشۆڕەوە دەبێ بگۆڕدرێین بۆ میللەتێکی لـووت بەرز. با شتێشمان لەسەر بوترێ!؟

چارەمان نیە و دەبێ دۆست و هاوپەیمانەکانیشمان بگۆڕین.

قســـەیەکی زۆر جـــوان هەیە کە لە کتێبەکـــانی (رازەکـــانی سـەرکەتن:موفقیت)دا بەرچـاوم کەوتـووە، ئەڵـێ: ئەگەر دەتـهەوێ سـەرکەوی، هاوقەدوباڵاکانـت بگـۆڕە! ئـێمەیش دەبـێ لە بیـرو کرداروەوە دەست پێبکەین تـا بە پێـوانەو ئاکـامی نـوێتر دەگەیـن. یـانی ئەبـێ بـاڵای کـورد بەرزتـر و ئـاڵای کـورد شـەکاوەتر و قورسـایی کەسایەتی نەتەوییمان بەرزتر لە جاران رابگرین.

....................................................................

چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەی نووسەر بن:

1- کۆمەڵە رۆمانی: شتێك هەیە ئێمەین... چوار بەرك بەرگی یەکەم لە ساڵی (2009) وە ئامادەی چاپە و ناوی: "چیرۆکەکانی ژێرباخەڵی خواوەند"ە.

2- کتێبێکی قەبارە گەورەی (فکری – فەلسەفی) چەند سەد لاپەڕەیی لەژێر ناوی:
"نەوەی سپی"
خوێندنەوەیەکی ئێستایی بۆ کورد وحیکایەتە جیاوازەکانی سەردەم

3- ناسیونالیسم علیه پان ایرانیسم... واتە: ناسیونالیزم لە دژی پان ئێرانیزم - کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەخرێتە بەر دیدی خوێنەر.